وتاری بەڕێز ماموستا عەلی باپیر
ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامیی لە کۆنگرەی یەکەم دا



کار و پرۆژەی ئیسلامیی مان

ئاوڕدانەوەیەك لە ڕابردوو
سەرنجدانێکی واقیعی ئێستامان.
لە داهاتوودا چی بکەین و چۆن بکەین؟!



وتــاری بەڕێــز مامۆسـتا عەلـی باپیـر
ئەمـیـری کۆمـەڵی ئیسـلامـیی لـە کۆنگـرەی یەکـەم دا

کــار و پڕۆژەی ئیسلامییـمان

1- ئاوڕدانەوەیەك لە ڕابردوو.
2- سـەرنجدانێکـی واقیعـی ئێسـتامان.
3- لە داهاتوو دا چی بکەین و چۆن بکەین؟!

1427ك–

پێشـــکەش بێ

بە ســەرجەم دۆست و لایەنگرە ئیشکەر و مشورخۆر و دڵســۆز و لێبــڕاوەکانی کۆمەڵی ئیسلامیی،بە دێرین و تازە ودرشت و وردەوە.

بسم الله الرحمن الرحيم

﴿ قُلْ هَـذِهِ سَبِيلِي أَدْعُـو إِلَى اللّهِ عَلَى بَصِـيرَةٍ أَنَـا
وَمَنْ اتَّبَعَـنِي وَسُـبْحَانَ اللّهِ وَمَا أَنَاْ مِنَ الْمُشْـرِكِينَ ﴾

(يوسف –108)

ئەم نامیلکـەیە :
بەڕێـــزان ...
ئەندام و لایەنگرانی کۆمەڵی ئیسلامیی !

ئەم نامیلکەیەی بەر دەستتان بریتییە لەو دوو وتارەی کە بەندە لە سەرەتا و کۆتایی یەکەمین کۆنگرەی (کۆمەڵی ئیسلامیی)دا پێشکەشی ئەندامانی کۆنگرەم کردن[1]و، هەوڵم داوە سەرجەم دید و بۆچون و ڕێڕەوی و ئاڕاستەکانی خۆمیان - کە بۆ ئەم قۆناغ و هەل ومەرجەی ئێستای کارو پڕۆژەی ئیسلامیی مان پێویستن – تێدا بخەمە ڕوو.

بۆیە بە پێویســتی دەزانم و لە سەرتانی پێویست دەکەم کە هەر کامێکتان زۆر بە وردی تێبینی بکات‌و بە نێوەڕۆکەکەشیەوە پابـەند بێ و ڕەفتاری پێ بکات‌و دەوروبەری خۆیشی پێ پەروەردە بکات .

دڵنیاشم هەرکەسێك نێوەڕۆکی ئەم نامیلکەیەو نامیلکەی: (بنەما شەرعییەکان‌و هێڵـە گشتییەکانی کۆمەڵی ئیسلامیی) باش فام بکات و هەزم بکات بە تەواوی بەرچاوی ڕۆشـــــــن دەبێتەوە لە بارەی بەرنامەی فیکریی‌و پەروەردەیی‌و سیاسیی کۆمەڵ و دەزانێ کە ئێمە (کۆمەڵی ئیسلامیی) کێین و چین و چی دەکەین و چیمان دەوێ ؟!![2]

لە خوای بەخشەر و بە بە بەزەییش دەپاڕێمەوە کە هەقمان بە هەق و ناهەقمان بە ناهەق بخاتە بەر چاوو پێ بناسێنێ و یارمەتیشمان بدات کە بەهەقەوە پابەند ببین و لە ناهەق دوور بین و لەسەرجەم هەنگا وو هەڵوێست و هەلس و کەوتەکانی ژیانی تاکیی و خێزانی و کۆمەلایەتیمان دا .

رۆژی جومعە (19)ی ڕەبیعی دووەمی (1427)ی کۆچی
(21)ی مایسی (2006)ی زایینی
هــەولێر

---

(1) کە لە ڕۆژانی (9 و 10 و 11) مانگی (11) ساڵی (2005) بەسترا .
(2) سوپاسیش بۆ برای بەڕێزمان کاك مەلا بیـلال – بەرپرسی بەشی ڕاگەیاندنی مەکتەبی ئەمیر – کە هەردوو وتارەکەی لە کاسێتەوە هێنایە سـەر کاغەز .

وتـــاری ســــەرەتای کۆنگرە

بسم الله الرحمن الرحيم

ان الحمد لله، نحمده ونستعينه ونستغفره ونستهديه ونعوذ بالله من شرور انفسنا و من سيئات اعمالنا، من يهده الله فهو المهتد ومن يضلل فلا هادي له، واشهد ان لااله الا الله وحده لاشريك له واشهد ان محمداً عبده و رسوله ﴿يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ وَلاَ تَمُوتُنَّ إِلاَّ وَأَنْتُمْ مُسْلِمُونَ﴾، ﴿يَاأَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالاً كَثِيرًا وَنِسَاءً وَاتَّقُوا اللَّهَ الَّذِي تَسَاءَلُونَ بِهِ وَالأَرْحَامَ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا﴾،﴿ يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَقُولُوا قَوْلاً سَدِيدًا، يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَالَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَمَنْ يُطِعْ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا﴾

امّا بعد فأن اصدق الحديث كتاب الله وخير الهدي هدي محمد ﷺ و شر الأمور محدثاتها، ان كل محدثة بدعة، و كل بدعة ضلالة، و كل ضلالة في النار.

بەڕێزان ئەندامانی یەکەمین کۆنگرەی (کۆمەڵی ئیسلامیی) برایان، خوشکان !، (السلام عليكم ورحمة الله وبركاته)پیرۆزبایی گەرم وگوڕ لە خۆم و لە هەموو لایەکتان دەکەم بە بۆنەی گرێدانی یەکەمین کۆنگرەمانەوە، وە لە خوای گەورە داواکارم ئەم کۆنگرەیەمان– کە وەك پێشتر گوتومانە هەرجۆرە کۆبوونەوەیەکی مسوڵمانان کە بە زاراوی هاوچەرخ چ ناوی لـێ بنرێ (کۆنگرە) چ (کۆنفرانس) چ (کۆبوونەوەی گشتی) چ (کۆبونەوەی سەرکردایەتی)لە هەر

ئاستێك دابێ، هەموو كۆبوونەوەكانی مسوڵمانان بریتین لە پراكتیزە كردنی فەرمایشتی خوای كاربەجێ كە دەفەرموێ: (وامرهم شورى بينهم) واتە: كاروباری ئەهلی ئیمان بە ڕاوێژە، بە لێكۆڵینەوەو پرس و ڕا بە یەكترکردنە جا لە خوای بەرز و مەزن داواكارم كە ئەم كۆنگرەیەمان و پرس و ڕا بە یەكتر كردنەمان وا لـێبكات كە بەرەكەت دار بێ و بە شێوەیەك بێ كە لە لای خوای بە بەزەیی قبووڵ بێ، وە بۆ بەندەكانی خوا بەرهەمدار بێت، بێگومان هەر كارو كردەوەیەكیش وابوو كە لە لای خوا مەقبوڵ بێ، بۆ بەندەكانی خوا و خەڵكی خواش بەسوود دەبێت، ئینجا كارێكیش لای خوا وەرگیراوە كە لە سەر بناغەی تەقوا و پارێز بنیات نرابێ، بۆیە ئومێدم وایە هەر كام لە ئێمەو بە كۆمەڵیش هەمووومان بناغەی ئەم كارەمان ، بناغەی ئەم كۆبوونەوەو كۆڕ و كۆنگرەیەمان بریتی بێ لە پارێزكاریی و هەوڵدان بۆ خوا لە خۆ ڕازی كردن، خوای بەخشەریش بەڵێنی داوە كە كار و كردەوەی ئەهلی تەقوا قبوڵ دەكات، وە تەنیا كارو كردەوەی ئەهلی تەقواش قبوڵ دەكات وەك دەفەرموێت:﴿قَالَ إِنَّمَا يَتَقَبَّلُ اللَّهُ مِنْ الْمُتَّقِينَ﴾ (المائدة -27) وە بەر لەوەی بێمە سەر وتارەكەم لە خوای بەخشندە دەپاڕێمەوەو دەڵێم: خوایە بە ناوەچاكەكانت و بە سیفەتە هەرە بەرزو پەسندەكانت لێت دەپاڕێینەوە كە پلە و پایەی شەهیدەكانمان بەرزو بەرزتر بكەی خوایە بە لوتف و كەرەمی خۆت زیاتر لەوان ڕازی بی، پلەكانیان زیاتر بەرز بكەیەوە، وە ئەو خوێنەش كە ئەوان ڕشتوویانە بەرەكەتی زیاتری تێ بخەی بۆ كاری ئیسلامیی مان، وە پاداشتی چاكتریش بدەیەوە بە هەموو لایەكمان وبە تایبەتیش بە كەسوكاریان، وە سێبووریی و ئارامیی و سەكینەتی زیاتریش بەسەر دڵی هەموو لایەكماندا بڕێژی، وە ئیمەش یارمەتی بدەی كە درێژە بەو ڕێبازە بدەین كە ئەوان گیانی خۆیانیان لە پێناودا بەخشی كە بریتییە لە ڕێبازی پێغەمبەری پێشەوا محمد المصطفى ﷺ، وە خوایە لێت

دەپارێینەوە بە ناوە هەرە چاکەکانت و سیفەتە هەرە بەرز و پەسندەکانت کە لە کەم و کوڕییەکانمان ببووری، وە عەیب و ناتەواویەکانی خۆمانمان پێشان بدەی وە یارمەتیمان بدەی کە ئێستا و داهاتوومان لە ڕابردوومان چاکتر و گەش و ڕوونتر بێت ﴿ رَبَّنَا لاَ تُؤَاخِذْنَا إِنْ نَسِينَا أَوْ أَخْطَأْنَا رَبَّنَا وَلاَ تَحْمِلْ عَلَيْنَا إِصْرًا كَمَا حَمَلْتَهُ عَلَى الَّذِينَ مِنْ قَبْلِنَا رَبَّنَا وَلاَ تُحَمِّلْنَا مَا لاَ طَاقَةَ لَنَا بِهِ وَاعْفُ عَنَّا وَاغْفِرْ لَنَا وَارْحَمْنَا أَنْتَ مَوْلاَنَا فَانصُرْنَا عَلَى الْقَوْمِ الْكَافِرِينَ﴾ (البقرة 286)

آمین .

بەڕێزان من وتارەکەی خۆم لەژێر ناونیشانی:

(کارو پڕۆژەی ئیسلامیی‌مان ... رابردوو ئێستا و داهاتووی)دا پێشکەشی ئێوەی بەڕێز دەکەم .

وە وتارەکەم کردوە بە سێ تەوەرە :

یەکەم : ئاوڕدانەوەیەك لە ڕابردوو.

دووەم : سەرنجدانێکی واقیعی ئێستامان .

سێیەم : لە داهاتوودا چی بکەین چۆن بکەین ؟

تەوەرەی یەكەم: ئاوڕدانەوەیەك لە ڕابردوو

بەڕێزان ژیانی هەرئینسانێك، وە ژیانی هەر كۆمەڵێك و میللەتێك دابەش دەبێت بۆ سێ قۆناغ، قۆناغێك كە ڕاییواردووە گوزەراندوویەتی و تێپەڕ بووە، وە قۆناغێك كە ئێستا تێیدایە و، قۆناغێكیش كە دادێت .

دیارە ئەو سێ قۆناغە كاریگەرییان لەسەر یەكتر هەیە، رابردوو كاریگەری هەیە لەسەر ئێستا، ئێستاش بناغەیە بۆ داهاتوو، بیر كردنەوە لە داهاتووش كار لە ئێستا دەكات، هەركەسێك نەزانێ لە ڕابردوو دا چی كردوە نازانێ ئێستاش چی بكات ! وە نازانێ بۆ سبەینێش چی بكات و چۆن بكات !

لەبەر ئەوە پێویستە ئێمە وەك (كۆمەڵی ئیسلامیی) چاوێكی جیددی بە رابردووی خۆمان دا بكێڕینەوە، دیارە من لێرەدا نامەوێ بچمە ناو درێژە (تفاصیل) ی وردەكارییەكانی ڕابردوومان، نە كاتەكە دەرفەت بەوە دەدات وە نە پێویستیش دەكات، بەڵكو بەشدار بووانی بەڕێز دەتوانن قسە لەسەر هەر بابەت و وردەكارییەك بكەن ئەگەر پێویستی كرد، من لە چەند خاڵێكی سەرەكی دا كە (7) خاڵن ئاماژە بۆ ئەو مەسەلەیە دەكەم و ئاوڕدانەوەو چاوپێداگێڕانەوەی ڕابردوومان دەخەمە ڕوو:

خاڵی یەكـەم : ڕەگ و ڕیشـەی مێـژوویی مان:

بەڵێ كۆمەڵی ئیسلامیی لە ڕۆژی (31 / 5 / 2001 ز) بە ناوی كۆمەڵی ئیسلامییەوە خۆی ئیعلان كرد، بەڵام هەموو لایەك دەزانین كە (كۆمەڵی ئیسلامیی) ئەو كاتە لە دایك نەبوو و پەیدا نەبوو كە ناوی لە خۆی نا (كۆمەڵی ئیسلامیی) بەڵكو ڕەگ و ریشەیەكی دوور و قووڵی هەیە لە مێژووی كار و پرۆژەی ئیسلامیی كە لە كوردستان دا بووە.

یەکەمین ڕەگ و ریشەی کار و چالاکی (کۆمەڵی ئیسلامیی) دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (1978 ز) کە بۆ یەکەمین جار وەك نێوکێکی ڕێکخراوەیی (نواة تنظیمیة) جم و جۆڵێك پەیدا بوو کە دواتر ناوی لێنرا (بزووتنەوەی پەیوەندیی ئیسلامیی/ حــرکة الرابطـــة الاسلامیة) وە بەشێك لەوانەی کە ئێستا هەن لەم (کۆمەڵی ئیسسلامیی)یەدا خەڵکی ئەو کاتن، چ لە ئاستی قیادە دابن، چ لە ئاستی کادیر و ئەندامان دابن، کەسانێکن کە لەو کاتەوە لەگەڵ ئەم کاروانە ئیسلامییەدا بوون.

ئەوە لە قۆڵێکەوە، لە قۆڵی دیکەشەوە ئەوە بوو کە (بزووتنەوەی پەیوەندیی ئیسلامیی) لە ساڵی (1987) ناوەکەی گۆڕدرا بۆ (بزووتنەوەی ئیسلامیی/ الحرکة الاسلامیة) دوای ئەوەی کە ژمارەیك خەڵکی دیکەی هاتە نێو لە سەرجەم شارو ناوچەکانی کوردستانەوە.

دواتر لە ساڵی (1999ز) ئەوە بوو کە بزووتنەوەی ئیسلامیی لەگەڵ (بزووتنەوەی ڕاپەڕینـــی ئیســـلامیی) کە ئەویش لە ساڵی (1992ز)دا ڕاگەیەنرابوو، وە پێشتر بەشێك بوو لە (برایانی مســـوڵمان/ الاخــوان المسـلمون)، بەڵێ جا هــەردوك بزووتنەوەی ئیسلامی و بزووتنەوەی ڕاپەرینی ئیسلامیی یەکیان گرت و (بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامیی) پێکهات کە لە مانگی (8) ی ساڵی (1999) دا ئیعلان کرا .

پاشان لە یەکەمین کۆنگرەی (بزووتنەوەی یەکبوونی ئیســـــلامیی)دا کە ئەویش لە مانگی (8) ی ساڵی (2000)ز لە تەوێڵە دا بەسترا، (کۆمــــەڵی ئیسلامیی) ئێستای لــێ پێکهات .

کەواتە لە ڕاستی دا (کۆمەڵی ئیسلامیی) ڕەگ و ریشەکەی قووڵ بۆتەوە، چ وەك ئەو ڕەوتەیان تەماشای بکەین کە زیاتر ناوی جیهادیی و لایەنی چەکداریی لێنراوە هەرچەندە ئەو ڕەوتەش کاری ڕێکخراوەیی و ڕاگەیاندن و کۆمەڵایەتی و کاری سیاسیی و دیبلۆماسیشی هەر کردوە، وە چ

ڕەوتەکەی دیکە کە وەك ئاماژەم پێکرد بەشێك بوو لەو جم و جۆڵەی کەلە کوردستان دابوو بە ناوی (برایانی مســــولْمان)، مانای وایە (کۆمــەڵی ئیسلامیی) ڕەگ و ڕیشەکەی قووڵە، بەڵێ وەك ناو لە (31/5/ 2001) هاتە ئاراوە، بەڵام وەك نێوەڕۆك و ڕەگ و ڕیشەکەی قووڵ بۆتەوە، واتە لەو ڕۆژەوە لە دایك نەبووە کە ناوی (کۆمەڵی ئیسلامیی)لـێنراوە بەڵکو زۆر لەوە پێش هاتۆتە ئاراوە و ئەسپی خۆی لە مەیدانی دینداریی و کاری ئیسلامیی دا تاو داوە.

خاڵی دووەم: هـەل و مەرجی ســەرهەڵدان و ئیعـلان کرانی (کۆمـەڵی ئیســـلامیی):

همموو لایەك ئاگادارین کە لە کۆنگرەی یەکەمی (بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامیی)دا کە ئامانج لە بەستنی ئەوەبوو کە کۆمەڵێك کێشەو گرفت هەبوون لە نێو (بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامیی)دا وە پێشتریش لە نێو بزووتنەوەی ئیسلامیی دا کە پێویست ناکات باسی هیچ کەس بکەم و ناوی هیچ کەس بێنم، بەڵێ جا لە کۆنگرەی یەکەمی (بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامیی)دا بڕیار درا کە هەموو لایەك بە بڕیارەکانی کۆنگرەوە پابەند بین بۆ ئەوەی ئەو گرفت و کێشانەی کە زیاتر ئەوان پالیان پێوە ناین کۆنگرە ببەستین، چارەسەر بکرێن، بەڵام ئەوە بوو دوای دەرکەوتنی ئەنجامەکان هەندێك کەس بەو ئەنجامانەوە پابەند نەبوون وئامادە نەبوون پابەند بن بەو مەرج و بەڵێنانەوە کە هەموومان لەسەریان پێکهاتبووین، بۆیە ئەوە بوو کە ئەو تەوژمە کە زۆربەی هەرە زۆری (بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامیی) ئەوسای پێك دەهێنا چ لەسەر ئاستی قیادە چ لەسەر ئاستی قاعیدە و بنکەکانی هێزی پێشمەرگە و ئۆرگانەکانی ڕێکخستن و کاری جەماوەریی،

خۆیان ناچار بینی کە لە ڕۆژی (2001/5/31) خۆیان ئیعلان بکەن بە ناوی (کۆمەڵی ئیسلامیی) چونکە ئەو کات ئێمە چوار ڕێمان لە پێش بوون جا وەك نوکتەیەکی خۆش بۆتان دەگێڕمەوە: ڕۆژێك لەو سەرو حەددەدا برایەك هات بۆ لام وگوتی: فلان کەس ئێمە سێ (3) ڕێمان لە پێشن، هەستا بە قەڵەمێك سێگۆشەیەکی دروست کرد و گوتی: لایەکی سێگۆشەکە ئەوەیە دابنیشین و واز بهێنین، لایەکیشی ئەوەیە بێ دەنگ بین (بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامیی) بەم شێوەیە بڕوات کە هەیە واتە کارکردن بەبێ پرس و ڕاو بێ بەرنامەیی و بێ سەرەوبەرەیی لایەکەی دیکەشی ئەوەیە جیا ببینەوە!

منیش گوتم: جا کاکە وەك تۆ دەڵـێی ئێمە عاسێ بووین! نەخێر ئێمە بەدیلێکی دیکەی چوارەمان هەیە، ئەویش ئەوەیە کە ئێمە دەڵێین ئەوانەی ئامادە نین پابەند بن بە ئەنجامەکانی کۆنگرەوە و بە ئیمزا و بەڵێنەکانی خۆیانەوە ئەوە جیامان کردنەوە! ئێمە هەر لە شوێنی خۆمانین وەك (بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامیی) ناو لە خۆمان دەنێین کۆمەڵی ئیسلامیی بۆ ئەوەی لەو هەڵەو کەم و کوڕی (سلبیات)یانەی هەبوون بتوانین خۆمانی لێ بەری بکەین، وە لەسەر ناویش مشت و مڕمان نەبێت چونکە گرنگ نێوەڕۆکە، بەڵێ ئێمە لە شوێنی خۆمان دەمێنینەوە و ئەوانەی کە نەگونجان و پابەندی بڕیارەکان نین ئەوانە جیادەکەینەوە ! کە بێگومان دەزانن و ئاگادارن وامان کرد .

خاڵی سـێیـەم : بنـاغـەی کاری (کۆمەڵی ئیسـلامیی) :

ئێمە ئەو کاتەی کە کۆمەڵی ئیسلامیی مان ڕاگەیاند بەڵکو بەر لەوەش ئێمە وەك ئەوانەی کە مشوور خۆر بووین و دەرچووی کۆنگرە بووین هەستاین لە نێو خۆماندا چەندین کۆبوونەوە و وتووێژ و قسەو باسمان ئەنجامدا ئەوەبوو

که لەسەر (25) خاڵ پێکهاتین، ئەو خاڵانەش دیارە من نووسینم کە لەگەڵ برایانی مشـــوور خۆر و ئەوانەی کە بەتەما بووین بەیەکەوە (کۆمەڵـــی ئیســـــلامیی) ڕابگەیەنین دانیشتین و لەســـەریان ڕێککەوتین بە هەندێك دەســـــتکاری و سەنگ و سووکی، کە ئەوە بوو خاڵەکان بە ناوی (بنەما شەرعییەکان و هێڵە گشتییەکانی کۆمەڵی ئیسلامیی) بڵاوکرانەوە .

جا ئەوەتان بۆیە بیر دەخەمەوە کە هەموولایەك بزانین (کۆمەڵی ئیسلامیی) کاتی خۆی کە بنیات نرا و ڕاگەیەنرا ، دیارە کۆمەڵێك بناغە و بنچینە هەبوون ئەو خەڵکە لەسەری پێکهاتبوون ئێستاش دەبێ ئەو بناغەو بنچینەو بنەمایانەمان هەر لەبەر چاو بن ، بەڵێ دەتوانین کەم و زیادی و گۆڕانکاری یان تێدا بکەین، بەڵام گرنگ ئەوەیە کە ئەو خاڵانە هەر لە شوێنی خۆیانن تاکو ئەندامانی (کۆمەڵی ئیسلامیی) کە لەم کۆنگرەیەدا بەشـداری چاویان پێدا دەگێڕنەوە .

خاڵی چوارەم: ئەو ئاستەنگ و گرفتانەی هاتنە ڕێی (کۆمەڵی ئیسلامیی) و توانی سەربەرزانە هەڵیان بوێرێ :

ئێمە لە ڕابردوودا کۆمەڵێك کێشەو گرفتمان هاتوونە پێش، جـا لێرەدا هەم ئاماژەیەك بەوان دەکەم، هەم بە هەڵوێســـت نواندنی (کۆمەڵـــــــی ئیســـــلامیی)ش لە بەرانبـــــەریاندا، کە پێم وایە تا ئەندازەیەکـــی زۆر هەڵوێستێکی شەرعییانە و ئیجابییانە و سەر ڕاستانە بووە:

1- یەکەمین کێشەمان ئەوە بوو کە دوای ڕاگەیاندنی (کۆمەڵی ئیسلامیی) ئەوانەی نا ڕازی بوون بە ئەنجامەکانی کۆنگرەوە ویستیان گێچەڵمان پێ بکەن، بەڵام ئێمە خۆمان کۆنترۆڵ کرد و، زۆر پشوو درێژانەو بارقوڵانە و دووربینانەو وردبینانە مامەڵەمان کرد، ئەوە بوو توانیمان خۆ بپارێزین لە

بەدەمەوە چوونی ئەو گێچەڵەی کە دەویسترا پێمان بکرێ، وە بەڕاستی من زۆر سوپاسی خوام لەسەر کردوە و دەکەم کە نەمان هێشت لە لای ئێمەوە ئیسلام ناشرین بێت! وە هەمیشەش دەبێ ئەوە هەڵوێستمان بێت چ لە نێوخۆی (کۆمەڵی ئیسلامیی)، چ لەناو خۆمان دا وەك ڕێڕەوی ئیسلامیی لە کوردستان دا، چ وەك نێو کوردستان و عێراق ، هەمیشە هەوڵدەین بارمان بەلادا نەکەوێت .

لە ڕاستی دا ئەوەش دان بە خۆ داگرتن و جورهەدێکی زۆری ویست، بیستن و فەرمانبەریی (سمع و طاعة)یەکی زۆر چاك هەبوو لە لایەنی (قاعیدە)وە بۆ (قیادة) کە ئێستاش لەگەڵدابێ من مەمنوونم لەبەرا پێشمەرگەکان کە لە ئازایەتی و مەردایەتی یان کەم نەبو، بەڵام حیکمەت و خۆڕاگریی و فەرمانبەریی چاکیان هەبوو، کە سوپاس بۆ خوا توانیمان ئەو قۆناغە سەخت و دژوار و ناخۆشە سەربەرزانە بگوزەرێنین !

2- دیاردەی سەرهەڵدانی (جند الاسلام) کە دواتر ناویان لە خۆیان نا (انصار الاسلام)، بە ڕاستی ئەوەش گرفت و کێشەیەکی ناخۆش و ناڕەحەت بوو بۆ ئێمە کە ئەوە بوو دواییش باجی دراوسێیەتی و نزیکی ئەوانیشمان هەردا، یاخود چاکتر بڵێین: بەو هۆیەوە بیانوومان پێگیراو بەبێ سوچ و تاوان دەستدرێژیمان کرایە سەرا!

بێگومان لەبەرانبەر ئەوەشدا دیسان ئێمە وەك سەرکردایەتی و بنکەی (کۆمەڵی ئیسلامیی) توانیمان باش لەو گرفت و کێشەیەش کە یەخەی پێگرتین دەربچین و مامەڵەیەکی شەرعییانە و عاقڵانە و سەر ڕاستانەی لەگەڵ دا بکەین!

بەڵێ خەم و خەفەتی زۆرمان خوارد، ناڕەحەتی زۆرمان بینی و دواییش باجماندا، بەڵام باجەکە زیاتر دەگەڕایەوە بۆ بیانوو پێگیرانمان! ئەگەرنا

ئەمریکا ئەوەندە گێل نیە کە نەزانێ ئـەوە بارەگـاو بنکـەی (کۆمـەڵی ئیسلامیی)ە! بە هەر حاڵ بە بیانووی نزیکی مان لەوان ئەوە بوو مووشەك باران کراین – وەك دوایی باسی دەکەم– بەڵام گرنگ ئەوەیە ئێمە دیسان لەگەڵ (گرووپی ئەنصار) یش دا کە هەمیشە دەستیان لەسەر پەلەپیتکە بوو، زۆر جاران هەڕەشەیان دەکرد و نەزانانە (فَتْوی)ی خراپ خرپیان دژی ئێمە دەردەکرد! ئێمە توانیمان کە دیسان خەڵکی خۆمان کۆنتڕۆڵ بکەین، وە بەدەم ئەو ئاژاوە و هەرایەوە نەچین کە ئەوان دەیانویست پێمان بگێڕن.

بەڕاستی ئەوەش نیعمەتێکی خوایی بوو، پێویسـتە سوپاسـی خـوای لەسەر بکەین، وە خاڵێکی ئیجابی یە کە دەبێ هەمیشـە لەبەرچـاومان بێت و ئەوە هەڵوێستمان بێ لەگەڵ هەر کەسێکدا کە ئـەهلی ئیمـان و ئیسلام بێ! بەڵکو ئەگەر ئەهلی ئیسلامیش نەبێ بەڵام لە قازانجی کار و پڕۆژەی ئیسلامیی نەبێ پەنا ببرێتە بەرهێز هەر دەبێ ئەوە هەڵوێسـتمان بێ کە هەوڵدەین بەدەم کێشەو ئاشووب و ئاژاوەوە نەچین .

3- کێشەیەکی دیکە ئەوەبوو کە بە ڕاستی زوڵم ناهەقییەکی گەورەبوو لێمان کرا ئەوەبوو (مامۆستا عبداللە ی قەصری)(3) و چوار کەس لە هاوەڵانی لە بازگەی تاسلۆجە لە (4 / 3 / 2003) بە ناهەق و زوڵـم کـوژران خوا بە شەهیدی وەرگرتن، دیارە لایەنی بەرامبەر تا ئێسـتاش داکـۆکی دەکەن لەسەر ئەوە کە هەڵە بووەو بە ئەنقەست نەبووە! بەڵام گرنگ ئەوەیە هەرچۆن بێ زوڵمێك بوو کرا، کە دیسـان ئێمـە لەوەشـدا توانیمـان دان بەخۆماندا بگرین، وە لەسەر ئەو دان بەخۆداگرتنەی ئەوکاتیش پەشیمان نین بەڵکو شتێکی زۆر چاکمان کرد! وە ئێستاش من لێرەوە ڕای دەگەیەنم

---

(3) کە ئەندامی مەکتەبی سیاسی بوو و پیاوێکی زۆر هەڵکەوتوو و لە دڵـی مسوڵمانان دا خۆشـەویست بوو.

که لەو ڕۆژانەدا ئەو کێشـــەیەمان کۆتـایی پـێ هێنـا بـە پێـك هـاتن (صولّح)، دیسـان ئێمـە ئـەوەش بـە هەڵوێسـتێکی زۆر شـەرعییانە و حەکیمانە و سەر ڕاسـتانەی خۆمـان دەزانـین بۆچـی؟! چـونکە وەك لـە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)دا گوتبووم : پێغەمبـەر ﷺ دوای ئەوەی کە خوای کاربەجێ یارمەتی دا شاری (مەککە)ی ئازاد کـرد، هـەموو ئەوانـەی کـە هـەتا دوێنـێ هـاوەڵانی بـەڕێزی ئـەویان دەچەوساندەوە، لە ژێر ئازار و ئەشـکەنجەدا دەیانکوشـتن، دیـل کـران و هێنران بۆ لای، پێغەمبەر ﷺ وتاری بۆ دان و فەرمووی: (ماترون أنيّ فاعل بكم ؟) پێتان وایە چیتان لـێ دەکەم؟! ئەوانیش کە تا ئـەو کـات لەسەر بیروباوەڕی بت پەرستانەی خۆیان بەردەوام بوون، نـەیانگوت: تـۆ پێغەمبەری خوای و لێمان ببوورە ، بەڵکو گوتیان: (خيراً أخ كريم و ابن أخ كريم) تۆ برایەکی بەڕێزی و برازایـەکی بەڕێزیشـی، چـاکەت لـێ چاوەڕێ دەکەین، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی (اذهبـوا فـأنتم الطلـقاء) بڕۆن ئەو ئازادم کردن، بەڵێ پێغەمبەری خوا ﷺ لە لووتکەی دەسەڵاتدا بە بەرژەوەندی ئیسـلام و مسـوڵمانانی زانیـوە کـە دوژمنـەکانی خـۆی هەرچەندە دەستیان بە خوێنی هاوەڵانی سوور بـووە پێیـان بڵـێ: ئـەوە عەفوم کرد! ئێمەش لە هەر قۆناغێکـدا دەسـەڵاتمان هـەبێت یـان نـا، تەماشا دەکەین چی بـۆ کـاری ئیسـلامیمان باشـە، چـی بـۆ میللەتـە مسوڵمانەکەمان و بۆ وڵاتەکەمان باشە چونکە دینی خوا ڕەحمەت و خێرو خۆشی یە بۆ خەڵك، بۆ ئەوە هاتوە خەڵك لە دنیاو دوا ڕۆژدا بەختـەوەر بکات، ئێمە تەماشا دەکەین چ شتێك لە قازانج و بەختەوەری خۆمـان و میللەتمان و وڵاتمان دایە وا دەکەین.

ئەوەش بە ڕاستی هەرچەندە هەندێك خەڵکی بیر کورت غەیری کۆمەڵی ئیسلامی لەوانەیە ئەو هەڵوێستەیان بۆ ئێمە بە هەڵەو (تنازل) تەفسیر کردبێ ! بەڵام بێگومان ئێمە خۆمان لەسەر ڕۆشنایی (بیِّنة) و بەرچاو ڕوونیی (بصيرة) دەبینین و پێمان وایە شتێکمان کردوە خوای پەروەردگار پێی چاکە و پێغەمبەریش ﷺ پێی باشە، چونکە ئەویش هەروای کردوە لەگەڵ کەسانێك دا کە دژایەتیشیان کردوە بەڵام بەرژەوەندی خەڵك و وڵات و ئایندەی دینی خوای لەوەدا بینیوە، وە پێشمان وایە خەڵکی خۆمان متمانەی بە قیادەی خۆی هەیەو ئەو هەڵوێستەش بە هەڵوێستێکی حەکیمانە و لێزانانە دەزانێت.

ئینجا ئێمە دەڵێین: ج مامۆستا (عبدالله قەصری) و چوار هاوەڵەکەی خوا بە شەهیدی وەرگرتبن و پلەیان بەرزو بەرزتر بکاتەوە کە بێگومان مامۆستا عبداللەی قەصریَ کەلێنێ زۆر گەورەیە و پیاوێکی زۆر ناوازەو دەگمەن بوو، بەلام ئەویش و غەیری ئەویش شەهیدەکانی ئێمە و هەموو شەهیدەکانی ئیسلام بەڵکو هەموو ئەوانەی کە لە ئادەمەوە تا کو خاتەم، وە لە خاتەمەوە ﷺ تا دنیا بە کۆتایی دەگات لە پێناوی دینی خوادا روحی خۆیان بەخت دەکەن، بۆ چیە؟ بۆ ئەوەیە کەدینی خوا گەشە بکاتو بەرەو پێش بچێت، دەی کەواتە ئێمەش تەماشا دەکەین چ شتێك بۆ دینی خوا باشە بەو شێوەیە دەکەین و هەڵوێست وەردەگرین.

4- گرفت و کێشەیەکی دیکەی ناخۆش کە بۆ ئێمە هاتبێتە پێش مووشەك (صاروخ) باران کرانی ئێمە بوو لە لایەن ئەمریکاوە لە (20/21 – 3 – 2003) کە ئێمە زیاتر لە (100) کوژراو و بریندارمان هەبوو خوا بە کەرەمی خۆی کوژراوەکانمانی بە شەهید وەرگرتبێ و بە چاکترین شێوەش پاداشتی بریندارەکانمان و کەس و کاری هەموو لایەکیان بداتەوە، کە ئەوەش بە راستی زوڵم و تاوانێك گەورە بوو دەرحەقمان کرا، بیانوو و

گێچەڵێك بوو پێمان گیرا، بەڵام دیسان لەوەش دا ئێمە دانمان بە خۆداگرت، کە بێگومان دەمانتوانی شتێك هەر بکەین و شتێکمان لە دەست دەهات، بەڵام کە تەماشامان کرد زانیمان کە نەخێر زوڵمێکە لێمان کراوەو هەر شتێك بکەین هەرچەندە مەزڵوومین بەڵام ڕەنگە دوایی زاڵم بێیینە بەرچاو! وەك کە (عەلی کوڕی أبوطالب)(خوا لێ ی ڕازی بێ) گوتوویەتی: (ما رأيت مظلوماً أشبه بظالم مني)

واتە : هیچ مەزڵوومێکم نەبینیوە لە من زیاتر وەك زاڵمان بچێت، واتە: مەزڵوومم بەڵام خەڵك وەك زاڵم تەماشام دەكات !.

ئێمەش گوتمان هەر شتێك بکەین، زوڵمان لێکراوە کەچی خەڵك وادەزانێ زوڵمان کردووە، کەواتە: با پێدەنگ بین چاکترە، با زوڵم لێکرانەکە چەند قات نەبێتەوە!

5- گرفتێکی دیکە کە هاتە ڕێمان و زۆر تاڵ و دژوار بوو، ئەوە بوو کە گواستمانەوە، لە شارەزوور و هەورامان و هەڵەبجەو دەوروبەریان و هەموو یاخود زۆربەی هەرە زۆری بنکەو بارەگاکانمان گواستەوە بۆ (پشدەر).

دیارە لێرە دا دەبێ هەم سوپاسی (کۆماری ئیسلامیی ئێران) بکەم کە نوێنەریان هاتبوو و قسە لەگەڵ برادەرانی (یەکێتی نیشتیمانی کوردستان) کردبوو، برادەرانی یەکێتیش لەو مەسەلەیەدا ئیجابی هاتنە پێش، ئەوەبوو تاووتوێی مەسەلەکانمان کردو لێك گەیشتن (تفاهم)ێکمان بە یەکەوە کرد، وە سەرەنجام ئێمە بنکەو بارەگا و هێزەکانی خۆمان گواستنەوە، بۆ ئەوەی گێژەی زوڵم لێکرانی زیاتر نەبین، خەڵکی دەڤەری بیتوێن و پشدەریش زۆر جوامێرانە باوەشیان بۆ گرتینەوە و بە دەنگمانەوە هاتن و تا ڕادەیەکی زۆر تاڵاوی زوڵم لێکران و کۆچ و کۆچبار و ئاوارەیی یان لە بیر بردینەوە!

6- کێشە و گرفتێکی دیکە کە بۆ (کۆمەڵی ئیسلامیی) هاتە پێش بریتی بوو لە: گیرانی وەفدی کۆمەڵی ئیسلامی کە چووبوو لەگەڵ ئەمریکییەکاندا گفتوگۆ بکات بۆ دوو مەسەلە:

یەکەم : بۆ گلەیی لێکردنیان کە بۆچی بارەگاکانی ئێمەیان بۆردومان کردوە ؟! لانی کەم بابێن خوێنمان بدەنێ و بۆمان قەرەبوو بکەنەوە و (رد الاعتبار)مان بۆ بکەن!

دووەم : بۆ ئەوە لەگەڵیان دانیشین لە نزیکەوە ئێمە بناسن کە ئێمە بەشێك بووین لە ئۆپۆزسیۆن (معارضة)ی عێراقی و زۆر دوژمنی مەبدەئی بووین بۆ ڕژێمی بەعس!

تاکو خەڵکێك کە ناحەزمانە بە هەڵە وێنامان نەکات لای ئەمریکییەکان، بۆ ئەوە چووبووین کەچی ئەوە بوو لە ڕێ یە بۆسە و تەڵەیان بۆ دانابووین و گرتیانین، کە بەندە و سێ لە برایانی سەرکردایەتی[4] و ژمارەیەك لە برا پێشمەرگەکانمان بوون، ئەوە بوو کە برایان پێش من بەردران، بەندەش (22) مانگ لە زیندانی زاڵمانەی ئەمریکا دا مامەوە!

بەڵام دیسان (کۆمەڵی ئیسلامیی)هەڵوێستێکی عاقڵانە و لێزانانەی نواند کە ئەوە بوو لە جیاتی دەست بردن بۆ چەك کە دەمانتوانی لەوەشدا شت بکەین ، توانی بە مەنتیقێك ئەو خەڵکە بدوێنێ کە پێی ئاشنان و تێیان بگەیەنی کە ئێمە هەڵقولاوی نێو ئەو خەڵك و میللەتەی خۆمانین و ئێمە بەشێکین لە جەماوەری خۆمان و جیسمێکی نامۆ نین لە نێوی دا، ئەوە بوو خۆپیشاندان کرا لە هەولێر و سلێمانی بە بەشداریی خەڵکی سەرجەم ناوچەکان، وە من لێرەوە جارێکی دیکە سوپاس و مەمنوونیی

(4) کە کاك تۆفیق کەریم و مامۆستا دارا و کاك حاجی عبدالرحمن بوون .

خۆم و ئەو برایانەش کە لەگەڵم گیرا بوون بۆ هەموو لایەك و بۆ جەماوەری مسوڵمانی کوردستان بە پیاوو ئافرەتەوە بە پیر و گەنجەوە بە خوێندەوار و نەخوێندەوارەوە بە ئیسلامیی و غەیرە ئیسلامییەوە دووبارە دەکەمەوە کە دیفاعیان لە مەزڵومیەتی ئێمە کرد، بێگومان ئەوان هەڵوێستێکی جوامێرانەیان نواند و ئەرکێکی شەرعییانەی سەر شانی خۆیان جێ بەجێ کرد بەڵام ئێمەش سوپاسیان دەکەین و زۆریان لێ مەمنوونین .

جا ئەوەش لە ڕاستی دا مامەڵەیەکی لێزانانە بوو لە لایەن کۆمەڵی ئیسلامیی یەوە لەگەڵ ئەو مەزڵوومییەت و کێشەو گرفتەی کە هاتبوە ڕێگەی .

7- کێشەو گرفتێکی دیکەمان بریتی بوو لە فشار بۆ هێنانمان لە لایەنی برادەرانی عەلمانی یەوە! واتە پاش ئەو هەموو زوڵمانەش ئەوە بوو کە لە لایەن برادەرانی عەلمانی حوکمڕانەوە (واتە یەکێتی) خەڵکێکی زۆرمان لەو کاتەدا گیرا دەوری (600) کەس، وە ئێستاش بەتایبەت لە دەڤەری لای (پارتی) خەڵکمان هەر لە بەندینخانەکان دایە بە بێ ئەوەی کە تاوانیان دیار بێ و دادگاییەکی یاسایانەی خۆیشیان بکرێن نەك شەرعییانەی ئێمە!

بە هەر حاڵ دیارە ئەو کاتە زۆر تەنگ بە کۆمەڵی ئیسلامیی هەڵچندرابوو کە ئێمە لە زیندان دابووین، بەڵام بە ڕاستی خەڵکی نێو (کۆمەڵی ئیسلامیی) بە شێوەیەکی گشتی بە تایبەت برایانی سەرکردایەتی و مشوورخۆر، خۆڕاگر و بە شەهامەت بوون و زۆر مەبدەئی بوون و خۆیان لە ژێر ئەو هەموو زەخت و فشارانەدا گرت، ئەوە بوو کە کۆمەڵی ئیسلامیی توانی ئەو قۆناغە و ئەو تەنگەژەیە ببڕێت، بە هاوکاریی هەموو لایەك وە بە هاوکاریی ئەو خەڵك و جەماوەرە مسوڵمانەش، کە دەعمی ماددی و هاوکاری ماڵیان دەکردین لە کاتێکدا

برادەرانی عەلمانی لەو هەقە شەرعییەی خۆشمان بێ بەشیان دەکردین کە هەندێکیان ئێستاشی لەگەڵ دابێ بێ بەشمان دەکەن ! هەندێکیشیان (واتە یەکێتی) دیارە کەم تا کورتێك حەقە شەرعییەکەی خۆمان بە نیوە چڵــی دەدەنێ! ئەوە لە کاتێکـــدا کە برادەرانی عەلمانــــی بە هەردوو حیزب و هەردوو ئیدارەکەوە ئەوە هەڵوێستیان بووە، خەڵك و جەماوەری مسوڵمانیش بە پیاو و ئافرەتەوە باوەشیان بۆ (کۆمەڵی ئیسلامیی) کردبۆوە لەگەڵیدابوون و هاوکارییان دەکرد بە لایەنی ماددی و دوعا کردن و هاندان و سەردانی کردن و پشتگیری کە بێگومان هەر شتە لە شوێنی خۆی دا جێگای خۆی گرتوە .

جا هەرچەندە ئەو کێشەو گرفتانەمان هاتوونە پێش بەڵام وەك ئاماژەم پێدا (کۆمەڵی ئیسلامیی) بەڕاستی تا ئەندازەیەکی زۆر توانی لێزانانەو شەرعییانەو وەستایانە لەگەڵ ئەو گرفت و کێشانەدا مامەڵە بکات، هەڵبەتە تا ئەندازەیەکی زۆر ئەگەرنا هەڵەو کەم و کووڕیی بە تایبەت بە لای شـلگیریی دا هەبووە، خۆ ئێمە نالێیـــن: فریشتەی بێ هەڵەو بەفری بێ پەڵەین !

خاڵی پێنجـەم: کۆمـەڵی ئیسـلامیی و بەشـداریـــیکردنـــی لە هـەڵبژاردن دا لە (30 / 1 / 2005) :

کۆمەڵی ئیسلامیی دوای ئەوەی کە هەڵبژاردن هاتۆتە پێش، دیارە پێش هەڵبژاردنەکە ئەوە بوو کە وەفدێکی سەرکردایەتیی[5] (کۆمەڵی ئیسلامیی) توانی لە زیندانی ئەمریکیەکاندا سەردانم بکات و کە یەکەم جار و دوا جاریشیان بوو، لە میانەی کۆمەڵێك قسەو باس دا لێیان پرسیم گوتیان: ڕات چییە ئەگەر هەڵبژاردن ببێ لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق ئێمە چی بکەین؟

(5) بریتی بوون لە : کاك حاجی قاسم و کاك عبدالستار مجید و کاك محمد حکیم .

گوتم: ئێوە خۆتان لە خەڵك دامەبڕن و لەگەڵ خەڵكی خۆتاندا بن، چونكە ئێمە لەگەڵ خەڵكی خۆمانین، ئێمە بۆ میللەتی خۆمانین و بەشێكین لە خەڵك و میللەتی خۆمان، لە هەر شتێكدا مادام لە شەرع دا جێی ببێتەوە و بەرژەوەندی خەڵكیی تێدا بێ و شتێك بێ كە جێی ڕەزامەندیی خوا بێ لەگەڵی دابن!

ئەوە بوو كە كۆمەڵی ئیسلامیی بەشداریی هەڵبژاردنی كرد، كە بەشداریی كردنەكەیشی هەڵوێستێكی لێزانانە و عاقڵانە بوو، وە بوو بە هۆی دەروو لێكرانەوەیەكی باش بۆ كۆمەڵی ئیسلامیی، وە بوو بە هۆی ئەوەی كە ئەگەر كەسانێك تا ئەو كاتەش مشتومڕیان بووبێ لەسەر ئەوە كە ئێمە ئایا ڕەسمیەتمان هەیە بوونمان شتێكی مەقبووڵە یان نا؟ ئەو مشت و مڕە یەكلا بۆوە!

كۆمەڵی ئیسلامیی بوونی خۆی مسۆگەرو جێگیر(اثبات) كرد لەڕێی ئەو دەنگدان و هەڵبژاردنانەوە، خەڵك وجەماوەری مسوڵمان مەردانە هاتنە پێش و دەنگیان دایە كۆمەڵی ئیسلامیی هەرچەندە زۆرێكیش لە دەنگەكانیان تەزویرو ساختە فەوتێنران بەڵام دیسان دەنگەكان هێندە زۆر بوون كە هەر چۆن بوو كۆمەڵی ئیسلامیی توانی (6) كورسی لە پەرلەمانی كوردستان و دوو كورسیش لە كۆمەڵەی نیشتیمانی عێراق دا مسۆگەر بكات .

كە بێگومان ئەوە بوو بە هۆی زیاتر بە ڕەسمییەت ناسرنی كۆمەڵی ئیسلامیی، وە جێی خۆ كردنەوەی و قووڵ بوونەوەی و زیاتر بڵاو كردنەوەی ڕەگ و ڕیشەی بە نێو خەڵك و میللەت و جەماوەردا، وە دەمكوتكردنی كەسانێكیش كە گرەویان دەكرد لەسەر ئەوە كە ئایا (كۆمەڵی ئیسلامیی) لەگەڵ پرۆسەی سیاسی (ألعملية السياسية)دا دەبێ یان نابێ؟ چۆن نابین؟! سیاسەت بەشێكە لە دینەكەمان، وەك چۆن نوێژ دەكەین وەك دین داریی، وە وەك چۆن كاتی خۆی لە خەباتی ڕزگاریخوازی گەلەكەماندا بەشدار بووین

تفەنگمان بە ڕژێمی بەعسەوە دەنا وەك دینداریی، بە هەمان شێوەش ئێمە لە پرۆسەی سیاسی‌دا دەبین و بە دینداریشی دەزانین، چونکە سیاسەت ئەگەر بریتی بێ لە مشوور خواردن لە کاروباری گەل و وڵات، خۆ ئێمەش بەشێکین لەو میللەتەی خۆمان ئەگەر مشووری لــێ نەخۆین گوناهبارین ! بەڵام ئەگەر خەڵکی دیکە بە ناوی عەلمانیەت و لە ژێر بەیداغی عەلمانیەت دا مشوور لە میللــــەتی خۆی دەخـــوات! ئێمە لە ژێر بەیداغی (لا اله الا الله محمد رسول الله)دا خەمی لــێ‌دەخۆین، ئێمە لە ژێر سایەی شەریعەتی خوادا هەوڵ دەدەین میللەتی خۆمان بەختەوەر بکەیــــن، وڵاتی خۆمان ئاوەدان بکەینــــەوە و خەڵکەکەمان ئازاد و سەرفراز بکەین .

خاڵی شــەشــەم: کۆمــەڵی ئیسـلامیی پاش ڕزگار بوونـی بەنـدە لە زیندانی ئەمریکـــــا :

دوای ئەوەی کە سوپاس بۆ خوا ئەو سێ برایانەی ئەندامی سەرکردایەتی و پێشمەرگەکانیش کە لەگەڵمدا گیرابوون پێش من ڕزگاریان بوو بوو، منیش ڕزگارم بوو لە زیندانی زاڵمانەی ئەمریکا، دوای ئەوەی کە چەند جارێك عوزریان بۆ هێنابینەوە، گوتیان: بەڕاستی تۆ بە زوڵم و بە هەڵە گیراوی! وە گوتیـــــان: ئەو ڕاپۆرتانەی کە لەســـەر تۆ دراون بە ئێمە، درۆ و هەڵە و هەڵبەستراون، وە ئێمە بە ڕەســـمی داوای لێبوردن دەکەین!!

هەرچەندە دوایین ڕۆژ کە من هاتمەوە داوام لێکردن بە نووسین بۆم بنووسن، دواییش ئەوە بوو کە قونسوڵی ئەمریکا لە کەرکوك هات لە (عەینکاوە)ی هــەولێر ئێمەی دەعوەت کرد دووبارەم کردەوە لێی و پێم گوت: ئێوە لە زینداندا هەمیشە کاربەدەستانی ئەوێتان بە ئێمەیان دەگوت: داوای لێبوردن دەکەین عوزر دێنینەوە، جا ئێستاش داوا دەکەم بۆم بنووسن، جگە لەوەش داوای قەرەبووی خوێنی شەهید و بریندارەکانی مووشەکبارانی

خورماڵ و ئەحمەد ئاواشم لێکردنەوە، بەڵام تا ئێستاش ئەو ئەمریکایەی کە لافی مافی مرۆڤـ و دیموکراسیەت و چی چی لێدەدات خۆی لێ کەڕ و بێدەنگ کـــرد!

دیارە رزگار بوونی بەندە دەروویەکی زیاتری لە کۆمەڵی ئیسلامیی کردەوە، کە من جارێکی دیکە لێرە دووبارەی دەکەمــەوە زۆر ســـوپاســـی هەموو ئەندامانی سەرکردایەتی و کادیران و ورد و درشتی نێو کۆمەڵی ئیسلامی بە پیاو و ئافرەت و پیر و گەنجەوە دەکەم، وە هەروەها زۆر سوپاسی لایەنە ســیاسیی‌یەکان و زانایان و سەرۆك عەشــیرەتەکان نووســەران و ئەو خەڵك ومیللەت وجەماوەرەش دەکەم کە بە راستی ئەوانیش بە رێپێوان و ئیمزا کۆکردنەوە، بە نارەزایــی دەربڕین، بە وتار و نووسین و دوعا کردن ..... هتد هەمووی دەوری بوو لە ڕزگار کردنی بەندەدا .

جا هەرچەندە هەموو لایەك کە بەو ئەرکە هەڵساون وەك ئەرکێکـــــی مســـوڵمانەتی و جێ بەجێ کردنـــی ئەرکـــی شــەرعیانی خۆیان بەوە هەڵساون، بەڵام منیش لێیان مەمنوونم و خوای پەروەردگار پاداشتی هەموو لایەك بداتەوە بە چاکترین شێوە .

خاڵی حەوتەم : لەســەر ڕاســتەهــێڵ مانەوەی کۆمــەڵی ئیســـلامیی :

مەسەلەیەکی دیکە کە دەمەوێ هەڵوەستەی لە بەردەمدا بکەم ئەوەیە کە: (کۆمەڵی ئیسلامیی) لەگەڵ ئەو هەموو گرفتانەی کە هاتنە پێشی و لەگەڵ ئەو هەموو گۆڕانکاریانەی کە لە گۆڕەپانی کوردستان وعێراق و ناوچەکەشدا بوون، لە خوا بەزیاد بێ توانی لەسەر بنەما شەرعییەکانی خۆی بمێنێتەوە لەسەر هەڵوێست و ستراتیژیەتی خۆی بە شێوەیەکی گشتی بەردەوام بێ و بە یەکڕیزیی و تەبایی نێو خۆی و بە گونجانیش لەگەڵ لایەنە سیاسیەکاندا، درێژە بە کارو خەباتی خۆی بدات، لەگەڵ بێدادیی و ناڕەحەتیی زۆر و مەحرومیەتی و مەزلۆمیەتی زۆریش دا !!

بەڵێ (کۆمەڵی ئیسلامیی) توانی هەموو ئەو تاڵاوانە قووت بداتەوە هەموو ئەو کۆسپ و لەمپەرانە ببڕێ، وە سەرەنجام ببیتە یەکێك لە هێزە جێی ئومێدەکانی نێو گۆڕەپانی کوردستان و عێراقیش، کە ئەوەش وەك ئاماژەم پێدا دەبێ سوپاسی خوای لەسەر بکەین .

وە بەڕاستی ئەگەر ئێمە ئەگەر بێ لەو هەموو هەلومەرجە سەخت و ناڕەحەتانە دەکەینەوەو دیهێنینە پێش چاوی خۆمان، بەئاشکرا دەستی خوای پەروەردگار دەبینین، بە ئاشکرا دەزانین کە بە ڕاستی خوا سەرپەرشتی ئێمەی کردووەو لەگەڵمان دا بووە و پشت و پەنامان بووە، ئومێدیشم وایە خوای بە بەزەیی هەر دەستی بە پشتمانەوە بێت و ئەو قرناغ و لەمپەڕ و کۆسپانەش کە لە ڕێماندا ماون سەربەرزانە بیانبڕین خوا پشتیوان بێت .

دیارە لێرەدا کە ئێمە باسی ڕابردووی خۆمان دەکەین– کە زیاتر باسی لایەنە ئیجابییەکانم کرد– بێگومان ئەوە ناگەیەنێ کە ئێمە لە هەموو شتی خۆمان ڕازین! بە ڕاستی تێبینیشمان هەبووە! لەگەڵ ئەو خاڵە ئیجابییانەش کە باسم کردن، بەڵام پێم وایە خاڵە بەهێزەکان و لایەنە چاکەکانمان لە خوا بە زیاد بێ زیاترن، وە یەکێك لە لایەنە ئیجابی یەکانمان ئەوەیە کەموکوڕی وهەڵەکانی خۆمان دەبینین و دانیشیان پێدا دەنێیـــن! چونکە وەك گوتراوە (اذا أحبّ الله عبداً بصّرە بعیوب نَفسـه)خوا ئەگەر بەندەیەکی خۆی خۆشویست ناتەواوی یەکانی خۆی پیشان دەدات، ئێمە ئەگەر ناتەواویەکانی خۆمان دەبینین و دانیشی پێدا دەنێین، ئەوەش دیسان ئیجابیەتێکی دیکەیە لە ئێمەدا، وە هەرکاتێکیش ئینسان پێی وابوو بێ عەییە ئەو جار لە هەموو وەختان عەیبدارترە، هەرکاتێکیش ئینسان پێی وابوو چاکە ئەو کاتە لە هەموو کاتان خراپترە !

بەڵام ئێمە دەڵێین: لە قەدەر هەل و مەرجی دنیا و لە قەدەر ئەو هەموو کۆسپ و تەگەرانە خوای بەخشەر ڕەحمی پێ کردووین و هەندێ چاکەمان لە دەست هاتن! بەڵام لە قەدەر ئیسلام و لە قەدەر ئەوەی کە بۆ بەرنامەی خوا

پێویسته، بێگومان دەبێ هەر داوای لێبوردن لە خوا بکەین، لە قەدەر ئاستی بەرزی ئیسلام بەڕاستی ئێمە زۆر بچووکین، خوا پشتیوان بێ دەبێ هەوڵدەین بەرەو سەرێ بڕۆین و لە ئاستی بەرزی ئیسلام نیزیکتر بکەوینەوە !

تەوەرەی دووەم: سەرنجدانێکی واقیعی ئێستامان

براو خوشکانی بەڕێز! هەر لایەنێکی سیاسیی ئیسلامیی یان غەیرە ئیسلامیی، بەڵکو هەر ئینسانێك و هەر تاکێك، ئەو واقیع و هەلومەرجە کە تێیدا دەژیەت ئەگەر نەیناسێ، ناتوانێ هەڵوێستی شایستە و پڕ بە پێستی تێدا وەربگرێت لە بەرامبەر ڕووداو و پێشهاتەکاندا کە دێتە پێشی!!

بۆیە دەبێ هەوڵدەین واقیعی خۆمان باش هەست پێ بکەین، هەلومەرجی خۆمان وەك کۆمەڵی ئیسلامیی، هەلومەرجی ڕەوتی ئیسلامیی لە کوردستاندا، هەلومەرجی کوردستان بە گشتی، هەلومەرجی عێراق هەلو مەرجی ناوچەکە و جیهانیش، دەبێ خوێندنەوەیەکی ڕاست و دروستمان بۆی هەبێت! مسوڵمان کاتێك دەتوانێ چ وەك تاك چ وەك کۆمەڵ هەڵوێستی پڕ بە پێست و شەرعی یانەولێزانانە وەربگرێ کە لەسەر بنچینەی شوناس و ناسین و زانینێکی باشی واقیع بنیاتی نابێت!

جا من ئاماژە بە چەند شتێك دەکەم کە لەم واقیع و هەل و مەرجەی ئێستاماندا هەن، چ پێشتر بوون و ئێستاش شوێنەواریان لە گۆڕەپانەکەدا مابێ، وە چ ئێستا لە ئارا دا بن .

یەکەم : مەسەلەی ڕەشنووسی دەستووری عێراق :

بێگومان ڕەشنووسی دەستوور (مسودة الدستور) مەسەلەیەكی گرنگ بوو، كە دیارە لیــژنە پێكهێنــراو قسەو باسی زۆری لەسەر كرا ئەوە بوو ئەندامێكی سـەركردایەتیی ئێمـەش لە كۆتا دارِشــتــن و صیاغەكردنی ئەو ڕەشنووسەدا بەشدار بوو(6) .

سەبارەت بە دەستوور دەمەوێ ئەوە بڵێم كە: هەبوونی دەستوور لە هەر وڵاتێك و لە هەر كۆمەڵگایەكدا خاڵێكی ئیجابی و باشە، چونكە بەدیل بۆ هەبوونی دەستوور ((دەستوور كە لە هەندێك وڵاتدا پێی دەگوترێ یاسای بنەڕەتی (القانون الاساسي) بریتیە: لەوهێڵە گشتی یانەی كە دادەنرێن بۆ ئەوەی سیستەمی حوكمڕانی ئەو وڵاتە پێی بەڕێوە بچێت، دەسەڵاتدار چۆن بێ، میللەت چۆن بێ، دامو دەزگاكان چۆن بن، پەیوەندیان پێكەوە چۆن بێ، چۆن بە یەكەوە هەڵسوكەوت و مامەڵە بكرێ، كە بێگومان هەبوونی ئەو خاڵانە بە ڕاستی شتێكی گرنگە و زۆریش پێویستە))ئەوەیە كە دەسەڵاتدار بە ویســت و ئارەزووی خۆی قــانوون و یاســا دەربكـــات وەك لە ڕژێمـە دیكتاتۆرەكان دا هەیـــــە!

كەواتە بە شێوەیەكی مەبدەئی هەبوونی دەستوور شتێكی شەرعیی و ئیسلامییە، وە بۆ ئاگاداریشـــتان زۆر لە زانایـــان دەڵێن یەكەمین دەستوری نووسراوە (مدوّن) لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ئەو دەستوورە بوو كە پێغەمبەری كۆتایی (محمد)ی كوڕی (عبدالله)ﷺ،دوای ئەوەی كە تەشریفی برد بۆ شاری مەدینە و بناغەی دەوڵەتی ئیسلامیی دامەزراند نووسیەوە، پێغەمبەر ﷺ بە سێ شتان بناغەی دەوڵەتی ئیســـــلامیی دامەزراند، یەكەم: ئەوە بوو (وثیقة) یان (صحیفة)یەكی نووسی لە نێوان پێكهاتەكانی خەڵكی مەدینەی پایتەختی دەوڵەتی ئیســــــلامیی‌دا كە زۆربەیان مســــوڵمانان بوون و وێڕای

---

(6) كە پارێزەر زانا سـەعید ڕۆستایی بوو .

مسوڵمانان جولەکەکان هەبوون، هەروەها هاوبەش دانەر و مونافیقەکانیش هەبوون، جا پێغەمبەرﷺ چەند خاڵێکی نووسین کە دوایی ناوی لێنرا (وثیقة) یان (صحیفة) واتە (دەستووری مەدینە) کەواتە: هەبوونی دەستوور شتێکی شەرعییە، بەڵکو نەبوونی دەستوور شتێکی نا شەرعی‌یە چونکە بێ سەرەو بەرەیی و پاشاگەردانیی (فوضی)ی لــێ دەکەوێتەوە .

بەڵام تێبینی سەرەکی ئێمە لەسەر چۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەڵ ڕەشنووسی دەستووردا لەسەر ئاستی کوردستان، ئەوەبوو کە بە داخەوە سەرکردایەتی عەلمانی سیاسی کوردستان هاوکات لەگەڵ داکۆکی کردنی لە مافە نەتەوایەتییــەکانی گەلەکەمـــــــان کە ئەوە خاڵێکی هاوبــەش بوو لە نێوانماندا،کاتێکی زۆر وهەوڵدانێکی زۆریشیان تەرخان کرد بۆ داکۆکی کردن لەسەر بە عەلمانی کردنی دەستوور!! کە بە ڕاستی ئەوە خاڵێکی خراپ بوو، وە بۆ ئێمەی ئیســـــــلامییش خاڵێکی جیاواز بوو لەگەڵ برادەرانی عەلمانی‌دا، چونکە ئێمە لەسەر ئەوە یەك دەنگین کە میللەتی کورد و خەڵکی کوردستان بە هەموو پێکهاتەکانیەوە پێویستە حەق و مافەکانی هەبن و ئەو ڕژێمە دیکتاتۆرە یەك لە دوای یەکانە کە لە بەغدا حاکم بوون و زوڵمیان لەو میللەتە کردوە کە بە هاووڵاتی پلە دوو و سێ یان تەماشا کردوە، هەموومان لەسەر ئەوە یەك دەنگین و ئێمە دەڵێین : کورد و هەر نەتەوەیەکی دیکە هەقی خۆیەتی کە ڕزگار و ئازاد و سەربەست بێت و خاوەنی کیان و ئیدارەو ئیرادەی خۆی بێت بگرە لە ڕاستی دا لە ئیسلام دا هیچ پەرچ و مانیعێك نیە کە کوردیش خاوەنی دەوڵەت بێ وەك چۆن خەڵی دیکەش خاوەن دەوڵەتە، بەڵام بێگومان داکۆکی کردنی سەرکردایەتی کورد برادەرانی عەلمانی لەسەر بە عەلمانی کردنی دەستوور خاڵێکی زۆر بێ‌جێ بوو ، وە بە زیان و زەرەریش تەواو بوو بۆ سەر گەلی کورد لە دوو ڕووەوە:

یەکەم: لەوەدا کە خەڵك بیانووی دەست دەکەوێ بڵێ: سەرکردایەتی سیاسی کورد ئەوەتا عەلمانیەت پیادە (تبنّي) دەکات و بە دەوڵەتی ئیسلامیی ڕازی نیە، بەوە ڕازی نیە کە شـەریعەتی ئیسلامیی سـەرچاوەی هەموو یاساو دەسـتوورەکان بێت!! دیـارە ئەوەش خاڵێکـی خراپـــە بۆ میللەتەکەمـــــان و ناوی میللەتی کوردی پێ بەد دەبێ، دوژمن و ناحەزانمان بیانوویان دەکەوێتە دەست بۆ ئەوەی ناشیرینمان بکەن !

دووەم: ئەو جوهــدو توانایـــەی ســـەرف کرا لە پێناو بە عەلمانی کردنی دەستووردا، ئەو کات و وەختەی بۆ ئەو مەبەستە تەرخان دەکرا، دەبوایە داپین کرابایە بۆ زیاتر داپین کردنی مافە هەمەجۆرەکانی میللەتەکەمان! کە من پێم وایە ئەو هەموو داکۆکی کردنە لەسەر بە عەلمانی کردنی دەستوور زیانی زۆری دا لەو بارەوە .

بەڵێ ئێمە ئەو تێبینی یەمان هەبوو لەسەر مەسەلەی ڕەشنووسی دەسـتووری عێراق، بەڵام هەرچۆنێـك بێت ئێمە لە ڕاپرســـییەکەدا (بەڵێ)مان کرد بۆ دەستوور، بۆچـــــی؟ چونکە لە ڕاستی دا پێگەی ئیسلام لە دەستووری عێراقدا پێگەیەکی مەحکەم و بەهێزە، بۆ وێنە:-

یەکەم : لەوێ دا هاتوە کە دینی ڕەســمی دەوڵەتی عێراق ئیســـلامە (دین)یش واتە بەرنامەی ژیان! لە ڕاستیدا زۆر کەس وشەی دین هەر بە مەفهوومە نەصرانیەکەی تەماشا دەکات کە بریتییە لە پەیوەندی نێوان ئینسان و خوا (جل شأنە) و لایەنی ڕووحی و چەند وردە درووشمێك، بەڵام دین لە ئیسلامدا واتە بەرنامەی ژیان (ان الدين عند الله الاسلام) (ال عمران -19) کە دینی ڕەسمی دەوڵەت ئیسلام بێ واتە بەرنامەو ڕێبازی ڕەسمی لە عێراقدا بریتییە لە ئیسلام!

دووەم : تێیدا هاتوە کە نابێ هیچ یاســـاو قانوونێــك دەربکرێ کە پێچەوانەی شەریعەت بێ،کە دیارە ئەوەش شتێکی زۆر چاکە، بەڵێ دوایی خاڵێکی تێدایە کە بەڕاستی جۆرێك لە دوو فلیقانەیی (ازدواجیة) دروست دەکات، دەڵێ: نابێ هیچ یاسایەك دەربچێت پێچەوانەی بنەماکانی دیموکراسی بێ!

بەڵام ئێمە دەڵێین: دەبێ لێرەدا مەبەست لە بنەماکانی دیموکراسی ئەو بنەمایانە بن کە لەگەڵ شەریعەتی خوا دژایەتی یان نەبێ، لەگەڵ ئەو دینە ڕەسمییەی کە لەعێراق دا (تبنّي)کراوە دژایەتیی وناکۆکییان نەبێ و هــەر بنەمایەکی دیموکراســی لەگەڵ دینی ڕەســمی دەوڵەت لەگەڵ شەریعەتی ئیسلامدا دژایەتی هەبێ ڕەتکراوە (مرفوض)یە .

ئەوە لە لایەکەوە، لە لایەکی دیکەش بەڕاستی دەســتووری عێراق زۆر شتی باشی تێدایە، ئەگەر پیادە بکرێ، بۆ نموونە: دەبێ ئەو هەموو خەڵکە بە ناهەق و بە زوڵم گیراوانەی ئێمە کە ئێستا لەزیندانەکان هەردوو ئیدارەکانی هەولێرو سلێمانیدا ماونەتەوە کۆتایی پێ بهێنرێ و بەربدرێن، هەروەها دەبێ چەندان بێ سەرەو بەرەیی و نادادگەریی و زوڵم و ستەم کە لە خەڵك دەکرێ و، ئازادیی کە لە خەڵك دەگیرێتەوە، دەبێ هەموو ئەو شتانە کۆتایی یان پێ بێت.

بەڵێ ئەگەر ئەوەی کە لە دەستوور دا هاتوە وەك: ئازادیی شەخسی و دادگەریی کۆمەڵایەتی و دابەشکردنی داهات بە دادگەریی و ڕەخساندنی هەلو مەرجی ژیانی دادگەرانە بۆ هەموو لایەك بە یەکسانی و نەهێشــتنەوەی هیچ گیراوێك لە بەندینخانــــەدا بەبێ دادگایــــیکردن تۆمەتبار نەکـران بە بێ بەڵگەو .... هتد، ئەگەر ئەوە هەمووی جێبەجێ بکرێ، ئەوە بێگومان ئێمە زۆر خــەم و کێشــەو گرفتمان لە کۆڵ دەبنەوە کە ئێستا لەگەڵیاندا دەستەو یەخەین!

ئنجا لە ڕووی نەتەوەییشەوە هەرچەندە تێبینیمان لە سەر ئەو دەستوورە هەیە، بەڵام دیسان شی باشیشی تێدایە، بۆیە ئێمە (بەڵێ)مان بۆ کرد، ئنجا ڕەنگە هەندێك كەس تێبینی‌یان بووبێ كە لەو دەستوورەدا هەندێك شتی نا شەرعیی تێدایە، بەڵێ دەزانین! هەندێك شتی تێدایە كە ناشەرعییە بەڵام لە ڕاستی دا لایەنە شەرعییەكانی زیاترن، وە ئەگەر لایەنە شەرعییەكان چاك پیادە بكرێن ئەو لایەنە نا شەرعییانە مەفعولیان نامێنێ، وە لەو قۆناغەشدا دیـــــــارە هەر ئەوەندە دەكرێت، بۆیە ئێمە بەڵێ مان بۆ كردوە بەڵێ بۆ كردنەكەشمان بە شتێكی شەرعیی و ڕەوا زانی .

وە من بە پێویستیشی دەزانم كە لەمەو لا نووسەرانی ئێمە، ڕاگەیاندنی ئێمە ،مامۆستایانی ئێمە، ئەو لایەنە ئیسلامییەی دەستوور زۆر بدرەوشێننەوە، برادەرانی عەلمانـــی لەگەڵ ئەوەشدا كە لایەنە عەلمانیەكەی دەستوور زۆریش لاوازە بەڵام زۆریان بەرجەستە كرد و پێیان هەڵاكوت !

كەچـــی ئێمە وەك ئیســـلامیی جێی داخە نەمانتوانیـــــوە كە لایەنە ئیسلامییەكەی باش بەرجەستە بكەین و بیدرەوشێنینەوەو دەری بخەین، كە بێگومان ئەوە ئەركی ئەم قۆناغەمانە .

دووەم : مەســەلەی ڕەشنووســی دەســتووری كوردســتان :

برادەرانــی یەكێتی وپارتی ڕەشنووسێكی دەستووری هەرێمی كوردستانیان پێشنیار كرد، ئەوە بوو نوسخەیان دایە لایەنەكان، ئێمەش وەك كۆمەڵی ئیســلامیی كە برایانی یەكگرتووی ئیسلامیی لەوەدا لەگەڵمان هاوڕا بوون، دوای تەماشا كردنی ئەو ڕەشــنووســە، تێبینی ئێمە لەسەری ئەوە بوو كە لەو ڕەشــنووســەی هەرێمی كوردستاندا نەهاتوە كە دینی ڕەسمی لە هەرێمی كوردستاندا چیە؟!

باسی ئیسلام نەکراوە و ناوی خوای تێدا نەهێنراوە و(بسم الله)ی تێدا نەکراوە، وە باسی ئەوەش نەکراوە کە نابێ هیچ یاسایەك دەربچـێ کە پێچەوانەی شەریعەت بێ!!

لەبەر ئەوە ئێمە بە ڕەسمی ڕەخنەو ناڕەزاییمان پێشکەشی پەرلەمان کرد بە ناوی (کۆمەڵی ئیسلامیی)و(یەکگرتووی ئیسلامیی)یەوە کە ئەگەر بەلای کەمەوە ئەوەی لە دەستووری عێراق دا هاتوە لە ڕەشنووسی کوردستاندا نەنووسرێ و نەچەسپێنرێ ئەوە ئێمە لەگەڵ ئەو دەســـتوورە نین، وە ناڕەزایی بەرانبەر دەردەبـڕین وە لە ڕاپرسییەکەشی‌دا یان بەشداری ناکەین، یان لە دژی دەنگ دەدەین بەڵکو ئێمە هەر هۆکارێك کە لە دەستمان بێ و بە گونجاوی بزانین و لە شـــەرعدا جێی ببێتەوە دەیگرینـــە بەر بۆ دژایەتی کردنی ئەو ڕەشنووسی دەستوورە کە هیچ حیسابێك ناکات بۆ دینی ئەم وڵاتە، بۆ تایبەتمەندیی یەکانی خەڵکی مسوڵمانی کوردستان کە هەموو لایەکیش لەسەر ئەوە یەك دەنگیـن وە دەڵێیـن بە ڕێژەی (95%)ی خەڵکی کوردستان و عێـــراق مسوڵمانـــن ! ئەدی چـــۆن نابێ باسی دین و شـــەریعەتەکەیـــان بکرێت ؟!

ســێ یەم : داگیــر کرانی عێراق لە لایەن ئەمریکاوە :

هەموو لایەك ئاگادارین کە ئەمریکا شەری لەگەڵ ڕژێمی پێشووی عێراق کردو هات ڕژێمی بەعسی ڕووخاند، دیارە ئەمریکا خۆی ناو نا (داگیرکەر)، وە لە نەتەوە یەکگرتووەکانیش بە ڕەسمی ئەمریکا بە داگیرکەر (محتّل) لە قەڵەم دراوە، کەواتە بەڵگە نەویستە کە ئێستا ئەمریکا وڵاتێکی داگیرکەرەو

له عێراقدا ماوه! خه‌ڵكێكیش هه‌یه كه به‌رهه‌ڵستی و به‌ره‌نگاری ئه‌مریكا ده‌كات !

جا ئێمه ئه‌و مه‌سه‌له‌ی هه‌بوون و مانه‌وه‌ی ئه‌مریكا له عێراقدا و به‌رهه‌ڵستی كرانی به‌كورتی ئاوا هه‌ڵده‌سه‌نگێنین :

له ئه‌سڵ دا كاتێك ده‌وڵه‌تێك شوێنێك، سه‌رزه‌مینی میلله‌تێك، وڵاتێك داگیر ده‌كات، به‌ڕاستی دیاره بۆخۆی داریان ده‌داته ده‌ست و ده‌ڵێ: دژم بوه‌ستن! وه‌ك پرسیارێك له‌و باره‌وه له جۆرج بۆش كرابوو كه ئه‌گه‌ر كه‌سێك وڵاته‌كه‌ی

تۆ داگیر بكات چی ده‌كه‌یت؟ گوتبووی: به‌رهه‌ڵستی و به‌رگری ده‌كه‌م! له‌به‌ر ئه‌وه له ئه‌سڵدا به‌رهه‌ڵستی (مقاومة) كردنی هێزێك كه دێت وڵاتێك داگیر ده‌كات شتێكی ڕه‌وایه، هه‌م (شرائع)ی ئاسمانی هه‌م (قوانین)ی زه‌مینی هه‌موو له‌سه‌ر ئه‌وه یه‌ك ده‌نگن كه ئه‌گه‌ر هات و كه‌سێك ماڵی كه‌سێكی داگیر كرد ده‌بێ ده‌ریكرێ و به‌رپه‌رچی بدرێته‌وه، وه شه‌رعزانه‌كان (الفقهاء) له‌ژێر ناونیشانی (دفع الصائل)دا ئه‌وه‌یان باس كردوه، هه‌روه‌ها هه‌ر كاتێك ده‌وڵه‌تێك ده‌ستدرێژی بكاته سه‌ر وڵاتێكی دیكه پێویسته ده‌ستدرێژیه‌كه‌ی به‌رپه‌رچ بدرێته‌وه .

به‌ڵام ئێمه ئاوا ته‌ماشای ڕه‌وتی به‌رهه‌ڵستكاری (مقاومة) ناكه‌ین به گشتی! ئه‌و به‌رهه‌ڵستكارییه‌ی ئێستا هه‌یه له عێراقدادەبێ پۆلێن (تصنیف)ی بكه‌ین، كه بێگومان ئه‌و به‌رهه‌ڵستییه به‌شێكی ده‌گه‌ڕێته‌وه بۆ كۆنه به‌عسی یه‌كان وه بۆ خه‌ڵكێكی عه‌ره‌بی شۆڤێنی كه پێیان وایه ئه‌و هه‌ل و فرسه‌ته‌ی كه پێشتر هه‌یانبوو – كه بۆخۆیان یه‌كه كوێخای عێراق بوون – له ده‌ستیان چووه‌و ئه‌وانه بۆ به‌ختی دۆڕاوی خۆیان ده‌گرین! هه‌روه‌ها ده‌ستی ده‌زگا

هەواڵگرییەکانی هەندێك لە دەوڵەتانیشی تێدایە کە لەسەر خاکی عێراق لە دژی ئەمریکا دەجەنگن !

وە دەستی هەندێك باندی مافیاو قاچاغچیشی تێدایە کە مەبەستیان پارە پەیدا کردن وخەڵك ڕووتاندنەوەیە، بەڵام بەڵگە نەویستە کە خەڵکێکی ئیسلامیشی تێدایە کە بە پاڵنەر(دافع)ێکی ئیسلامیی لە دژی ئەمریکا دەجەنگێ ! جا لەئەنجام دان و مومارەسەکردنی موقاوەمەکەیدا چەندە شەرع دەپێکێ و پابەندە پێیەوەو چەندەش لە شەرع دەچێتە دەرو لادەدات، ئەوە شتێکی دیکەیە !!

چوارەم: چارەسەری کێشەو ئاڵۆزی یەکانی نێوخۆی عێراق :

ئێمە پێمان وایە چارەسەری کێشەی ئاڵۆزکاوی عێراق بەگشتی و، لایەنە سیاسیەکان بەتایبەتی ئەوەیە کە هەموویان پێکەوە (تفاهم) بکەن و لە یەکتر تێبگەن، کە ئێستا سێ بەشی سەرەکین: شیعە، کورد، ئەوەی ناوی لێنراوە عەرەبی سوننە، پاشان ئەوانە دوای ئەوەی کە ڕێککەوتن و گەیشتنە ئەنجامێك بەڕەسمی ئەمریکا ئاگادار بکەنەوە کە تۆ بڕۆ ڕژێمی بەعست ڕووخاند سوپاست دەکەین، هەرچەندە بەرژەوەندیی خۆشتی تێدا بووە بەڵام بە هەرحاڵ بۆ ئێمە بە خێر گەڕا، ئێستاش بڕۆ بۆ ئەوەی هەم سەربازەکانی تۆش زیاتر نەکوژرێن و هەم چی تر وڵاتەکەی ئێمەش کاول نەکرێ! وە خەڵکێکیش کە لێرە لەسەر ســەر زەمینی عێراق (تصفیە)ی حیساب لەگەڵ تۆ دەکات بیانوویان نەمێنێ! بۆ خۆشت و بۆ ئێمە وا باشترە ، ئەوە هەڵوێستی ئێمەیە لەو بارەوە .

پێنجەم : کێشە و ئاژاوەی نێوان شیعە و سوننە :

ئەو شــەڕ و كێشەیەی كە لە نێوانی هەندێك لە شـــیعە و هەندێك لە خەڵكی سوننەدا هەیە ئێمە بەم شــێوەیە تەماشای دەكەین :

دەڵێین بە ڕاستی هەڵە لە هەردوو لاوە هەیە بە پێی تێخوێندنەوەی ئێمە و شارەزایی و زانیارییەكانی ئێمە، خەڵكێك لە سوننە دەكوژرێ و خەڵكێكیش لە شیعە، بەڵام پێمان وایە ئەگەر سەرنجی هەردوولا بدەین لە ســەرەتاوە زیاتر بار بەلای (زەرقاوی)و گروپەكەی دا دەكەوێت دواییش زیاتر بەلای شیعە توند ڕەوەكاندا، ئەو فەتوایەش كە(زەرقاویی) دەری كرد ئەوە بوو زانایانی ئیسلام هەموویان ڕەخنەیان لێگرت وقسەكەی قسەیەكی ناشەرعی و هەڵە بوو، هەم پێچەوانەی شەرع و هەم پێچەوانەی عەقڵو سیاسەتیش بوو، كە خەڵكی هاندا لەسەر كوشتنی شیعەكان بە بەبێ جیاوازی، كە بێگومان ئەوە شتێكی زۆر نابەجێیە، چونكە ئەهلی سوننە وجەماعە كە زۆرینە (جمهرة)ی مسوڵمانانن بە درێژایی مێژوو هەمیشە هەڵوێستیان لەگەڵ نەیارانیان دا كە ناویان ناون (اهل البدع) بە هەموو جۆر و شــێوەكانیانەوە هاوسەنگ و دووربینانەوە نەرم بووە، بەڵام هەڵوێستی خەڵكی دیكە بەرانبەر ئەهلی سوننەو جەماعە توند بووە!

ئەوەتا (علی بن ابی طالب) خوا لێی ڕازی بێ، خەواریج بە كافریان دادەنا بەڵام كاتێك پرسیاری لێ دەكەن دەربارەی خەواریج دەفەرموێ: (اخواننا بَغَوا علینا) برامانن بەڵام زوڵمان لێ دەكەن !

پێیان گوت: ئەدی كافر نین؟ فەرموی: نەخێر (من الكفر فرّوا) ئەوان لە كوفر ڕایان كردوە! گوتیان: ئەدی منافیق نین؟ فەرمووی: نەخێر خوای پەروەردگـــــار دەربارەی مونافیقەكان فەرموویەتی ﴿ لا یذكرون الله الا قلیــلا ﴾ (النساء 142).

واتە: تەنیا بە كەمی یادی خوا دەكەن، بەڵام ئەوانە نوێژ دەكەن وقورئان دەخوێنن وعیبادەتی زۆریشیان هەیە، بەڵام هەرچۆنێك بێ برامانن و لەسەر ناهەقن !!

ئەوە هەڵوێستی خەلیفەکانی پێغەمبەر ﷺ و ئەهلی سوننەو جەماعەیە کە بە دوای هاوەڵانی بەڕێزی پێغەمبەر ﷺ کەوتوون! کەواتە بە ڕاستی بە کافر دانانی شیعەکان و بە ڕەوا زانینی کوشتنیان شتێکە پێچەوانەی ئیمان و عەقیدەو پێچەوانەی بۆچوون و ڕێڕەوی زانایانی ئەهلی سوونەو جەماعەیە، بەڵام بێگومان کەسانێکیش هەن لە نێو شیعەدا کە هەڵەو پەڵەی زۆریان هەیە، ڕۆژانە دەبیستین کە ڕەمزێك یاخود وتاربێژێك و بانگخوازێکی سوننە دەکوژرێ! هەر ڕۆژە چەندین تەرمی خەڵکی سوننە دەدۆزرێتەوە[1]، کە بێگومان ئەوەش دەستی ئەوانیشی تێدایەو ڕەنگە دەستی خەڵکی دیکەی سێیەمیشی تێدا بێ! بە تایبەتیش کە باسی شەڕی ڕەگەزی و تائیفی دەکرێ خەڵکی دیکەی خاوەن غەرەزی خراپیش دەتوانێ لەو نێوانە دەوری خۆی ببینێ، وەك گوتراوە ڕاوکەری خراپ لە ئاوی لوڕاودا ڕاوی دەکات!

شـەشـەم : واقیعـی کوردستان

من تێڕوانینم بۆ واقیعی کوردستان لەم چەند خاڵانەدا دەخەمە ڕوو :

1- خوای دادگەر دەفەرموێ ﴿وَإِذَا قُلْتُمْ فَاعْدِلُوا﴾(الانعام –152) ئەگەر
قسەتان کرد دادگەربن، خەڵکێکی ئێمەی ئیسلامیی هەیە کە
تەماشای برادەرانی (یەکێتی و پارتی) دەکات کە ئەمڕۆ دوو ئیدارەیان
پێك هێناون – هەرچەندە ئەوان ناویان لێناوە حکوومەت بەڵام لە
ڕاستی دوو ئیدارەی حیزبین کوردستان بەڕێوە دەبەن- کە تەماشای
ئەوان دەکات هەموو شتێکیان بە خراپ دەبینێ و نیشانەی چەوت
(×)یش بەسەر هەموو شتێکیان دادێنێ! بەڵام لە ڕاستی دا ئەوە بێ
ئینسافییە، چونکە خوای کاربەجێ دەفەرموێ ﴿ وَلاَ يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَآنُ
قَوْمٍ عَلَى أَلاَّ تَعْدِلُوا ﴾ (المائدة –8) با ڕق هەستانتان لە کەسانێك – کە

(1) دیارە ئێستا کوژرانی خەڵکی سوننی بە دەست سوپای ڕەسمی و میلیشایی نارەسمی شیعە زۆر زیادی کردوە.

ڕقتان لە هەلسوکەوت و کەموکووڕی و هەڵەکانیان هەڵدەستێ – واتان لێ نەکات کە دان بە چاکەکانیشیان دانەهێنن و نادادگەر بن !

بێگومان دەبێ ئێمـــە بزانین برا و خوشـــکانی بەڕێزا! ئەم واقیعەی ئێستای کوردستان کە برادەرانی (یەکێتی و پارتی) تیایدا حوکمڕان و حوکم بەدەستن، ئەوە بەرهەمی کرد و کۆششی ڕابردوویانە لەو پێناوەدا قوربانی یان داوە! بەڵێ ئێمە تێبینیمان هەیە لەسەر ئەو ڕێبازانەی گرتوویانەتە بەر هەر لە سۆشیال دیموکرات و مارکسیزم و لینینیزمەوە بگرە هەتا, دیموکراسی، لیبرالیزم، عەلمانیەت ..... هتد، بەڵـێ تێبینیمان زۆرە، بەڵام نکوڵی لەوە ناکرێ کە خۆیان ماندوو کردوە و هەوڵیان داوە و خەبات و بەرخۆدانی زۆریان کردووە، شەونخوونی زۆریان کێشاوە و خەڵکیان کوشتوە خەڵکیان بە کوشت داوە، تا لە ئەنجامدا بنکەو پێگەیەکی جەماوەرییان بۆ خۆیان دروست کردوە !

ئەوە ڕاستی یەکە دەبێ بزانرێ بۆ ئەوەی هەم تووشی بێ ئینسافی نەبین، وە هەم تووشی ئەوەش نەبین کە پرسیارێکمان ڕووبەڕوو ببێتەوە نەزانین وەڵامی بدەینەوە! ئەویش ئەوەیە کە: باشە مادام ئێمە و ئەو خەڵك و جەماوەرەش مسوڵمانین ئەدی بۆچ برادەرانی (یەکێتی و پارتی) کە هەردووکیشیان عەلمانیەتیان پیادە کردوە، کەچی ئەوان لە قۆناغەدا حوکمڕان و باڵادەستـن ؟! وەڵامەکەی ئەوەیە چونکە ئەوان ماندووبوون و قوربـــانی زۆریـــان داوە وە لە پێش ئێمـــەدا خەباتی شـار و شـــاخیان دەســت داوەتێ وخــواش فەرموویـــەتی: ﴿ وَأَنْ لَيْسَ لِلْإِنسَـانِ إِلاّ مَا سَعَى﴾ (النجم –39) بەڵام ئەم تێبینی یانەشمان لەسەریان هەیە :

2- هەردووك ئیدارەکە ئیدارەی حیزبین، دیارە ئێمە بە گشتی قسە دەکەین، بە بەڵگەی ئەوەی کە بەرپرسەکان زیاتر لە خۆیانن یاخود ئەوەی کە لە

خۆشیان نەبێ لە بن دەستی خۆیاندایە و بە ئاراستەی خۆیان بەڕێوە دەچێ! واتە برادەرانی (یەکێتی و پارتی)،کە ئەوەش بەڕاستی خاڵێکی لاوازە چونکە حکومەت کردن لە حیزبایەتی جیایە! حکومەت دەبێ بۆ هەموو میللەت بێ بەبێ جیاوازی، بەڵام حیزبایەتی تەنیا بۆ حیزبەکەی خۆشت بێ لێت بە عەیب ناگیرێ، بەڵام کە گوتت حکوومەتم دەبێ بۆ هەموو خەڵك بی، وەکو کورد دەڵێن: حکومەت بابی میللەتـــە، دەبێ باب بە یەك چاو سەیری خێزانەکەی ومنداڵەکان بکات، نەك هەندێکیان بە ڕەســەن و ئــەوانی دیکە بە زڕ دابنــێ! دەبێ بە یەك چاو ســـەیری هەموویان بکات و لە نێوانیشیاندا دادگەر بێت .

بەڕاستی ئەوە خاڵێکی زۆر لاوازە کە تا ئێستاش ئەو دوو ئیدارەیە نەیانتوانیوە خۆیان لە قاوغی حیزبایەتی بەرنە دەر، دوو ئیدارەی حیزبین! دیسان ئەوەش لێرەدا ئەوە ناگەیەنێ کە هیچ شتێکی چاکیان نیە ! بە تەئکید گەلێك خزمەتگوزاری و پرۆژەی باشیان پێشکەش کردوە، بەڵام لە قەپێلك و چوارچێوەی حیزب نەچوونەتە دەر، کە هەر ئەوەشە ڕێگای گرتوە لە یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارە کە خاڵێکی لاواز و سلبی یە بەسەر هەموو میللەتەکەمان دا دەشکێتەوە!

بیستم کە جارێك بەرپرسێکی ئەمریکی بە برادەرانی (یەکێتی و پارتی)ی گوتبوو: باشـــە ئێوە داوای کەرکـــووك دەکەن، گریمان ئەوە کەرکووکمان پێدان بەڵام بیلکێنین بە کام لە دوو ئیدارەکانتانەوە بە سلێمانی یەوە یان بە هەولێرەوە ؟!

3- هەوڵدانی برادەرانی (یەکێتی و پارتی)بۆ سەپاندنی عەلمانیەت بە فیکر و سیاسەتییەوە بە ڕاگەیاندنیەوە بە لایەنی ئەخلاقییەوە بەلایەنی کلتووری بەلایەنی هەڵسوکەوت و ئادابی کۆمەڵایەتییەوە ...... هتد .

کە بێگومان ئەو ڕەفتارەشیان خاڵێکی زۆر لاوازە، چونکە دەبینین لە شوێنانی دیکە خەڵك خۆشی بە عەلمانی ناو دەبات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە توندی دژایەتی دین ناکات وەك بڵێی: عەلمانیەکی هاوسەنگ و واقع بینە! بەڵام بە ڕاستی ئەو برادەرانەی لای ئێمە زۆر جار عەلمانیەتێکی توند ڕەو (متطرف) پیادە دەکەن، زۆر جار هەندێکیان بوونی لایەنێکی ئیسلامیی بەڕەسمی دەخەنە ژێر پرسیارەوە و لە ڕاگەیاندنەکانیان دا باس دەکەن کە مادام مسوڵمانین بۆچی دەبێ لایەنێکی ئیسلامیی هەبێ؟! ئێ کاکە ڕاستە هەموومان مسوڵمانین بەڵام خۆ هەمووشمان کوردین بۆچی دەبێ لایەنێکی کوردی نەتەوەیی هەبێ ؟! هەموومان مسوڵمانین بەڵێ! بەڵام بۆچی مامۆستایەکمان هەیە کە لە میحرابدا پێش نوێژی مان بۆ دەکات، هەمووشمان مسوڵمانین بەڵام دەبێ یەکێکمان لە پێشەوە بێ؟! دەجا وەك چۆن بۆ بەجێهێنانی نوێژ پێشەوایەکمان پێویستە و پەکمان لەسەر ڕیزبوون وڕێك وپێکی (النظام) کەوتوە، بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکانی دیکەی ئیسلامیش بە هەمان شێوە .

ئینجـــــا بە عەلمانی کردنی میللـــــەت و کۆمەڵگاش هەم لە ڕووی نەتەوەییەوە خراپە، هەم لەڕووی سیاسی یەوە، وەهەم لە ڕووی تەبایی نێو خۆشمانەوە، چونکە دینداریی و مسوڵمانەتی بەڕاستی هەوێنە! زۆر کەس وادەزانێ ئێستا لە ئەورووپا و ڕۆژئاوا دین هیچ کاریگەرییەکی نیە، نەخێر بەو شێوەیە نیە، ئەوەتا لە هەڵبژاردنی ئەم دواییەی ئەڵمانیادا حیزبێکی دینی حیزبێکی نەصرانی حوکمی بەدەستەوە گرت! یاخود دەڵێن: جۆرج بۆش سەرۆکی ئەمریکا هەموو یەکشەمەیەك دەچێ بۆ کەنیسە، وانیە کە خەڵك یەکجاری پشتی لە دین و خوا کردبێ! بە هەڵە یان بە ڕاست لە ڕۆژئاوا جۆرێك لە دینداریی وعیبادەتی شەخصی هەیە .

ئنجا بەڕاستی ئەوەی کەبرادەرانی عەلمانیی کوردستان دەستیان داوەتێ و دەیانەوێ بیکەن هەر ئەو ئەزموونە فاشیلەیە کە کاتی خۆی (کەمال ئەتاتۆرك) لە تورکیا کردی! بەو کارەشی تورکیای زۆر بە دواخست، تورکیا کە سەرقافڵەی میللەتان و وڵاتان بوو دوایی بوو بە پاشکۆ، بەڵام ئێستا وردە وردە خەریکە خەڵکەکە دەگەڕێتەوە و واز لەو کەمالیزمە دێنێ، ئەو عەلمانیەتە توند ڕەوەی کە (کەمال ئەتاتورك) ویستی بیسەپێنێ، کەواتە بۆچی ئێمە ئەزموونی هەڵەی خەڵکی دیکە دووبارە بکەینەوە ؟!

ئنجا بێگومان ئەگەر لە نێو میللەتەکەماندا دین و مسوڵمانەتی هەبێ، لە خوا ترسان و پابەندی بە شەرعەوە هەبێ، تێبینی کردن و ڕەچاو کردنی حەڵاڵ و حەرام هەبێ بە تەئکید تەبایی و برایەتی و پاکی و سەلامەتی زیاتر دەبێ، ئێستا لە نێو میللەتەکەماندا هەموو ڕۆژێك باسی ڕوودانی چەندین دیاردەی دزێوی وەك دزی و فەسادی ئەخلاقی و چی و چی دەکرێ، ئەوە هەمووی شوێنەواری بانگەشەی عەلمانیەت و بێ دینایەتی و قسە گوتن دژی خواو پێغەمبەر ﷺ و کاڵ کردنەوەی لایەنی دینداری و ڕووحی و عیبادەتە لای خەڵك !!

لە ئەنجامی عەلمانیەت و دوورکەوتنەوە لە دینداریی و مسوڵمانەتی‌دا کۆمەڵێك کێشەو گیروگرفتی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقیمان ڕووبەڕوو بوونەتەوە کە ئێستا نازانین چۆنیان چارەسەر بکەین! وەك ئەورووپا کە وەنەبێ لەو بارەوە وەزعی باش بێت، بەڵکو ئەوانیش گیریان خواردوە بەدەست کۆمەڵێك گیروگرفتی ئەخلاقی و خێزانی و کۆمەڵایەتی‌یەوە نازانن چۆنیان چارەسەر بکەن !

4- تێبینیەکی دیکەمان ئەوەیە کە بەڕاستی لە ڕووی نەتەوەیی یەوە، وە لە ڕووی ئیداریی و لە ڕووی دادگەری کۆمەڵایەتی و لە ڕووی ئازادیی یەوە ئەو دوو ئیدارەیە زۆر لە پاشن !

لە ڕووی نەتەوایەتی یەوە تا ئێستاش نەیانتوانیوە هەردوو ئیدارەکـە یەك بخەنەوە، ئیستاش خەڵك[7] لە هەولێر زیاتر هەسـت بە (پارتی) پایەتی خۆی دەکات، وە لە (سلێمانی)ش خەڵك[8] زیاتر هەسـت بە (یەکێتــی) پایەتی خۆی دەکات! باشە مادام لە هەردوولا بانگەشەی کوردایەتی دەکرێ با وابێ خەڵك هەست بە کوردایەتیی خۆی بکات لە دوای مسوڵمانەتی! وە لە ڕووی ئیدارییەوە ئەوە واقیعە کە لەبەرچاوە وشەی (گەندەڵیی ئیداری) وشەیەکی زۆر لەسەر زاران باوە، وە لە ڕووی دادگەریی کۆمەڵایەتیشەوە دەبینین کە هەرچی ئیمتیازاتی حکومی یە بۆ ئەندامانی هەردووك حیزبی دەسەڵاتدار قۆرخ کراوە، هەر لە زەوی دابەش کردنەوە بگرە تاکو دامەزراندن و هەرچی سوودمەند بوونی دیکەیە! بۆیە خەڵك و جەماوەری کورد نارازی و بێزارە، بەڵام زۆر جار دەستی ئەوەی شکاوە دەڵێن، نەبادا شتێك بکەین بۆ لایەنی نەتەوەییمان زیانی هەبێت، من پێم وایە دوای ئەوەی کە کێشەی نەتەوایەتیمان چارەسەر دەبێ - خوا یار بێ دان بە فیدراڵیەت دادەنرێت و بە تەواوی دەچەسپێ - بە ڕاستی ئەو خەڵکە ئاوا بێ دەنگ نابێ!! وە ئێمەش وەك لایەنێکی ئیسلامیی نابێ لەو قڕی و پڕی یە ڕابمێنین، نابێ لەو زوڵم و نادادگەری و گەندەڵیی ئیدارییە بێ دەنگ بین!

چونکە ئێمە نابێ تەنها ئەوە بە ناشەرعیی بزانین کە ئافرەتێك سەرپۆشی لەسەر نەبێ، یاخود گەنجێك لە ڕەمەزاندا بە ئاشکرا جگەرە

---

(7) واتە خەڵکی نێو پارتی .

(8) واتە خەڵکی نێو یەکێتی .

بکێشیێ! بەڵێ ئەوە ناشەرعی یەو بێ ڕێزییە بەرانبەر بە هەستی موسوڵمانان، بەڵام بەڕاستی ئەوەش زۆر ناشەرعییە کە زەوی دابەش دەکرێ‌و خەڵکێکی شایستە (مستحق)یشی لـێ بێ بەش دەکرێ! دەشبینین کە بە تەزکیەی حیزبی کابرا سێ چوار پارچە زەوی وەردەگرێ، لەگەڵ ئەوەشدا لە کۆشك و تەلارێکی گەورەدا دەژی، بەڵام ئەوی دیکە (کۆڵیت)ێك نیە تێیدا بحەوێتەوە! یان بۆ وێنە: هەمووومان پێکەوە پێشمەرگە بووین لە خەباتی شاخ‌دا بەشدار بووین،بەڵام پێشمەرگەی ئەوان هەموو تایبەتمەندی (امتیاز)یەکی‌هەیەو لە هەموو خێروبێرێکی ئەم کوردستانەدا سوودمەند بووە، بەڵام پێشمەرگەی ئێمە لە هەموو شتێك بێ بەشە!! باشە ئەدی ناڵێن کوردایەتی و پێشمەرگایەتی! خۆ ئێمەش وەك ئەوان پێشمەرگە بووین و بە یەکەوە خەباتی ڕزگاری خوازیمان کردووە!.

یان باسی ئازادی دەکرێ، بەڵام تەماشادەکەین ئافرەت ئازادە بۆ ئەوەی خۆی ڕووت بکاتەوە، بەڵام ئافرەتە موسوڵمانەکە ئازاد نیە بۆ ئەوەی خۆی داپۆشێ! ئەدی کابرا تۆ ناڵێی ئازادیی؟! ئێ وەك چۆن خۆ ڕووت کردنەوە ئازادییە لە وڵاتێکی موسوڵمانشین دا– کە ئەگەر دەستووری عێراق پیادە بکرێ نابێ ڕێگەی ئەوانەش بدرێ چونکە سووکایەتییە بە هەست و شعووری موسوڵمانان– بەڵام باشە ئەدی بۆچی دەبێ خۆداپۆشینی ئافرەتی موسوڵمان کێشەو گرفت بێ؟! بۆچی دەبێ بە پەندی (بانێکە و دوو هەوا) ڕەفتار بکرێ؟! وە هەروەها مەسەلەی ڕیش هێشتنەوەی گەنجان و هەندێك دیاردەی دیکەی وەك عیبادەتی زیاتر لە مزگەوتەکان دا، ئەوە هەمووی ڕێگەی لـێ‌دەگیرێ لە هەدووك ئیدارەکەداو پێشێلکارییەکی زۆر لەو بارەوە هەیە، کە بەڕاستی دەبێ ئێمە لە بەرانبەر هەموو ئەوانەدا هەڵوێستمان هەبێ و ناڕەزایی دەربڕین، کاتێك کە هەژارێك نان بڕاو دەکرێت، کاتێك زوڵمێك لە ڕووی ئازادییەوە لە خەڵك دەکرێت وە دەبێ دڵنیا بین کە

ناشەرعی یەکی گەورە کراوە! تەماشا دەکەین کەسێك لەسەر ئەوەی کە بابەتێك دەنووسێ و ڕەخنە لە دەسەڵات دەگرێ یەکسەر زیندانی دەکرێ، بەڵام کابرا قسە بەخوای پەروەردگار دەڵێ گوێی پێ نادەن!! ئێ کاکە ئایا تۆ ئەو کابرایەت پێ لە خوا گەورەترە؟! ئەدی ئێمە ناڵێیــــن: دینی ئەو میللەتە ئیسلامە و ئێمە وەك میللەتی کورد مسوڵمانین! باشە بۆچی کابرا قسە بە خواو پێغەمبەر ﷺ دەڵێ، قسە بە ئیسلام دەڵێ، گاڵتە بە ئایەتەکانی قورئان دەکات، ناگیرێ و زیندانی ناکرێ ؟!

بەڵام بۆ نابێ قسە بە سەرۆکەکەی تۆ بڵێ؟! لەسەر خوای پەروەردگارو پێغەمبەر ﷺ توورە نی، بەڵام لەسەر سەرۆك و حیزبەکەی خۆت توورەی!!

5- مەســـەلەیەکی دیکە ئەوەیە کە لە لایەن کەســـانێکی زۆر سایەی و هەردووك ئیدارەی دوو حیزبی حوکمڕانەوە دژایەتی ئیسلامییەکان دەکرێ وەك گوتم زۆر جار بانگەشەی ئەوە دەکرێ کە بۆچی ئیسلامییەکان هەبن، بۆچی ڕێگا بە بوونی لایەنە ئیسلامییەکان دەدرێت ؟! کاکە هەموومان مسوڵمانین!! بەڵێ برادەر خۆیشی بە مسوڵمان دەزانێ و قسەش بە ئیسلام دەڵـــێ !!

لە کۆتایی ئەم تەوەرەیەشدا دەڵێم: ئێمە وەك ئیسلامی کە ڕەخنە لەم واقیعە دەگرین، دەبێ ڕەخنە لە خۆشمان بگرین، بەڕاستی ئێمەش ساوایی و کرچ وکاڵی و کەموکووڕیمان زۆرە! بەڵێ خەڵك و جەماوەرەکەمان ئومێدی زۆری پێمانە و(انشاءالله) ئومێدەکەشی لە جێی خۆی دایە، بەڵام هەر دەبێ دان بە لاوازی و کرچ و کاڵیەکەماندا بهێنین، ئێستاش لەگەڵ دابێ خەڵکێکی زۆر نازانێ کە ئێمە دڵسۆزینی، خەڵکێکی زۆر هەر لەپاش پەردەی ڕەشەوە سەیرمان دەکات، ئێستاش خەڵك بەتەواوەتی نازانێ کە ئێمە بۆی دڵسۆزین و بە پشت بەستن بە شەریعەتی گشتگیر و دادگەری خوای کاربەجێ دەتوانین

هـــەموو ئاوات و خولیاو ئاواتەکانیـــان بێنینە دی وێڕای مســـۆگەرکردنی بەهەشت و ڕەزامەندی خوا لە دوارۆژدا .

مەبەستم ئەوەیە ئێمە وەك پێویست نەچووینە نێو خەڵك و خەڵك وەك پێویست نامانناسێ و بە هەڵـــــە بۆیان وێنا کراوین! ئەو پڕوپاگەندەیەی کە دژیشمان دەکرێ لەبەر ئەوەی کە بۆ خۆمان زمانێکی گۆیامان نیەو ڕەنگێکی گەشمان نەخستۆتە بەرچاوی خەڵك زۆرجار خەڵك بەو پڕوپاگەندەو بانگەشە خراپانە بڕوا دەکات! چونکە هەر کەسێك بۆخۆی خۆی پێناسە نەکات بۆ خەڵك، بێگومان ئەگەر بە هەڵە وێنا کرا و بە دزێوی نیشان درا نابێ جگە لە خۆی گلەیی لە کەسی دیکە بکات!

تەوەرەی سێیەم: لە داهاتوودا چی بکەین و چۆن بکەین؟!

بەر لەوەی دەست بە تەوەرەی سێیەمی باسەکەم بکەم بە پێویستم زانی وەك یاد کردنەوەیەکی برای بەڕێزمان (مامۆستا ناصح) ئەندامی مەکتەبی سیاسیی (کۆمەڵی ئیسلامیی) لە خوای پەروەردگار بپاڕێینەوە کە لە ڕیزی شەهیدان دا حیسابی بکات، وە پلەو پایەی بەرز بێت، وە سێبووریی و ئارامی زیاتر بەسەر دڵی هەمووڵایەکدا بە تایبەتی بنەماڵەو کەسوکاری بەڕێزیدا بڕێژیت، وە خوای بەخشندە هەموو لایەکمان سەرکەوتووبکات ویارمەتیمان بدات ئەورێیەی ئەو برا بەڕێزانەمان تیایدا گیانیان تەسلیمیخوای کاربەجێ

کردوە ئێمەش درێژە پێدەری بین وە بێ لادان و کۆڵدان و وەستان هەتا ئێمەش خوا پشتیوان بێ ڕووحەکانمان بە پاکی تەسلیمی خوا دەکەینەوە .

بەڕێزان لە تەوەرەی سێیەمی وتارەکەم دا باسی ئەوە دەکەین کە لە داهاتوو دا چی بکەین و چۆن بکەین؟! بێگومان دوو تەوەرەی یەکەم و دووەم کە ڕابردن وەك خوێندنەوەیەکی ڕابردووئێستامان بوون، بەڵام ئایا ئێمە وەك (کۆمەڵی ئیسلامیی) بۆ داهاتوو کە خەڵکێکی زۆر هیواو ئومێدێکی زۆری پێمانە پێویستە چی بکەین و چۆن بکەین؟! کە خوای بەرز و مەزن لێمان ڕازی بێ، وە خەڵکە مسوڵمانەکانیش لەو ئومێد و هیوایەی کە بە ئێمەی هەیە بەهەڵەدا نەچوویێ بەڵکو ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر پێمان دڵخۆش و ئومێدەوارتر بێت .

جا من ئەم تەوەرەیە بۆ ئێوەی بەڕێز لە سێ خاڵی سەرەکی دا دەخەمە ڕوو کە هیوادرم زۆر بە سەرنجەوە وەك عادەتی هەمیشەیی خۆتان لەگەڵمدا بن، چونکە ئەوەی لەم تەوەرەی سێیەم دا باسی دەکەم پەیوەندی بە داهاتوومانەوە هەیە، پێویستە چی بکەین وە چۆن بکەین ؟!

خاڵی یەکەم : چەند بنەمایەکی گرنگی کاری ئیسلامیی (أساسيات للعمل الأسلامي) :

لەم خاڵەدا ئاماژە دەکەین بە چەند بنەما و بنچینەیەك کە بە قەناعەتی من هەڵقوڵاوی قورئان و سوننەتن، وەلە ئەزموون (تجربة)ی جموجۆڵ و چالاکی لایەنە ئیسلامی یەکان وەلە ئەزموونی جموجۆڵی خۆشمانەوە وەردەگیرێن :

1. <u>پێویستە پێناسەیەکی ڕاست و دروستمان هەبێ بۆ کار و چالاکی ئیسلامیی :</u>

که دەڵێین کاری ئیسلامیی (العمل الأسلامي) ئیش کردن بۆ ئیسلام، مەبەستمان پێی چی‌یە؟! لە ڕاستی‌دا کاری ئیسلامیی جۆرێکە لە طاعەت و عیبادەت کە ئێمە بۆ خوای پەروەردگار ئەنجامی دەدەین کە بە بانگەواز دەست پێدەکات وە بنیات نان و دروست بوونی کیان و دەوڵەتی ئیسلامیی کۆتایی دێت، کاری ئیسلامیی واتە ئیش کردن بۆ ئەوەی کە ئیسلام بەرنامەی ژیان بێت ئیسلام بەوشێوەیە بێ لە ژیانی ئێمەدا کە خوای بە بەزەیی ویستوویەتی و فەرمانی پێکردوە، جا ئایا خوای بەخشەر ویستوویەتی کە ئیسلام چۆن بێ؟ دەفەرموێ: ﴿الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمْ الإِسْلاَمَ دِينًا﴾ (المائدة –3) .

کەواتە: خوای پەروەردگار ویستوویەتی ئیسلام بەرنامەی ژیانی ئێمە بێت، چونکە ئەو ئایەتە لە حەجی ماڵئاوایی (حجة الوداع) دا هاتە خوارێ واتە کۆتا (بیتر)[9] **حەجی پێغەمبەر ﷺ وە لە ڕۆژی جومعەدا وەك لە (صحيح البخاري)دا هاتوە یەکێك لە جوولەکەکان بە عومەری کوڕی خەطابی گوت (خوا لێی ڕازی بێ): ئەگەر ئەو ئایەتە بۆ ئێمە دەهاتە خوارێ ئەو ڕۆژەمان دەکردە جەژن! عومەر (خوا لێی ڕازی بێ) گوتی: دەزانم ئەو ئایەتە لە چ ڕۆژێك و لە چ شوێنێکدا هاتە خوارێ، لە عەرەفە هاتە خوار کاتێك کە پێغەمبەر ﷺ لە عەرەفات وەستا بوو لە ڕۆژی جومعە لە ساڵی دەیەمی کۆچی دا، خوای زاناو توانا ڕایگەیاندوە بۆ ئێمەی ئیماندار و موسوڵمان بۆ ئۆمەتی پێغەمبەر ﷺ و دەماندوێنێ و دەفەرموێ: ﴿الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ﴾ ئەمڕۆ دینەکەتانم بۆ تەواو کردن، بەرنامەی ژیانتان تەواو بوو، ﴿وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي﴾ چاکەی خۆمم بەتەواوەتی بەسەر ئێوەدا ڕشت، ﴿وَرَضِيتُ لَكُمْ الإِسْلاَمَ دِينًا﴾ ئیسلامیشم بۆ بەرنامەی ژیانتان پەسند کردوە.**

---

(9) دیارەی پێغەمبەری خوا ﷺ تەنها ئەو حەجەشی کردوە .

جا كەواتە كاری ئیسلامیی بریتیە لەو جموجۆڵ و كرد و كۆشەی كە ئینسانی مسوڵمان وەك تاك یان كۆمەڵی مسوڵمان وەك كۆ (جمع) ئەنجامی دەدەن تاكو خۆیان و خەڵك و دەوروبەریان بەشێوەیەك بژین كە بەپێی دینی خوا بەڕێوە بچن، تاكو خوای بێ وێنە و هاوتا لێیان ڕازی بێ، وە سەرەنجام لە تاقی كردنەوەی ژیانی دونیا سەربەرزانە دەربچن .

جا دیارە ئینسانی مسوڵمان ئەگەر كاریش بۆ ئیسلام نەكات هەر مسوڵمانە، بەو مانایەی كە كەسی وا هەیە لە توانای دا نیە خەڵك بانـــگ بكات بۆ ئیسلام، لە توانای دا نیە بۆ وێنە جەنگ و جیهادی ئیسلامیی بكات، یان ڕاستی یەكانی ئیسلام بۆ خەڵك ڕوون بكاتەوە، یان فەرمان بە چاكەو ڕێگریی لە خراپە بكات، هەر بۆیەش لە پێناسەی كاری ئیسلامیی دا گوتوومانە جۆرێكە لە طاعەت و عیبادەت، وە هەر بۆیـــــەش ئێمە وەك (كۆمەڵی ئیسلامیی)–بە پێچەوانەی ئەوەوە كە زۆر جار ناحەزان بانگەشەمان بۆ دەكەن و پڕوپاگەندەمان لە دژ دەكەن – ئێمە تەنیا خۆمان بە مسوڵمان نازانین! بەڵكو ئێمە ئەو میللەت و كۆمەڵگایەش كە دەمانەوێ خۆمان و ئەوان زیاتر لە دینی ئیسلام تێبگەیەنین و زیاتر بەرەو ئیسلامیان بێنین، وە بەشێوەیەك بین كە شەریعەتی خوا بەسەر ژیانماندا حاكم بێت، خۆمان و ئەوانیش بە مسوڵمان دەزانین، بەڵێ ئێمە بە ئەركی سەرشانی خۆمانی دەزانین كە شەریعەتی خوای دادگەر بكەینە كالای بالامان و بیكەینە بەرنامەی ژینمـــان وەك كە خوای پەروەردگار لەســـەری فەرز كردوین و فەرمانی پێكردووین .

2. <u>هەرچەندە ئامانجی دوورو ستراتیژی كاری ئیسلامیی بریتی یە لە پێكهێنانی دەوڵەتی ئیسلامیی، وە پیادەكردنی شەریعەت، چونكە خوا وای فەرمووە و بەوە نەبێ لێمان ڕازی نابێ، بەڵام هەموو قۆناغەكانی كاری ئیسلامیی لە خودی خۆیاندا بە ئامانجی شەرعیی دادەنرین :</u>

ئینسان چ وەك تاكێك كە دەچێ خەڵك فێری نوێژ و ڕۆژوو دەكات و فێری عیبادەت و ئەخلاقی ئیسلامی یان دەكات، فێری برایەتی و ماڵ بەخشینیان دەكات، فێری خزمایەتی و سیلەی ڕەحمیان دەكات. فێری ڕێزگرتن لە خۆ گەورەتریان دەكات و فێری بەزەیی هاتنەوە بە كەسانی لە خۆ گچكە تریان دەكات، هەموو ئەو شتانە كە مسوڵمان پێیان هەڵدەستێ چ وەك تاك چ وەك كۆمەڵ، لە خودی خۆیاندا ئامانجی شەرعین، كەواتە ئێمە با پێمان وانەبێ ئەگەر نەمانتوانی بگەینە دەسەڵاتی ئیسلامیی، نەمانتوانی بگەینە قۆناغی پێكهێنانی كیان و قەوارەیەكی ئیسلامیی و پیادەی بكەین لە وڵاتی خۆماندا با پێمان وانەبێ كە بە ئامانج نەگەیشتووین! لە ڕاستی دا هەر كارێكی ئیسلامیی كە دەكرێ لە خودی خۆی دا ئامانج (هدف)ە، بۆ نموونە: بانگەواز ئامانجێكی ئیسلامییە ﴿ادْعُ إِلَى سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ﴾ (النحل –125) زۆرێك لە پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) تەنیا لە قۆناغی بانگەواز دا بوون و سەریان ناوەتەوەو نەگەیشتوونە قۆناغەكانی دیكە، بەڵام هەر پێغەمبەرانی خواش بوون و هەر هەڵبژێردراوی نێو ئادەمیزادانیشن! ﴿اللَّهُ يَصْطَفِي مِنَ الْمَلَائِكَةِ رُسُلًا وَمِنَ النَّاسِ إِنَّ اللَّهَ سَمِيعٌ بَصِيرٌ﴾ (الحج – 75)

كەواتە هەر كارێك لە كارەكانی ئیسلام و لەوانەی كە خواو پێغەمبەری خوا لە قورئان و سوننەت دا فەرمانیان پێ كردوون كە ئێمە لە خودی خۆماندا بیانكەین یان وا بكەین كە خەڵك بیانكات لە خودی خۆیاندا ئامانجی شەرعین، وە پێویستە لەسەریان مكوڕ بین وە ئەگەر نەگەیشتینە قۆناغی كۆتایی پێمان وانەبێ ڕەنج بەخەسار بووین!! ئەوەش خاڵێكی زۆر گرنگە بۆ ئەوەی هەر كارێكی ئیسلامیی گرنگیی خۆی پێ بدەین .

وە لە ڕاستی دا كاری ئیسلامیی وەك هۆ (وسیلة) تەماشا ناكەین بۆ پێكهێنانی دەوڵەتی ئیسلامیی بەڵكو شێوازەكانی كاری ئیسلامیی هەر شێوازێكی لەهەر قۆناغێكدا لە خودی خۆیدا ئامانجە، وەك چۆن پێكهێنانی

دەوڵەتی ئیســـــلامییش ئەوئامانجی کۆتایی‌یە، ئەوانی دیکەش وردە ئامانج (هدف)ن .

ئنجا مەبەست و ئامانجیش لەکاری ئیسلامی ئەوەیە کە خەڵك دیندار بکەین و خواپەرست بکەین، خەڵك وا لـێ بکەین خواپەرستی و دینداریی بکات، ژیانەکەی بەو شـــێوەیە بەڕێوەبـــەرێ کە خوا پێی خۆشـــە، هەموو پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) وەك خوای پەروەردگار لێیان دەگێڕێتەوە داوا لە قەومەکان دەکەن کە خوا بپەرستن بێجگە لە خوا پەرستراوێکی دیکەتان نیە ﴿ يَاقَوْمِ اعْبُدُوا اللَّهَ مَا لَكُمْ مِنْ إِلَهٍ غَيْرُهُ ﴾(الأعراف-59،65، 73،85) .

جا براو خوشکانی بەڕێز! ئەوە زۆر خاڵێکی گرنگە ئێمە ئامانجمان لە کاری ئیسلامیی ئەوەیە کە ئەو خەڵکەی پێمان وایە لە ئەوان شارەزاترین و بەرچاو ڕوونترین لە دینی خوادا وایان لێ بکەین خوا پەرست و دیندار بن تا خوا لێیان ڕازی بێ، وە بەختەوەری دنیا و سەرفرازی دوا ڕۆژ بن، واتە ئێمە ئیشی خۆمانمان بە خەڵك نیە بەڵکو ئیشی خۆیانمان پێیانە!

ئیشی ئەوەمان پێیانە خۆیان بەختەوەربن، نەك بیانکەینە وەسیلەیەك بۆ خۆمان وەك عادەتی طاغوتەکان و ڕێچکە و پەیڕەوزەکانیان! ئەوە زۆر خاڵێکی گرنگە!

بەڵێ ئێمە لە چوارچێوەی لایەنێکی ئیسلامیی دا کار دەکەین لەبەر ئەوە کە بەو هۆکارە نەبێ واقیعمان پێ ناگۆڕێ ، نەك ئەوە کە ئێمە خەڵکمان وەك وەسیلە و ئامراز (اداة) پێویست بێ بۆ مەرامێکی تایبەتی خۆمان، نەخێر تەنیا ئیشی خۆیانمان پێیانە، ئیشی ئەوەمان پێیانە کە لە دونیادا بەختەوەر بن و لە دواڕۆژدا سەرفراز بن، ئێمەش پاداشتێکمان دەست دەکەوێ لەبەر ئەوەی بەبەشێك لە دینداریی و تاعەتێك کەلەسەر شانمانە هەستاوین .

4- <u>بنەما و حەقیقەتێکی دیکە لە کاری ئیسلامیی دا ئەوەیە کە هەمیشە گۆڕینی نەفس بناغەیە بۆ گۆڕینی واقیع</u>

خـــواى بەرز دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ اللَّهَ لاَ يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ حَتَّى يُغَيِّرُوا مَا بِأَنفُسِهِمْ﴾ (الرعد-11)

واتە: خوا واقیعی هیچ گەل و کۆمەڵگایەك ناگۆڕێ تاکو واقیعی دەروونی خۆیان نەگۆڕن .

بەڵێ گۆڕان لە نەفسەوە دەست پێ دەکات، کەواتە دەبێ ئێمە تەماشای ئەوە نەکەین کەی دەسەڵات بەدەستەوە دەگرین! بۆیە لە ئیسلامدا بە چەك و هێز و زەبر و زەنگ دەسەڵات فەرز کردن بەسەر خەڵکدا ڕەوا نیە، بەڵکو دەبێ لە بانگەواز و تێگەیاندن و پێگەیاندنی خەڵکەوە دەست پێ بکرێ! لەوەوە کە خەڵك خوای خۆی بناسێ و بیپەرستێ، بەدوای پێغەمبەری خوا ﷺ بکەوێ، تێبگات کە خوا بۆچی دروستی کردوە، ڕێککەون یەککەون بە یەکدەنگی‌یان زۆرینەی خەڵك بڕیار بدرێ کە شەریعەتی خوا لە ژیانی خۆیاندا حاکم بکەن .

پێغەمبەری خوا ﷺ هەتا دڵ و دەروونەکان(أنفس)ی خەڵکی مەدینەی نەگۆڕی نەیتوانی واقیعی خەڵکی مەدینـــە (یثــرب) بگۆڕێ ! نوێنەرانــی ئەوس و خەزرەج مسوڵمان بوون وهاتن پەیمانیان بە پێغەمبەردا ﷺ دوای ئەوەی کە پێشتر (مصعب بن عمیر)ی ناردبوو (خوا لێی ڕازی بێ) بانگی کردبوون بۆلای خوا و ئیسلامی تێگەیاندبوون، وەك لە سیرەی (ابن هاشم)دا دەڵێ: (مابقیت دار من دور الانصار الاو دخلها الاسلام) دوای ئەو نوێنەرانی یەثریب هاتن و پەیمانیان بە پێغەمبەردا ﷺ کە بیکەن بە براگەورەو سەرۆکی خۆیان و ئەویش بچێ لە شاری مەدینە دەوڵەتی ئیسلامیی دابمەزرێنێ !!

نەك بچێ بە زۆر بە چەك و سوپا ئیسلامیان بەسەردا فەرز بکات، ئەوە دروست نیە لە ئیسلامدا .

کەواتە گۆڕینی نەفس بناغە (أساس)یە بۆ گۆڕینی واقیع بەڵام دیسان گۆڕینی واقیعیش کار دەکاتە سەر گۆڕینی خەڵك! بۆیە ئیسلام دەڵێ دەبێ

دەوڵەت هەبێ! ئیسلام دەڵێ دەبێ کار بکرێ بۆ ئەوەی حوکمڕانی بەدەست ئەهلی ئیمانەوە بێ، چونکە هەرکاتێك ئیسلام دەسەڵاتی هەبوو فەرمان بە چاکەو ڕێگری لە خراپە زۆر باش دەکرێ، ڕاستی یەکانی ئیسلام زۆر باش ڕوون دەکرێنەوە، بیروڕا پووچەکان ئاسانتر دەپووچێنەوە، کەش و هەوایەکی پاك دروست دەبێت کە خەڵك دینداریی تێدا بکات و ژیانێکی مسوڵمانانەی تێدا بگوزەرێنێت! بەڵێ گۆڕینی واقیعیش دیسان کاریگەری دەبێ لەسەر گۆڕینی دەروونەکان، بەڵام گۆڕینی نەفس بناغەیە بۆ گۆڕینی واقیع .

4. پاڵنەر و هاندەری کاری ئیسلامیی بریتییە لە بەزەیی و پەرۆش بۆ خەڵك :

ئێمە بۆیە خەڵك بانگ ناکەین بۆ ئیسلام ڕقمان لێیان بێت، ئێمە بۆیە کاری ئیسلامیی ناکەین ڕقمان لە خەڵك و کۆمەڵگاو دەوروبەرمان بێت، بەڵکو لەبەر ئەوەی کە بەزەیی مان پێدا دێن و خۆشمان دەوێن ، دەمانەوێ ئەو نیعمەتەی کە خوا (تبارك وتعالی) ئێمەی لێ بەهرەمەند کردوە ئەوانیشی لێ بەهرەمەند بکەین!

من شتێکی خۆشتان بۆ بگێڕمەوە، جارێك ئەوە بوو لە یەکێك لە شارەکانی کوردستان پێشتر بارەگامان هەبوو، بەڵام دوایی کێشەیەك پەیدا بوو بارەگاکەمان نەما، دوای چارەسەری کێشەکە بارەگاکەمان بۆ شوێنی خۆی گەڕابۆوە، منیش چووم بۆ پیرۆزبایی لێکردنیان، لە سەردەمی (بزووتنەوەی ئیسلامیی) پێشوودا، لافیتەیەکیان هەڵواسیبوو لێی نووسرابوو: با دوژمنانی ئیسلام بزانن کە بزووتنەوەی ئیسلامیی هەر دێتەوە! گوتیان مامۆستا ئەو لافیتەیەت پێ چۆنە؟ گوتم: باشە بەڵام یەك وشەی لێ بگۆڕن ئەویش ئەوەیە لەجیاتی دوژمنانی ئیسلام بنووسن دۆستانی ئیسلام ئەوکات ئاوای لێ دێت: (با دۆستانی ئیسلام بزانن کە بزووتنەوەی ئیسلامیی هەر دەگەڕێتەوە) گوتیان کەوابێ دروشمەکەمان هەڵدەگەڕێتەوە، گوتم: جا ئەگەر

هەڵگەڕێتەوە ئەوکات ڕاست و دروستە! گوتیان چۆن؟ گوتم: بەو شێوەی نووسیوتانە یەکسەر خەڵك ئەو سەرنجەی لـێوەردەگرێ کە: ئەو خەڵك و کۆمەڵگایەی دەوروبەرتان هەمووی بە دوژمنی خۆتان و دوژمنی ئیسلام دەزانن و پێیان دەڵێن: هەرچەندە پێتان ناخۆشەو ناحەزیشمانن بەڵام هەر دێینەوە!! بەڵام ئەگەر وەك من دەڵێم بنووسن: (با دۆستانی ئیسلام بزانن .....) ئەو کات ئەوە دەگەیەنێ کە: ئێوە هەموو دۆستن ئێمەش ئێوەمان خۆش دەوێ بۆیە دێینەوە نێوتان !!

بەڵێ برایان خوشکان دەبێ ئێمە بەو ڕووحیەتەوە کاری ئیسلامیی بکەین، ئێمە خەڵکی مسوڵمانی خۆمانمان خۆش دەوێ، وە ئەوەی کە مسوڵمانیش نەبی بەزەیی مان پێدا دێتەوە، مرۆڤایەتی دوای ئەوەی کە محمد المصطفى ﷺ هاتووە هەمووی ئوممەتی (محمد)ە، جا هەیە ئوممەتی بەدەنگەوە هاتوو (مستجیب)ە و هەیە هەر ئوممەتی بانگکراو (مدعو)ە، هەیە بەدەم بانگی پێغەمبەرەوە هاتوە و هەیشە بەدەم بانگەکەیەوە نەهاتوە بەڵام هەر بانگ کراوە، بە بەڵگەی ئەوەی کە خوای بەرزو مەزن دەفەرموێ : ﴿ قُلْ يَاأَيُّهَا النَّاسُ إِنِّي رَسُولُ اللّهِ إِلَيْكُمْ جَمِيعًا ﴾ (الأعراف –158)

واتە : (ئەی موحەممەد) بڵێ ئەی خەڵکینە! من پێغەمبەری خوام بۆ هەمووتان وێکڕا .

بەڵێ تێکڕای مرۆڤایەتی لەدوای ئەوەی کە (محمد المصطفى) هاتوە هەمووی لەسەر میلاکی (محمد)ە جا ئەوەی بەدەم بانگیەوە هاتوە مسوڵمانەو ئەوەی بەدەم بانگیشیەوە نەهاتوە لەسەر کوفر ماوەتەوە، بەڵام ئەویش هەر دیسان بانگ کراوە .

ئێمە دەبێ بەو چاوە لە خەڵك بڕوانین و کاری ئیسلامیی بەو هاندەرە بکەین کە ئێمە شتێکمان پێیەو دەمانەوێ ئەوانی لێ بەهرەمەند بکەین، نەك

لەڕووی بوغز و قین و جێ بە خەڵك لێژ کردن و هەوڵدان بۆ شوێن گرتنەوەی ئەوان .

5. **مەبەست (غاية) لە کاری ئیسلامیی بریتی‌یە لە ڕازی کردنی خوا- جل شــــــأنه -:**

بۆیە ئینســـانی مسوڵمان، وە کۆمەڵی مسوڵمان هەمیشـــــە مەبەست (غایە)کەی مسۆگەرە، بۆچی؟ چونکە تۆ کە یەکەم هەنگاوت نا لە پێناوی خوادا خوای بەخشندەدا پاداشتەکەت بۆ دەنووسێ یا نەشگەیە ئامانج و یا لە نیوەی ڕێگاش مردن یەخەت پێ بگرێ، بۆیە دەبینین خوای پەروەردگار لە سورەتی (ألنساء)دا دەربارەی ئەوانەی لە پێناو خوادا کۆچیان کرد دەفەرموێ:

﴿ وَمَنْ يَخْرُجْ مِنْ بَيْتِهِ مُهَاجِرًا إِلَى اللَّهِ وَرَسُولِهِ ثُمَّ يُدْرِكْهُ الْمَوْتُ فَقَدْ وَقَعَ أَجْرُهُ عَلَى اللَّهِ ﴾ (100)

واتە : هەرکەسێك لە پێناوی خوا لەپێناوی ڕازی کردنی خوادا لە مـالّی خۆی بچێتە دەر دوایی مردن بیگرێ و بیگاتە سەر ئەوە پاداشـــــــتی لەسەر خوایە .

جا براو خوشکەکانم! با ئێمە دڵخۆش بین، ئەگەر ئێمە دڵسۆز بین وخۆمان بۆ خوا یەکلا کردبێتەوە لە دڵەوە، مەبەستێکی دنیایی مان نەبێت تەنیا ئەوە نەبێت کە خوا لێمان ڕازی بێت، لە تاقی کردنەوەی ژیانی دونیادا سەربەرزانە دەرچین، وە ڕووی ئەوەمان بێت لە ژێر ئاڵا (عَلَم)ی پێغەمبەردا ﷺ حەشر بکرێین، تەنیا ئەوە پاڵنەرمان بێ، ئەوە مەبەست(غاية)ە مان هەمیشە مسۆگەرە، ئەگەر ئیش و کاری دنیاشمان نیوە چڵ بێ و لە نیوەی ڕێگاشدا بمرین و بکوژرێین، هەر شتێکمان لێ بەسەرهات مەبەست(غاية)ەکەمان هەر مسۆگەرە، مەبەستیش لە ئیسلامدا هەر ئەوەیە کە ﴿ يَبْتَغُونَ فَضْلاً مِنْ اللَّهِ وَرِضْوَانًا و رضوانا﴾ (الفتح -29) فەزڵی خواو ڕەزامەندی خوا دەخوازن، فەزڵی

خوا بریتی یە لە بەخشش و بەهەشتی ڕازاوە، ڕەزامەندیی خواش لە هەموو شتێك گەورەترە ﴿وَرِضوانٌ مِنَ اللهِ أكبر﴾ (التوبة –72) .

6. کاری ئیسلامیی هیچ کاتێك لە تاقی کردنەوە (ابتلاء) خاڵی نابێت :

بەڵێ با پێمان وانەبێ دەتوانین ئیش بۆ ئیسلام بکەین و تووشی ناڕەحەتی و دەردەسەری نەبین!! ئەوەش حەقیقەتێکـــە زۆر لە ئایەتەکانی قورئان ڕوونیان کردۆتەوە و داکۆکیان لەســەر کردوە، بۆ وێنە خوای زاناو شارەزا دەفەرموێ :

﴿ الم، أَحَسِبَ النَّاسُ أَنْ يُتْرَكُوا أَنْ يَقُولُوا آمَنَّا وَهُمْ لاَ يُفْتَنُونَ﴾ (العنكبوت –1،2).

واتە : ئەلیف . لام . میم، ئایا خەڵکی پێیان وایە تەنیا بەوەندە کە دەڵێن ئیمانمان هێناوە وازیان لـێدەهێنرێ بێ ئەوەی تاقی بکرێنەوە؟!

واتە هەرگیز شتی وانابێت .

هەروەها لوقمان خوا لێی ڕازی بێ کە خوا حیکمەتی پی بەخشیبوو، ئامۆژگاری کوڕەکەی دەکات وەك خوای بەرز و بێ هاوتا لێی دەگێڕێتەوە و دەفەرموێ: ﴿ يَابُنَيَّ أَقِمْ الصَّلاَةَ وَأْمُرْ بِالْمَعْرُوفِ وَانْهَ عَنْ الْمُنكَرِ وَاصْبِرْ عَلَى مَا أَصَابَكَ ﴾ (لقمان –17)

واتە: کوڕیشگەکەم! نوێژ بەرپا بکەو فەرمان بە چاکە بکەو ڕێ لە خراپە بگرەو خۆڕاگریش بە لەسەر ئەوەی کە بەسەرت دێ .

واتە هەرکەسێك فەرمان بە چاکە بکات و ڕێگریی لە خراپە بکات و بیەوێ خوا لە خۆی ڕازی بکات، بە تەئکید دەبێ خۆڕاگر بێ چونکە تووشی ناڕەحەتی و دەردەسەریی دێ، بەڵام گرنگ ئەوەیە ئەو گرفتاری و تاقی کردنەوانەی دێنە ڕێگامان سزای هەڵەکانمان نەبن!! چونکە مەرج نیە هەر مسوڵمانێك تووشی گرفتـــاریی و ناڕەحـــەتی یەك بوو، ئەو گرفتاریی و ناڕەحەتی یە هەڵقوڵاوی دینداری یەکەی بێت !

جاری وا هەیە هەڵقوڵاوی لادانیەتی لە ڕێبازی شەرع، هەڵقوڵاوی هەڵەو کەموکووڕییەکانی خۆیەتی، بۆیە دەبێ وریابین، جاری وایە لایەنێکی ئیسلامیی، کۆمەڵە مسوڵمانێك تووشی باجێکی قورس و ناڕەحەتی یەکی زۆر دێن لەبەر ئەوەی لە شەرع لایانداوە ڕەچاوی یاساکان (سنن)ی خوای پەروەردگاریان نەکردوە، چونکە ئەو کەسەی ڕەچاوی یاساکانی شەرع ناکات لەگەڵ ئەو کەسەی ڕەچاوی یاساکان (سنن) ی خوا ناکات هەردووکیان گوناحبارن، وەك چۆن کەسێك بەبێ دست نوێژ نوێژ بکات گوناحبارە، کەسێکیش مەلەکردن نەزانێ و خۆی لە دەریا باوێ هەر گوناحبارە، ئەوەی کە بەبێ دەست نوێژ نوێژ دەکات پێچەوانەی حوکمێکی شەرعی جووڵاوەتەوە کە خوای کاربەجێ دەفەرموێ: ئەگەر هەستان بۆ نوێژ دەست نوێژ بگرن[10]، ئەو کەسەش کە بەبێ ئەوەی مەلە بزانێ خۆی لە دەریایەك دەهاوێ پێچەوانەی یاسا (سنة)یکی خوا جوڵاوەتەوە چونکە خوا–سبحانە وتعالی– دەفەرموێ: ئەگەر ویستت شتێك بکەی دەبێ هۆکار (سبب)ی بۆ ساز بکەی وەك لە بارەی (ذوالقرنین)ەوە فەرموویەتی : ﴿ وَآتَيْنَاهُ مِنْ كُلِّ شَيْءٍ سَبَبًا ﴾ (الكهف – 84) .

جاری وا هەیە مسوڵمان تووشی باج دانێکی گەورە دێت، تووشی کێشەو گرفتێکی گەورە دێت لەبەر ئەوەی پێچەوانەی یاسایەکی خوایی دەجووڵێتەوە و واقیع بین نەبووە، توانای خۆی نەزانیوەو هەل و مەرجەکەی خۆی نەناسیوە، یان لەبەر ئەوەی لە یاساکانی شەرع لایداوە، بەڵام دەبێ دڵنیابین کە ئێمە هەرچەندە حەکیم و لێزان بین تووشی تاقی کردنەوە هەر دێین !

بە بەڵگەی ئەوەی کە هیچ کەسێك لە پێغەمبەران (علیهم الصلاە والسلام) لێزانتر نەبووە، هیچ کەسیش لەوان بەربەڵاترو تاقی کراوەتر نەبووە!

---

(10) مەبەست ئایەتی ژمارە (6)ی (المائدة)یە کە خوای زانا لە سەرەتایەکەوە فەرموویەتی : ﴿ يا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا قُمْتُمْ إِلَى الصَّلَاةِ فَاغْسِلُوا وُجُوهَكُمْ وَأَيْدِيَكُمْ فاغسِلُوا وُجُوهَكُمْ وَأَيْدِيَكُمْ إِلَى الْمَرَافِقِ وَامْسَحُوا بِرُءُوسِكُمْ وَأَرْجُلَكُمْ إِلَى الْكَعْبَيْنِ ﴾

وەك پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ: (ان أشد الناس بلاءً الانبياء ثم الأمْثَلُ فالأمْثَل ..) رواه البخاري .

واتە : بێگومان پێغەمبەران لە هەموو کەس تاقی کردنەوەیان سەخت ترە، ئنجا پێ بە پێ (واتە کێ زیاتر وەك پێغەمبەران بچێ تاقیکردنەوەکەی قورستر دەبێ) .

کەواتە خۆ لەبەر بێ حیکمەتی نەبووە کە پێغەمبەران تووشی نارەحەتی بوون، بەڵکو لەبەر زێدە سەر ڕاستی و مەبدەئی بوونیان بووە، بەڵێ ئێمە ئەگەر سەر ڕاست و مەبدەئی بین تووشی تاقی کردنەوەی زۆر دێین، بەڵام گرنگ ئەوەیە عاقڵ و لێزان بین کێشەو گرفت و نارەحەتی یەکانمان لەبەر هەڵەو کەموکوڕی‌یەکانمان نەبن، ئەگەر نا دەبێ ئەوە لای ئێمە شتێکی ڕوون و سەلمێنراو بێ کە تەنیا ئیمان بە خوا بوونمان بەسە بۆ ئەوەی دژایەتیمان بکرێ! بەبەڵگەی ئەوە کە خوای بێ هاوتا دەفەرموێ: ﴿وَمَا نَقَمُوا مِنْهُمْ إِلاَّ أَنْ يُؤْمِنُوا بِاللَّهِ الْعَزِيزِ الْحَمِيدِ﴾ (البروج -8)

واتە : (ئەصحاب الاخدود کاتێك ئەو کۆمەڵە مسوڵمانانەیان سووتاند) هیچ شتێکیان لێ بە ڕەخنە نەگرتبوون تەنیا ئەوە نەبێ کە ئیمانیان هەبوو بە خوای زاڵی ستایش کراو .

بەڵێ تەنیا ئیمان هەبوون بە خوا بەسە بۆ ئەوەی ئەهلی کوفر دژایەتیمان بکەن، بەڵام گرنگ ئەوەیە لەسەر ئیمان دژایەتیمان بکەن نەك لەسەر هەڵەو کەمو کوورییەکان و لەسەر لادان لە شەرع و لادان لە یاساکانی خوا کە لە ژیان و بوونەوەردا دایناون .

<u>7. کاری ئیسلامیی هەرچەندە بە تاك(فرد)یش دەکرێ و هەموو مسوڵمانێ لەسەری پێویستە بەپێی توانای خۆی ئیش بۆ ئیسلام بکات، بەڵام بە ڕاستی لە کاتێکدا مسوڵمانان دەوڵەتیان نامێنێ وەك واقیعی ئێستای ئێمە، کاری ئیسلامیی پێویستی بە ڕێکبوون و ڕێکخستن و کۆمەڵبوون</u>

هەیەو دەبێ مسوڵمانان ڕێك و پێك و كۆمەڵ بن وەك چۆن پێغەمبەر كاری ئیسلامیی خۆی بەوپەڕی ڕێك و پێكی و بە كۆمەڵ ئەنجام داوە :

بەڵێ دەبێ بزانین كە كاتی خۆی دەوڵەتی ئیسلامیی هەبووە، زانایانی ئیسلام بۆیە بەوەندە ئیكتیفایان كردوە كە وەك كارێكی تاكی فەرمان بە چاكەو ڕێگریی لە خراپە بكەن، هۆیەكەی ئەوەبووە كە دەوڵەتی ئیسلامیی هەبووە، بەڵام كاتێك دەوڵەتی ئیسلامیی نامێنێ، دەبێ مسوڵمانان ســەر لە نوێ بناغە دابنێنەوە بۆ كیـــان وكۆمەڵگای ئیسلامیی و كیان وكۆمەڵگای ئیسلامییش بە كۆمەڵكاریی و پێكەوە هۆنینەوە و ڕێكخستن نەبێ، نایەتە دی و بنیات نانرێ(11).

8. بنەمایەكی دیكەی كاری ئیسلامیی ئەوەیە كە دەڵێین ئێمە لایەنێكی ئیسلامیی یاخود (كۆمەڵێكی ئیسلامیی)ن لەبیرمان نەچێ كە ئێمە بەشێكین لە مسوڵمانان و ئیسلام لە ئێمەدا كورت هەڵنەهاتوە !

چونكە هـــەندێك كەس ئەوەی ســـەردەمی پێغەمبـەر ﷺ و ئەوەی سەردەمی خۆمانی لێ تێكەڵ دەبن و دەڵێ: باشە بۆچی لە سەردەمی پێغەمبەر ﷺ ئەوەی لەگەڵ ئەودا نەبووە لە دەرەوەی بازنەی ئیسلامدا حیساب كراوە؟ ئاخر لەبەر ئەوە كە پێغەمبەر ﷺ یەكسان بووە بە ئیسلام و هەركەســێك ئیمانی بە پێغەمبەر ﷺ نەبووبێ مســوڵمان نەبووە، ئێستاش هەركەسێك ئیمانی بە پێغەمبەر ﷺ نەبێ مســوڵمان نیە، بەڵام ئێستا مەرج نیە كە كابرا لەگەڵ ئێمە نەبوو مسوڵمان نەبێ!

دەبێ بڵێین: ئێمە بەشـێكین لە مســـوڵمانان وەك خوای زاڵ و بە توانا دەفەرموێ: ﴿وَمَنْ أَحْسَنُ قَوْلاً مِمَّنْ دَعَا إِلَى اللَّهِ وَعَمِلَ صَالِحًا وَقَالَ إِنَّنِي مِنْ الْمُسْلِمِينَ﴾ (فصلت –33) پاشان دەبێ وریا بین خۆمان لە خەڵك بە

---

(11) لە كتێبی : (ئیسلام و مسوڵمانەتی و كاری ئیسلامیی لەبەر ڕۆشـنایی قورئان و سـوننەت دا) دا كە ئێسـتا لەژێر چاپ بە تێر و تەسەلی لەو بارەوە دواوین.

چاکتر نەزانین و خۆمان لە خەڵك بە پاکتر نەزانین ، بەڵکو دەبێ هەوڵ بدەین بە کردەوە پاکترو چاکتر بین نەك بە زمان، وە خەڵك بە گوناحبارو عەیبدارو گومڕاو و سەرلێشێواو حیساب نەکەین و تەماشا نەکەین، چونکە خەڵك نەفسیەتی وایە– براو خوشکەکانم ! هەرکەسێك خۆی لە خەڵك بە زیاد زانی و خۆی لەوان بەچاکتر دانا بێگومان خەڵك بە چاوی سووك سەیری دەکەن و گوێی بۆ ناگرن .

جگە لەوەش ئێمە دەبێ هەمیشـــە خۆمان بە گوناحبـــار بزانین لە بەرانبەر خوادا، کێ دەڵێ ئەو مسوڵمانەی تۆ بانگی دەکەی ئەو لە تۆ دڵی ســافتر نیە لەگەڵ خوا؟! تۆ زانیاریت هەیە ئەو زانیاری نیە، نازانێ، یان کێ دەڵێ سەرەنجامی وی لە هی تۆ باشتر نابێت ؟!

9. بنەمایەکی دیکە ئەوەیە کە خۆشویستنی گەل و نیشتیمانمان بە شتێکی سروشتی و فیطری دەزانین:

بەڵێ ئێمە خەڵك و گەل و نیشتیمانی خۆمانمان خۆش دەوێ و ئەوەش بە بەشێك لە دینداریی و مسوڵمانەتیمان دەزانین، چونکە ئێمە ئەگەر وڵاتێکی ئازادمان نەبێت ومیللەتێکمان نەبێ ڕزگار و سەربەخۆ بێ ناتوانین شەریعەتی خوا پیادە بکەین، بەڵێ دەتوانین دینداریی شەخسی بکەین لە کونجی زیندانێکیشدا، بەڵام ئایا دەکرێ شەریعەت پیادە بکرێ ئەگەر سەر زەمینەکەت ئازاد نەبێ و خەڵکەکەت ڕزگار نەبێ؟! بێگومان نەخێر .

لەبەر ئەوە با مەجال نەدەین خەڵك موزایەدەی نیشتیمانپەروەرێتی و نەتەوایەتیمان بەسەرەوە بکات! نیشتیمانپەروەرێتی ئەگەر بریتی بێ لە خۆشویستنی وڵاتی خۆمان بۆ ئەوەی دینی خوای لەسەر بچەسپێنین، وە ئەگەر نەتەوایەتی بریتی بێ لە خۆشویستنی میللەتی خۆمان بۆ ئەوەی شەریعەتی خوای بەسەردا جێبەجێ بکەین، ئەوە بە بەشێك لە مسوڵمانەتیمانی دەزانین،

(هەرکەسێك وڵاتێکی ئازاد و گەلێکی رزگاری نەبێ بەڕاستی ناتوانێ شەریعەتی خوای بەسەردا جێبەجێ بکات)!

بەڵام دەبێ وریا بین خۆمان کورت هەڵنەهێنین لە قەپێلکی نەتەوەکەمان دا! وە خەڵکی دیکەمان ڕق لـێ‌نەبێتەوە لەبەر ئەوەی لە ڕووی نەتەوەییەوە لە ئێمە جیان، پاشان لەبیرمان نەچێ کە بناغەی دۆستایەتی و دوژمنایەتی ئیمان و ئیسلامە، کێ لە ئیمان و ئیسلامدا لەگەڵمان یەك بگرێتەوە دۆستمانەو خۆشمان دەوێ و کێ لە ئیمان و ئیسلامدا لەگەڵمان یەك نەگرێتەوە خۆشمان ناوێ و دۆستمان نیە، ڕێزی دەگرین وەك هاوڵاتی بەڵام ناتوانین دۆستایەتیی بکەین بەو واتایەی خۆشت بوێ و بە پشتیوانی خۆتی بزانی و پشتگیری بکەی، دۆستایەتی (موالاة) مان تەنیا لەگەڵ ئەهلی ئیمان دایە وەك خوا فەرموویەتی: ﴿لاَ يَتَّخِذِ الْمُؤْمِنُونَ الْكَافِرِينَ أَوْلِيَاءَ مِنْ دُونِ الْمُؤْمِنِينَ وَمَنْ يَفْعَلْ ذَلِكَ فَلَيْسَ مِنَ اللَّهِ فِي شَيْءٍ إِلاَّ أَنْ تَتَّقُوا مِنْهُمْ تُقَاةً وَيُحَذِّرُكُمْ اللَّهُ نَفْسَهُ وَإِلَى اللَّهِ الْمَصِيرُ﴾ (آل عمران –28) دۆستایەتی (موالاة) مان تەنها لەگەڵ ئەهلی ئیمان دایە بەڵام گونجان و مەدارکردنمان لەگەڵ هەموو خەڵك دایە وەك پێغەمبەر ﷺ بەو شێوەیە بووە .

10. بەبێ تەفاعول کردنی ئیجابی لەگەڵ خەڵك و کۆمەڵگادا کاری ئیسلامیی سەرو بەر ناکرێت :

ئەگەر بمانەوێ کۆمەڵگا بگۆڕین، بمانەوێ واقیع بگۆڕین، دەبێ بچینە نێوی و بە تەواوی مانا کارلێك (تفاعل)ی لەگەڵدا بکەین ، دەبێ خەڵکەکە بتناسێ و بیناسی، بە دەرد و ئێش و ژانەکانی ئاشنا بی، دەبێ بە دڵسۆزت بزانن و بە دۆستت بزانن، بە کردەوە و هەڵوێستیش بیسەلمێنی کە بۆیان دڵسۆزی و بە خەمیانەوەی!

بۆیە دەبێ ئێمە لەگەڵ هەموو شتێکی حەقی هەرکەسێکدا بین! بۆ وێنە برادەرانی (یەکێتی) یان (پارتی) شتێکی باش دەڵێن، کارێکی باش دەکەن

کە لە قازانجی خەڵك و کۆمەڵگا دایە، لەگەڵی دەبین! (حیزبی شیوعی)ش شتێکی باش و بەسوود و قازانج بۆ خەڵك و کۆمەڵگا پێشنیار بکات لەگەڵی دادەبین !

یەکێ لە زانایانی مسوڵمانی هاوچەرخمان لەو بارەوە فەتواو قسەیەکی هەیە دەڵێ: مسوڵمانێك کە لە وڵاتە ئەورووپی و رۆژئاواییەکاندا دەژیت واتە لە کۆمەڵگایەکی نامسوڵماندا، ئەگەر دوو حیزب هەبن هەردووکیان حیزبی نەصرانی یا عەلمانی بن، ئایا دروستە بەشداریی بکات ؟! دەڵێ: بەڵێ، با تەماشا بکات کامیان لەو دوو حیزبە زیاتر شتی وا دەڵێ کە بە قازانجی مسوڵمانان و قازانجی خەڵك تەواو دەبێ پێویستە دەنگ بۆ ئەویان بدات[12].

مەبەست ئەوەیە کە ئێمە پێویستە تێکەڵ بین و کارلێك (تفاعل) بکەین لەگەڵ خەڵك و میللەتەکەمان، ئەوەش بەوە دەکرێ لەگەڵ هەموو شتێکی حەقیان دا بین، بەڵکو دەبێ دەستپێشخەر بین بۆ هەموو شتێکی هەق و چاك! ئنجا براو خوشکەکانم! بەڕاستی لە بەسەرهاتی یوسف پێغەمبەردا (علیه الصلاه والسلام) پەند و وانەیەکی زۆر گەورە هەیە، کاتێك خەونەکە بۆ پاشای میسر مانا دەکات پێی دەڵێ: ﴿ قَالَ اجْعَلْنِي عَلَى خَزَائِنِ الأَرْضِ إِنِّي حَفِيظٌ عَلِيمٌ ﴾ (یوسف -55) دەیەوێ ببێتە وەزیری بازرگانی یان وەزیری ئابووری لە نێو میللەتێکی کافردا بەڵام بەوکارەی دەیەوێ خزمەتێك بەو خەڵکە بکات بۆ ئەوەی چاکەی لە چاویاندا هەبێت، کە ئەوەش یەکێکە لە شێوازەکانی بانگەواز بۆ لای خوا، چونکە دوایی خەڵکەکە دەڵێن (یوسف) کە خواپەرستێکە ئەو چاکەیەی لەگەڵ کردین ! کەواتە دەبێ چاکە کردن لەگەڵ خەڵك – هەتا ئەگەر خەڵکی نامسوڵمانیش بێ – بکەینە یەکێك لە شێوازەکانی دینداریی وخەڵك بانگکردن بۆ لای خوا .

---

(12) بڕوانە: (قضايا فقهية معاصرة) كە هی (د. عبدالكريم زيدان)ە .

11. بنەمایەکی دیکەی کاری ئیسلامیی ئەوەیە ئێمە دەبێ هەمیشە ڕەخنە لە واقیع بگرین کاتێك کە ناشەرعیی و هەڵەو کەموکووڕیی دەبینین، بەڵام دەبێ دادگەر بین و وەك چۆن عەیب و ناتەواویەکانی خەڵك دەبینین دەبێ چاکەکانیشیان ببینین :

بۆ وێنە ماقوڵ نیە ئێمە بڵێین (پارتی و یەکێتی) هیچیان نەکردوەو هیچ چاکەیەکیان نیە، نەخێر وانیە، خەڵکێکیان هەیە دڵسۆزە و کاری چاکیان کردوە! کوردستان تا ڕادەیەك ئاوەدانی پێوە دیارە و کەم و زۆر خزمەتگوزاریی ئەنجام دراوە و پرۆژەی باش باش پێشکەش کراون، ئەوانە هەموو ئیشی باشن و خزمەتن بە خەڵك، ئێمە با بە ئیشە باشەکانی خەڵك بڵێین باش، ڕەخنەش لە خراپەو کەموکووڕییەکانیان بگرین.

ئەوە لە لایەکەوە، لە لایەکی دیکەشەوە با ڕەخنە گرتنمان لە ڕووی دڵسۆزییەوە بێت نەك لە ڕووی ڕق و قین و بوغزەوە! چونکە لە ڕووی بوغز و غەرەزەوە خەڵك بە قسەکردن و ڕەخنە لێگرتن قەڵس دەبێ، بۆیە دەبێ لە ڕووی دڵسۆزی و پەرۆشەوە بێ، واتە ڕەخنەکانمان بنیاتنەر بن، کە ئەوەش یەکێکە لە هۆکارەکانی تێکەڵ بوون و کارلێك (تفاعل) کردنمان لەگەڵ خەڵك و کۆمەڵگا، چونکە کاتێك خەڵك زوڵمی لێ بکرێ، خراپە بکرێ، تۆ هیچ هەڵوێستێکت نەبێ، چۆن تەفاعول دەکەی و چۆن خەڵك بزانێ تۆ لە وڵاتدا هەی یان نی؟! یاخود چۆن بزانێ تۆ دروشمت چی یەو بەرنامەت چی یە؟! ئێمە زۆر جار شت دەکرێ، چاك، خراپ، کەچی هیچ هەڵوێستمان نیە! نە لە بواری ڕاگەیاندن، نە لە بواری سیاسی، نەلە بواری دیپلۆماسی، بێگومان ئەوە هەڵەیە، ئاخر چۆن واقیع دەگۆڕێ کە تۆ لەو بوارانەدا لەگەڵی تێکەڵ نەبی؟!

12. بنەمایەکی دیکە ئەوەیە کە ئێمە داکۆکی بکەین لەسەر حاکمیەتی شەریعەت نەك حاکمیەتی خۆمان:

شتێکی زۆ هەڵەیە مسوڵمان بە بابای حوکمڕان بڵێ: من کێشەم لەگەڵ تۆ هەیە لەبەر ئەوەی تۆ لەسەر کورسییەکەی نەك من!! بە بەڵگەی ئەوەی کە پێغەمبەر ﷺ قورەیش ئامادەبوون بیکەن بە پاشا (ملك)، کاتێك کە (عتبة بن ربیعه)یان بە نوێنەری خۆیان ناردەلای، یەکێك لە پێشنیارەکان ئەوە بوو کە پێیان گوت: (وان كنت ترید الملك ملكناك علینا)[13] فەرمووی نەخێر من ئەوەم ناوێ .

بەڵێ ئێمە کێشەمان لەگەڵ خەڵك ئەوە نیە کە ئەوان لەسەر کورسین و ئێمە لە خوارەوەین! با ئەو هەر لەسەر کورسی بێت بەڵام شەریعەتی خوا پیادە بکات! ئێمە کێشەمان حاکمیەتی شەریعەتە نەك حاکمیەتی خۆمان، ئەوە خاڵێکی زۆر گرنگە، ئێمە بەڕاستی ئامانجمان ئەوەیە شەریعەتی خوا پیادە بکەین، چونکە ئەگەر شەریعەتی خوا حاکم بێت خوا لە ئێمە و لەو خەڵکەش ڕازی دەبێت، وە دادگەریی دەچەسپێت خراپە لادەچێ، خەڵك و کۆمەڵگا ئاسوودەو بەختەوەر دەبێ، ئەوەش ئامانجی دینی خوای پەروەردگارە .

13. ئێمە دەبێ لە کار ئیسلامیی ماندا هەوڵ بدەین هەم شەرعزان بین و هەم واقیع ناس بین :

بێگومان بەبێ شارەزایی لە قورئان و سوننەت ناتوانین کاری ئیسلامیی بکەین، بەڵام ئەوە بە تەنیا بەس نیەو دەبێ لە واقیعیش شارەزابین! بۆیە زانایانی ئیسلام دەڵێن: دادوەر و قازی یاخود موفتی دوو زانیاریی (علم)ی پێویستن، زانیاری یەك بە حوکمی خوا (جل شأنه) وە زانیاری یەك بەو واقیعە کە حوکمەکەی بەسەردا دەچەسپێ !

گەلێك جار نەشارەزایی لە شـــەرع چەندە هەڵە بە ئینســـــان دەکات، نەشارەزایی لە واقیعیش هێندە هەڵەی پێ دەکات ! بۆیە خوای بەبەزەیی بە

(13) وەك لە (سیره ابن هاشم) دا هاتووە .

پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ : ﴿قُلْ هَذِهِ سَبِيلِي أَدْعُو إِلَى اللَّهِ عَلَى بَصِيرَةٍ أَنَا وَمَنْ اتَّبَعَنِي وَسُبْحَانَ اللَّهِ وَمَا أَنَا مِنْ الْمُشْرِكِينَ﴾ (يوسف –108)

واتە: ئەمەیە ڕێبازی من، خەڵك بانگ دەکەم بۆلای خوا لەسەر بەرچاو ڕونیی (بصيرة)، من و شوێنکەوتوانیشم. بەرچاو ڕوونی (بصیره) بەرانبەر بەدین بە واقیع بە خەڵك و کۆمەڵگا، پێویستە لە هەمووی دا بەرچاو ڕوون و شارەزا بین .

14. بنەمایەکی دیکەی زۆر گرنگ ئەوەیە کە کاری ئیسلامیی بە هەردووك ڕەگەز نێر و مێ دەکرێت :

بەڕاستی من زۆرم پێخۆشە کە ژمارەیەکی بەرچاو لە خوشکەکانمان بەشداری ئەم کۆنگرەیەن، کە ئەوەش نیشانەی ئەوەیە کە خوشکەکانمان کرد و کۆش و پەرێز و بەرهەمیان هەیە! ئەوە وای لێکردوون بەم ژمارەیە بێنە نێو ئەم کۆنگرەیەوە، وە ڕەنگە هەر پەرێزی کرد و کۆشەکەیان وایان لێ بکات بچنە نێو زۆر پێگەی دیکەشەوە!

براو خوشکەکانم! ئێمە نەك لەبەر ئەوەی ئەمریکا چی دەڵێ و چی گوتوە[14]، نەخێر ئێمە لەبەر ئەوە شەریعەتی خوا ڕووی لە هەردوو لایانە ڕووی لە پیاو و ئافرەتە وەك یەك! وەك خوای کاربەجێ دەفەرموێ: ﴿وَالْمُؤْمِنُونَ وَالْمُؤْمِنَاتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ يَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنْ الْمُنكَرِ وَيُقِيمُونَ الصَّلاَةَ وَيُؤْتُونَ الزَّكَاةَ وَيُطِيعُونَ اللّهَ وَرَسُولَهُ أُوْلَئِكَ سَيَرْحَمُهُمْ اللّهُ إِنَّ اللّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ﴾ (التوبة –71)

واتە: (وە پیاوانی ئیماندار و ئافرەتانی ئیماندار دۆست و پشتیوانی یەکترن، فەرمان بە چاکە دەکەن و ڕێگە لە خراپە دەگرن)، دیارە

---

(14) واتە لەبارەی مافی ئافرەت و سەرجەم دروشم و شیعارەکانی دیکەیەوە کە زیاتر ناوی بێ نێوەڕۆك و دوورکۆژی نزیك خەسارن !!

فەرمان بە چاكەو ڕێگرتن لە خراپە چەمك و واتایەكەیان زۆر فراوانە، چونكە چاكەو خراپە لە بواری ئیمان و عەقیدە، لە بواری فیكر،لە بواری ڕۆشنبیری،لە بواری كۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری، ئەخلاقی، هەمووی دەگرێتەوە، كەواتە ئافرەتان دەبێ وەك پیاو قۆڵی لــێ هەڵماڵن لە بژار كردنی كۆمەڵگا لە هەرچی خراپەو (مـنكرات)ە بیشیڕازێنینەوە بەهەرچی چاكەو(معروفات)ە!

ئنجا دەفەرموێ :(نوێژ بەرپا دەكەن و زەكات دەدەن)، نوێژ كۆڵەكەی مەعنەوی دینداریی شەخسیی‌یە، زەكاتیش كۆڵەكەی ماددییەتی، (وە هەروەها پیاوان و ئافرەتانی ئیماندار– فەرمانبەریی خواو پێغەمبەری خوا دەكەن)، پاشان لە كۆتایی دا دەفەرموێ: (ئەوانە خوا بەزەیی پیاندا دێتەوە بێگومان خوا زاڵی كاربەجێیە).

بەڕاستی دەبێ لێرەوە ئەوە بڵێم كە ئێمە هەندێك قۆناغمان بڕیون لە بواری ڕێكردنەوە و دەرفەت دان بە خوشكان بۆ كاری ئیسلامیی، بەڵام بە ڕاستی ماویەتی! بە تایبەت لەو ڕووەوە كە ئێمە بۆخۆمان وەك برایان قەناعەتمان بەوە هەبێ كە هاوسەرانمان، دایكانمان، خوشكانمان، كچانمان، وەك ئێمە وەك براو كوڕەكانمان لە كاری ئیسلامیی‌دا هەڵسوڕێن، چونكە ئەوانیش بەرپرسیارن بەرانبەر بەدینی خوا! دیارە ئەو مەسەلەیەش كاتێك كە تەماشای ئایەتەكانی قورئان دەكەین ڕوون و ئاشكرایە، پاشان ئەگەر سەیری مێژوو و ژیان(سیرە)ی پێغەمبەر ﷺ بكەین دەبینین هەندێك شت لە سەردەمی پێغەمبەردا ﷺ بووە. ئەگەر ئێستا بیكەین عەلمانی یەكانیش پێیان سەیرە نەك هەر خەڵكی ئیسلامیی!! پێغەمبەر ﷺ ئافرەتانی دەبردن بۆ غەزاو جەنگی ڕێی خوا، بەڵام ئێمە زۆرجار كە جەنگ و جیهادمان هاتۆتە ڕێ بەشدارییمان بە ئافرەتان نەكردوە، كەچی عائیشەی خێزانی پێغەمبەر

فاطیمەی کچی و زۆرێك لە ئافرەتانی دیکەی مسوڵمان بەشدارییان لە شەڕی ئوحوددا کردوە، برینداریان دەرمان دەکردو ئاویان پێدەدان، جەنازەکانیان دەگواستنەوە، نان و چێشتیان بۆ ساز دەکردن![15] وە پێغەمبەر جاری وا هەبووە بۆ کـــاری گرنگ و هەســـتیار ڕاوێژ و پرس و ڕای بە یەکێــك لە هاوسەرانی کردوە! بۆ وێنە لە صولحی حودەیبییە (أم سلمە) خوا لێی ڕازی بێ ڕۆڵێکی زۆر کاریگەری بینی، ئەوە بوو پێغەمبەری لە کێشەیەکی گەورە ڕزگار کرد بە خستنە ڕووی پێشنیارێك کە پێغەمبەریش ﷺ بە قسـەی کرد وەك لە (صحیح البخاری)دا هاتوە.

کەواتە پێویســـتە ئێمە بۆخۆمان دڵنیابین لەوەی کە ئافرەتانیشـــمان بەرپرسیارن بەرانبەر بە دینی خوا ئەگەر ڕێیان لـێبگرین گوناحبار دەبین، وە خوشکەکانیش پێویستە لەسەر حەقی خۆیان وەدەنگ بێن، بە تایبەتیش ئێســـتاکە خەباتی جەماوەریی و خەباتی پەروەردەو فێرکردن و خەباتی هەڵبژاردن و دەنگدان هەیە، لەو شتانەش دا پیاو و ئافرەت یەکسانن، وەك گەلێك جار گوتومە: ئەگەر شەڕە تفەنگ بێ تەنیا بە پیاوان دەکرێ، بەڵام ئەگەر شەڕە دەنگ بێ بە هەردوو لایان دەکرێ، هەر بۆیە لە هەندێك ڕێپێوان و دەنگدانمان دا ئافرەتان لە پیاوان زیاتر بوون! کەواتە بۆچی ئەو وزەو توانا گەورەیە لە دەست خۆمان بدەین! خوای پەروەردگاریش ئەوەتا ڕێگەی داوەو پیاو و ئافرەتی بە دۆست و پشتیوانی یەك داناون وەك یەك کە مشوور لە کۆمەڵگا بخۆن و پاکسازیی و چاکسازیی تێدا ئەنجام بدەن !

15. <u>بنەمایەکی دیکە ئەوەیە ئێمە دەبێ هەوڵ بدەین لەگەڵ هەموو چین و توێژەکاندا خەریك بین و ڕوومان لە هەموویان بێت:</u>

(15) وەك لە (صحیح البخاری) بە ژمارە 3811 و لە (صحیح المسلم) بە ژمارە 1811 و 1812 هاتووە.

براو خوشکەکانم! لایەنە ئیسلامییەکان گەلێك جار بەوە زۆر زیانیان لێ کەوتووە کە تەنیا نوخبە بوون، هەرکاتێك لایەنێکی ئیسلامیی تەنیا نوخبەو توێژێك و هەڵبژاردەیەك بوو، ئاسانتر ڕێگەی لێ دەگیرێ و زیانی بەردەکەوێ! بەڵام کاتێك کە ڕوو لە هەموو خەڵك و جەماوەر دەکات، دیارە هەرشتێك بوو بە جەماوەریی و ڕووی لە هەموو چین و توێژەکان کرد زۆر بە زەحمەت بەری پێ دەگیرێت! وە ئیش و کاری پێغەمبەرانیش(علیهم الصلاة والسلام) هەر وابووە تەماشا بکەن کۆمەڵی ئیسلامیی یەکەم هەر لە سەرەتاوە: ئافرەتی تێدا بووە وەك: خەدیجە، پیاوی تێدا بووە وەك ئەبووبەکر، منداڵی تێدا بووە وەك: عەلی کوڕی ئەبوو طالب، کۆیلەی تێدا بووە وەك: زەیدی کوڕی (حارثة)، ئازادی تێدا بووە وەك ئەوانی دیکە، دەوڵەمەندی تێدا بووە و نەدار و قەرزداری تێدا بووە و بابای سیاسیی تێدا بوو و بابای عەسکەریی تێدا بووە ، و بابای بازرگانی تێدا بووە و ... هتد .

کۆمەڵگای پێغەمبەر ﷺ وابووە بۆیە ئێمەش دەبێ زۆر لێزانانە بچینە نێو هەموو چین وتوێژەکانەوە، میللەتەکەمان میللەتێکی مسوڵمانە، کرێکار، جووتیار، خوێندکار، کارمەند، خەڵکی سیاسی، خەڵکی ڕاگەیاندن، زانایان، ئەهلی طەریقەت، عەشایەر، کەسایەتییەکان، دەبێ هەوڵ بدەین هەموو چین و توێژەکان بگرینەوە بە کارە ئیسلامی یەکەمان، تاکو ئەوەی پێویستە کە بریتی یە لە بنکەو پێگەیەکی جەماوەری گشتگیر، بتوانین ئەو ئامانجە بێنینە دی .

16. لە کۆتاییش دا دەڵێم : ئێمە نابێ لە کاری ئیسلامیی دا بڵێین یان هەموو یان هیچ !

چونکە بێگومان ئەم قسەیە هەڵەیە، پێغەمبەر ﷺ کە کیان و دەوڵەتی ئیسلامیی دروست کرد، چۆنی دروست کرد؟ دیارە بەرد بەرد و خشت خشت بینای کردوە و لەسەر یەکی داناوە! خۆ دەوڵەتی ئیسلامیی یەکسەر لە

ئاسمانەوە دانەبەزیوە! ئێستا برا یاخود خوشکێکی وامان هەیە کە باسی هەڵبژاردن دەکرێ ئارامی لـێ‌هەڵدەگیرێ و دەڵێ: جا چۆن دەبێ بەشداری بکەیـــن چۆن بچینە نێو ئەو بـــازاڕەوە؟! بەڵام بە کـورتـی دەڵێیـــن: ئێمـــە پێغەمبـــەر ﷺ سەرمەشـــقمانە لە مێـــژووی ژیانی ئەوداو چۆنیەتـــی هەڵسوکەوت و مامەڵەی لەگەڵ دەوروبەردا وەڵامی ئەو پرسیارانەمان دەست دەکەوێ، وەك لە خاڵی دووەم دا دەیخەینە ڕوو، ئنجا وەك گوتیشمان لە کاری ئیسلامیی دا نابێ بڵێین یان هەموو یان هیچ! بەڵکو دەبێ بڵێین: لە شتێك شتێك پەیدا دەبێت بەڵام لە هیچ هیچ پەیدا نابێت!

خاڵی دووەم : شـــێوازی کار

خوشك و برایانی بەڕێزم! لەخاڵی یەکەمی ئەم تەوەرەیەی سێیەمدا باسی بنەماکانی کاری ئیسلامی‌مان کرد و خوا یـــاربێ لەم خاڵی دووەمەیـش‌دا دەیخەینە ڕوو کە: چۆن کاری ئیســـلامیی بکەیـــن ؟! جارێ وەك بنچینەیەکی گشتیی دەڵێین: ئامانجی شەرعی نەگۆڕ (ثابت)ن، بەڵام شێوازی کار کاری ئیسلامیی هەمیشە بە پێی هەل ومەرجەکان بە پێی ژینگەو قۆناغەکان دەگۆڕێن .

ئەگەر تەماشای ژیان و بەسەرهاتی پێغەمبەران (علیهم الصلاه والسلام) بکەین، دەبینین وەك خوای کاربەجێ لە سوڕەتی (الاعراف)دا بۆمان باس دەکات هەرکام لە (نوح، هود، صالح ، شعیب) یەك وشە دەڵێن: ﴿ يَاقَوْمِ اعْبُدُوا اللَّهَ مَا لَكُمْ مِنْ إِلَهٍ غَيْرُهُ﴾ (59، 65، 73، 85)، بەڵام دواتر کە دێتە سەر درێژەی باس و بابەتەکانیان (نوح) جەخت لەسەر لایەنێك دەکات، وەهەروەها ئەوانی دیکەش هەریەکەیان داکۆکی لەسەر لایەنێك دەکات.

کەواتە شێوازی کار(أسلوب العمل) دەگۆڕێ بەپێی جیاوازی قۆناغەکان و جیاوازی کۆمەڵگاو ژینگەو شوێنەکان، بەڵام ئامانجە شەرعی یەکان نەگۆڕن و لە شوێنی خۆیانن .

ئنجا بۆیەش خوای بەرز و بێ هاوتا لە سورەتی (العنكبوت)دا دەفەرموێ ﴿وَالَّذِينَ جَاهَدُوا فِينَا لَنَهْدِيَنَّهُمْ سُبُلَنَا وَإِنَّ اللَّهَ لَمَعَ الْمُحْسِنِينَ﴾(69)

واتە: وە ئەوانەی لە ڕێی ئێمەدا خۆماندوو دەکەن و تێدەکۆشن ڕێیەکانی خۆمانیان پیشان دەدەین وە بێگومان خوا لەگەڵ چاکە کاران دایە .

لێرەدا خوا نەیفەرمووە:(سبیلنا) بەڵکو فەرموویەتی: (سُبُلَنَا) بە کۆ واتە ڕێیەکانی خۆمان، چونکە لە هەر قۆناغەدا و لە هەر کات و شـــوێنەدا بە ڕێیەکدا و بە شێوازێك خزمەتی دینی خوا دەکرێت، مەرج نیە تەنیا یەك ڕێ بێت، بەڵکو هەرجارە ڕێیەك و هەر جارە شێواز و چۆنیتی یەك، بۆیە ئیمە دەبێ عەقڵی خۆمان زۆر فراوان بکەین بۆ شێوازەکانی کاری ئیسلامیی، نەك تەنیا لەسەر وەسیلەیەك چاومان چڕ داگرین و پێمان وابێ کە چەکمان پێ نەما، تازە ئیشمان نەما، یان ئەگەر بارەگات لە فلان شوێن نەما تازە ئیشت نەما !! کاری ئیسلامیی شێوازەکانی جۆراو جۆرن .

ئنجا سەبارەت بەم واقیعەی ئێستامان دەڵێین:

لە ڕاستی دا ئەم واقیعەی ئێستامان لە کوردستان وعێراق دا وە هەر واقیعێکی دیکەی وەك ئێستای ئێمە – بۆیە ئەوە دەڵێم چونکە هەندێك قسەمان لە براو خوشکانمان بیستوونەوە کە تێبینی‌یان هەبووە لە بەشداریی ئێمە لە هەڵبژاردنەکانی کوردستان و عێراقدا کە ئایا ئەوە دروست (جائز)ە؟ وە ئایا ئەوە زیان (مفسده)ی لە قازانج (مصلحه)ی زیاتر نیە؟! بەڵێ ئەم واقیعەی ئێستای ئێمە یان هەر واقیعێکی دیکەی وەك ئێستای ئێمە، بۆ چاککردنی و گۆڕینی – کە بێگومان لەسەرمان پێویستە چاکی بکەین و

بیگۆڕین بەو شێوەیەی کە خوا پێی خۆشە - چوار حاڵەتمان لە پێشن، ناچارین یەکێك لەو چوارانە بگرینە بەر بۆ هەڵسوکەوت لەگەڵدا کردنی:

یەك : ئەوەیە کە ئەو واقیعە چونکە ناشەرعییەو بەدڵمان نیە لەبەری ڕاکەین! کە لە مێژووی پیاوچاکانیش دا شتی وامان بووە، وەك هاوەڵانی ئەشکەوت (أصحاب الكهف)کە ڕایانکرد لەبەر ئەو واقیعەی خۆیان!

دوو : ئەوەیە ڕا نەکەین بەڵام خۆی لەبەر ڕاکەین! واتە بەهێزو چەك بە گژی دا بچینەوە و لەبەر یەکی هەڵتەکێنین!

سێ : ئەوەیە خۆمانی بەدەستەوە بدەین و تەسلیمی بین و بڵێیــن: بە هەموو شێوەیەك لە خزمەتین!

چوار : ئەوەیە لەگەڵی دا مەدارا بکەی و بگونجێی، واتە: نە لەبەری ڕابکەی و نە بەگژی دا بچیەوە بە هێز و قوەت، نــە تەسلیمیشــی بــی بــەڵکو مودارای لەگەڵ بکەی .

جا ئایا مودارا بریتیە لە چـــی؟! بە کورتی دەڵێیــن تەســـــلیم بوون و موداهەنە (مداهنه) ئەوەیە تەنازول بکەی لە مەبدەئە شەرعییەکانی خۆت لە پێناو سەلامەتی خۆت دا و فشار لە نەگۆڕەکانی شەرعی خوا بکەی لە پێناو سەلامەتی خۆتدا، بەڵام مودارا ئەوەیە فشار لە ژینت بکەی لە پێناوی سەلامەتی دینت دا، با بتگرن، با نان بڕاو و دەربەدەر بی، با مووچەت ببڕن و ئەوپەڕی ژان و نارەحەتی بچێژی، بەڵام هەر مسوڵمان بەو هەر لەسەر ڕێی پێغەمبەر بە، خۆڕاگر و نەلەخشاو بە، ئائەوە موداراییە .

جا بابزانین لەو چوار ڕێیانە کامەیان بۆ ئەم قۆناغ و هەل و مەرجەی ئێمە ڕاستەو شەرعی یە!

1. ڕاستە هاوەڵانی ئەشکەوت ڕایانکرد لەو واقیعەی خۆیان، بەڵام بۆچی؟! چونکە وەك بۆ خۆیان دەڵێن کە خوای پەروەردگار لێیان دەگێڕێتەوە و دەفەرموێ: ﴿إِنَّهُمْ إِنْ يَظْهَرُوا عَلَيْكُمْ يَرْجُمُوكُمْ أَوْ يُعِيدُوكُمْ فِي مِلَّتِهِمْ

﴿وَلَنْ تُفْلِحُوا إِذًا أَبَدًا﴾ (الكهف -20) ئەو كافرانەی هاوەڵانی ئەشكەوت (اصحاب الكهف) لەگەڵیان ڕووبەڕووبوونەوە دوو ڕێیان لە پێش دانابوون: یان كافریان بكەنەوە، یان بیانكوژن، كە بێگومان هیچ كامێكیشیان دروست نین، دروست نیە مل بكێشی بۆ كافر كرانەوە، دروستیش نییە مل بۆ چەقۆ ڕابگری! مادام مەجالت هەبێ بۆ ڕاكردن ڕابكەو خۆت دەرباز بكە.

پاشان هاوەڵانی ئەشكەوت كەم بوون، شەش حەوت كەس بوون، لەبەر ئەوە واقیعەكەیان پێ نەگۆڕاوە و واقیعەكەش بەسەریدا سەپاندوون كە دەبێ یان كافر بنەوە یان دەتانكـوژین، بەڵام ئێســـتا نە هێنـــدە كەمین لە ئەشكەوتدا جێمان ببێتەوە، نە دەسەڵاتدارانی ئەمڕۆش ئەو توانایەیان بەسەرمان دا هەیە كە بە زەخت و زۆر بتوانن كافرمان بكەن!!

كەواتە دروست نیە كە لەبەر واقیعی ئێستامان ڕابكەین، هاوەڵانی ئەشكەوتیش بۆیە وایان كرد چونكە جگە لەوە هیچ ڕێگایەكی تریان بەدەستەوە نەبوو، ئەوە حاڵەتی یەكەم .

2. ئنجا ئەوە كە بە هێز و چەك بە گژ واقیع دا بچینەوەو بیگۆڕین، دەڵێین: ئەگەر گریمان ئەو هێزەمان هەشبێ دروست نیە ئەو كارە بكەین!! بۆچی؟! پێغەمبەر ﷺ لە مەككە هاوەڵانی هەڵیان پێچابوو دەیانگوت ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ چۆن دەبێ قبووڵ بكەین؟ كافران ئاواو ئاومان لـێ دەكەن، فلانیان ئەشكەنجەدا، فیساریان كوشت ... هتد. كەچی پێغەمبەر ﷺ دەیفەرموو: (لم نؤمر بالقتال) جارێ فەرمانی جەنگ كردنمان پێ نەكراوە، یان هەندێك جار دەیفەرموو: (انكم الیوم قلیل) ئەمڕۆ ئێوە كەمن، واتە كارەكەمان سەرناگرێت چونكە بنكەی جەماوەریمان بۆ پەیدا نەبووە. دیارە ئێمە ناڵێین: بەكارهێنانی هێز (قوة) هیچ كاتێك دروست نیە! كاتێــــك كە خەڵك و میللەت هەموو ئیســــلامیی دەوێ و مستێك

جەندرمە ڕێ بە ئیسلام دەگرن! لەو حاڵەتەدا دروستە وەك چۆن لە (سودان) کودەتای سەربازی یان کرد، ئەگەر پێشتر زەمینەسازی یان بۆ کردبێت، هیچ ناشەرعییەکی تێدا نیە مادام خەڵکەکە هەمووی ئیسلامی بوێت، بۆچی ژمارەیەك عەسکەر بتوانن ئیرادەی هەموو خەڵك بپووکێننەوە؟! دیارە بەکارهێنانی هێزیش لە حاڵێکی وادا بۆ فەرز کردنی حوکمی ئیسلامیی نیە بەڵکو بۆ بەرگریی کردنە لە ئیرادەی خەڵکە مسوڵمانەکەو، ئەو مەسەلەیەش وەك عەمەلیات کردنی ئەو ئافرەتە وایە کە ناگونجێ بە شێوەیەکی سروشتی منداڵەکەی لێ جیا ببێتەوە.

بەڵام ئایا واقیعی ئێمە وایە؟ بێگومان نەخێر ئێمە جارێ بنکەو پێگەی جەماوەریمان بەو جۆرە نیەو جارێ خۆمان لە ئاستی ئەوەدا نین کە حکومەتێکی ئیسلامیی بەڕێوەبەرین، کەواتە خۆپێدادان و بەرەنگاربوونەوە دروست نیەو ناگونجێ، چونکە پێچەوانەی ڕێباز(منهج) ی پێغەمبەرانە ئەوان نەچوون دینی خوا بەزۆر بەسەر خەڵکی دا فەرز بکەن، بەڵکو ماتوون خەڵکیان بۆلای خوا بانگ کردوە، بۆیە پێغەمبەر ﷺ لە مەککە دەوڵەتی ئیسلامیی ڕاناگەیەنێ و لە مەدینە ڕایدەگەیەنێ، چونکە لە مەککە مسوڵمانان کەمینە یەك بوون و زۆرینەی خەڵکەکەی ئیسلامی نەدەویست، بەڵام لە مەدینە زۆرینەی خەڵك ئیسلامی دەویست، ئیدی کەمینەیەکی وەك (عبدالله بن أبی بن سلول) و پیرەکەی و کۆمەڵە بێ بڕواو دەغەڵێك نایانەوێ یا نەیانەوێ، مادام زۆرینەی ئیسلامیان دەوێ، ئەوە بوو پێغەمبەر ﷺ ئیعلانی دەوڵەتی ئیسلامیی کرد، کە دیارە ئێمە لەم هەل و مەرج و قۆناغەدا ناتوانین ئەوە بکەین، مادام وایە، ئەو حاڵەتەش بۆ ئێمە ناکرێ و دروست نیە بەرەنگاری ئەم واقیعە ببینەوە بە هێز.

3. دیارە حاڵەتی سێیەمیش بە هەموو شێوەیەك نادروستە لە لای ئیمەی مسوڵمانان، (مداهنة) و تەسلیم بوونی ئەمری واقیع ناکرێ و نابێت، چونکە مسوڵمان دەبێ خوای لەخۆی خۆشتر بوێت، دینی لە ژینی خۆشتر بوێت، ئەوەتا خوای بەرزو مەزن ڕەخنە دەگرێت لەو کەسانەی کە تەنازول دەکەن لە بیــروباوەڕ و دینیان لە ژێر فشـــــاری ئازار و ناڕەحەتی داو دەفەرموێ: ﴿وَمِنْ النَّاسِ مَنْ يَقُولُ آمَنَّا بِاللَّهِ فَإِذَا أُوذِيَ فِي اللَّهِ جَعَلَ فِتْنَةَ النَّاسِ كَعَذَابِ اللَّهِ وَلَئِنْ جَاءَ نَصْرٌ مِنْ رَبِّكَ لَيَقُولُنَّ إِنَّا كُنَّا مَعَكُمْ أَوَلَيْسَ اللَّهُ بِأَعْلَمَ بِمَا فِي صُدُورِ الْعَالَمِينَ﴾ (العنكبوت – 10)

واتە: وە لەنێو خەڵکی دا کەسانی وا هەن دەڵێن: ئیمانمان بە خوا هێنا، دوایی کە لەڕێی خـــوادا ئازار و ئەشـــکەنجە درا ئەو ئـــازار و ئەشکەنجەدانەی لە لایەن خەڵکەوە پێی وەك سزای خوا وایە ، پێی وایە شتێکی زۆر گەورەیە !

بۆیە براو خوشکەکانم! من لێتان دووبارە دەکەمەوە ئەگەر گیراین بەدەستی ئەمریکا یان هەر دەسەڵاتدارێك، زوڵمان لـێبکرێ لێرە یان لە هەر شوێنێك با زۆرمان بەلاوە ئاسایی بێ و بەلامانەوە گەورە نەبێت! چیە؟! ئەوپەڕەکەی لە پێناو خوادا دەتکوژن!

بۆیە وەك لە (صحیح البخاری)دا هاتوە کاتێك (خباب بن الأرت) دەچێ بۆ خزمەتی پێغەمبەر ﷺ و دەڵێ: (یارسول الله ألا تستنصر لنا الا تدعوا لنا) ئەی پێغەمبەر ﷺ داوای سەرخرانمان بۆ لە خوا ناکەی؟ دوعامان بۆ ناکەی کە ئاوا کافرەکان سزاو ئازارمان دەدەن؟ پێغەمبەری خواش ﷺ لەو کاتەدا لەژێر سێبەری کەعبەدا پاڵی دابۆوە زۆر توورە بوو ئنجا دانیشت و فەرمووی: ئێوە بۆچی خۆڕاگر نابن و ئارام ناگرن، ئەوانەی پێش ئێوە بە مشار دایان دەهێنان و بە شانەی ئاسن ئێسقان و گۆشتیان

لێك جیا دەكردنەوە ؟! وە فەرمووشی خوا ئەم دینە هەر سەردەخات و بە ئاكامی دەگەیەنێت .

ئێمەش دەڵێین: خوای بەرز و توانا ئەم دینەی خۆی سەردەخا، بەڵێنی داوە ﴿لِيُظْهِرَهُ عَلَى الدِّينِ كُلِّهِ﴾(59)، بەڵام دەبێ خۆڕاگـــــر بین، خوای باڵادەست یارمەتی بۆ كەسانێك دەنێرێ كە شایستەی بن، ئەو كەسانەش شایستەن كە بیسەلمێنن لە ژیانیاندا خوایان لە خۆیان خۆشتر دەوێت و دینیان لە ژینیان خۆشتر دەوێ و خۆڕاگر دەبن!!

4. كەواتە دەمێنێتەوە حاڵەتی چوارەم كە بریتیە لە لەگەڵ مەدار كردن، لەگەڵی بڕۆین و بیگوزەرێنین و خۆمانی لەگەڵ بساچێنین .

لەگەڵ مەداركردن واتە تۆ زۆر شت كە پێت ناخۆشە ئارامی لەسەر بگری و لە بەرانبەری دا نەشلەژێی، وەك پێغەمبەری خوا لەو بارەیەوە فەرموویەتی! (المؤمن الذي يخالط الناس و يصبُر على أذاهم خير من الذي لا يخالطهم ولا يصبر على أذاهم) رواه مسلم .

واتە: ئەو مسوڵمانەی كە تێكەڵی خەڵك دەكات و ئارامیش دەگرێ لەسەر ئێش و ئازارەكانیان باشترە لەوەی كە تێكەڵییان ناكات و صەبریش لەسەر ئازارەكانیان ناگرێت .

ئێش و ئازارەكانیش چین؟ برادەرانی عەلمانی لە ڕاگەیاندنەكانیـــــاندا دژمان دەدوێن، ئەمریكا بە ناهەق دەمانگرێ، لەملاولا خەڵكمان بێ دادگایی كردن ڕاپێچی زیندان دەكرێ و دەهێڵرێتەوە، لەڕووی ئابووری یەوە ستەمان لـێدەكرێ لە خێر و بێر و داهاتی وڵات بێ بەش دەكرێین! بەڵام دەبێ لەسەر هەموو ئەوانە صەبر بگرین، نە ڕابكەین و تەسلیم ببین! وە نە شتێكیش بكەین كە قازانجەكەی سەری مایە بخوات و كارەكەمان بنە تۆی خۆی نەكاتەوە!! بەڵگەشمان لەسەر ئەو خۆڕاگریی و پشوو درێژی یە ئەوەیە كە خوای پەروەردگـــــار لە سورەتی (ابراهیم)دا هەموو

پێغەمبەران لە یەك شوێن کۆدەکاتەوە، دوژمنەکانیشیان لە یەك شوێن، وە لەسەر زمانی پێغەمبەران ڕووبەڕووی ناحەزەکانیان دەفەرموێ: ﴿وَلَنَصْبِرَنَّ عَلَى مَا آذَيْتُمُونَا وَعَلَى اللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلْ الْمُتَوَكِّلُونَ﴾ (إبراهيم-12)

واتە: بە تەئکید هەرچەندە ئازارمان بدەن هەر خۆڕاگر دەبین، وە با پشت بەستوان تەنها پشت بە خوا ببەستن ... لەسەرچی خۆڕادەگرن؟!

لەسەر ئازار و فشارێك کە باجی دینداریيە، خۆڕاگرتن هەر ئەوە نیە کە لە سەنگەردا خۆڕابگری، جاری وا هەیە دەبێ لە سەجدەدا خۆڕابگری، چونکە قازانجی دینی خوا لەوە دایە، جاری وایە زوڵمیشت لێ دەکرێ بەڵام دەبێ خۆڕا بگری تاکو سۆز و پەرۆشی خەڵکت بۆ بجوڵێ و خەڵك بزانێ کە تۆ کێشەیەکی حەقت هەیە! پێتان وانەبێ ئەو هەموو خەڵکەی کە دوایی دەستە بە دەستە و بە کۆمەڵ (أفواج) هاتنـــــــە نێو ئیسلامەوە دەنگوباسی پێشتری پێغەمبەریان ﷺ نەبیستبێ! بیستوویانە کە ئەو (محمد)ە لەگەڵ هاوەڵە بەڕێزەکانی لەسەر ئەو دینە حەقە سزادراون و لە قۆناغی مەککەدا و دواتر لە قۆناغی مەدینە شەڕیان پێ فرۆشراوە، ئەو دەنگوباسە هەمووی بڵاو بۆتەوەو خەڵك تێگەیشتوە کە ئەو (محمد)ە و هاوەڵە بەرێزەکانی خاوەنی کێشەیەکی ڕەوان و هەقیان پێیە، بۆیە خەڵك دوای لاچوونی بەربەستی قوڕەیش کە مەککە ئازاد کرا دەستە بە دەستە هاتنە نێو ئیسلامەوە.

کەواتە با ئێمەش خۆڕاگر بین مادام خۆڕاگریی وصەبرەکە لە قازانج و بەرژەوەندیی کار و پڕۆژەی ئیسلامیی ماندا بێت !

ئنجا سەبارەت بە هەڵبژاردن و بەشداریی تێدا کردنی دەڵێیــن :

ئێمە هەڵبژاردن و بەشداریی تێدا کردنی بە بەشێك لە مودارات دەزانین، ئەوەش با بزانین چۆن؟ جاریێ ئەسڵ لە هەڵســوکەوتەکان (المعاملات)دا بریتییە لە ڕێگە پێدران و دەست کراوەیی (الإباحة)، واتە

واتە مسوڵمان لەو بوار و بابەتەدا مەگەر بەڵگە هەبێ لەسەر حەڕام بوونی ئەو شتە، ئەگەرنا ئەسڵ ئەوەیە ڕێی پێ درابێ وەك چۆن ئەسڵ لە شتان (اشياء)دا پاكیی (طهارة)یە، یان وەك چۆن ئەسڵ لە خەڵكدا بێتاوان (براءة الذمة)یە، ئەسڵیش لە هەڵسوكەوتەكان (المعاملات)دا (اباحه)یە[16]، بە پێچەوانەی بواری خوا پەرستییەكان (عبادات)ەوە كە ئەسڵ تێیدا ڕێنەدان(منع)ە، چونكە دەبێ بەڵگە هەبێ لەسەر كردنی ئەو جۆرە عیبادەتە، بەڵام بواری (معاملات) دەبێ بەڵگە هەبێ كە ئەو جۆرە هەڵسوكەوت (معامله)ە نەكەی، لە هەموو بوارەكانی سیاسی، ئابووری، كۆمەڵایەتی، هتددا.

دیارە مەسەلەی هەڵبژاردنیش جۆرێكە لە جۆرەكانی هەڵسوكەوتەكان (معاملات) و ئەمیش ئەسڵ تێیدا ڕێ پێدران (اباحه)ە، ئایا بەڵگە هەیە لەسەر ئەوەی كە حەرام بێت تۆ لەگەڵ خەڵكێك بەشدار بی لەوەدا كە نوێنەرێكی خۆت بنێری بۆ بەغدا یان بۆ پەرلەمانی كوردستان بۆ ئەوەی چەند قسەیەكی حەقت بۆ بكات ؟! بێگومان هیچ بەڵگەیەك لەسەر حەڕام بوونی ئەو كارە نیە، بەڵێ ئەگەر جێگرەوە (بدیل)ەكەمان ئەوە بێت كە حكومەتی ئیسلامیی یەكسەر بنیات بنێین، وادەكەین! بەڵام تۆ ئەگەر بەدیلەكەت ئەوە بێ ڕەسمییەتت نەبێ، ڕێگات نادەن تەلەفزیۆن، ڕۆژنامە، ڕاگەیاندن و پێگـــەیەكت هەبێ، ئەگەر بەدیلـی بەشـــــــداریكردنی هەڵبژاردنت ئەو شتانە بێ، بێگومان شتێكی ڕوونە كە ئەوە دروستە!

چونكە هەرشتێك بەرژەوەندی (مصلحة)ی زیاتر بوو لە زیان (مفسدة)ی لە بواری هەڵسوكەوتدا ئەوە تۆ دەست كراوەی لە ئەنجامدانیدا، مەگەر

---

(16) (الأصل في المعاملات الأباحة)، ئەوە بنچینەیەكی شەرعییە تێكڕای شەرعزانان لەسەری پێكهاتوون و (ابن تيمية) لە كتێبی (القواعد النورانية الفقهية)دا جوان ڕوونی كردۆتەوە .

دەقێکی شەرعیی لەسەر شتێکی دیاری کراو هەبێ، ئەو کاتە حوکمەکەی جیایە .

ئنجا ئێمە دەبینین پێغەمبەری خوا ﷺ سوودی بینیوە لە چەندین ڕێو ڕەسم و ڕێساو دەزگا کە لە سەردەمی نەفامی‌دا هەبوون :

1- کە یەکێکیان پەنادان (جوار)ە، پێغەمبەر ﷺ چوو بۆ شاری طائف و لەوێ دەریان کرد، هات ویستی بچێتەوە بۆ مەککە سەرانی کافری قورەیش نەیانهێشت بچێتەوە بۆ نێو شار، ئەوە بوو داوای لە (مطعم بن عدی) کرد فەرمووی: ئەگەر پەنام بدەی دێمە ژێر پەنا(جوار) ی تۆ، ئەویش گوتی پەنات دەدەم، جا مطعم بلاوی کردەوە گوتی: (لقد أجَرْتُ محمداً) (محمد)م پەنا داوە دەبێ بێتەوە نێو شار و نابێ هیچ کەسێکیش دەستدرێژی بکاتە سەر، ئەبووسوفیان پێی گوت: ئایا (محمد)ت پەنا داوە یان نا؟ گوتی بەڵێ پەنام داوە، ئەبووسوفیان گوتی: کەواتە حەقمان بەسەری یەوە نییە! پێغەمبەر ﷺ پەنای بردۆتە بەر کابرایەکی هاوبەش پەیداکەر (مشرك) بە پێی ڕێسایەك کە لە نێویان دا باو بووە، مانای ئەوەیە پێغەمبەر ﷺ سوودی بینیوە لە عادەت و نەریت و یاسایەکی سەردەمی نەفامیی تاکو بەرژەوەندی (مصلحة)یەکی پێ بێنێتە دی و زیان(مفسدة)یەکی پێ لە خۆی دوور بخاتەوە، کە دیارە بەرژەوەندی یەکە ئەوە بوو بێتەوە نێو شار و قۆناغی بانگەواز لەگەڵ خەڵکەکەدا تەواو بکات، زیانەکەش ئەوە بووە کە ڕێگای نەدەن بێتەوە نێو جەماوەرو خەڵکەکەی لە شاردا .

2- جگە لەوەش دەبینین (أبو طالب) دیفاعی لە پێغەمبەر ﷺ دەکرد لە مەککە، وەك لە چەندین فەرمایشتی (صحیح)دا هاتوە (أبو طالب) هەتا مردیش شایەتمانی نەهێنا، ئەوە بوو کاتێك پێغەمبەر ﷺ پێی فەرموو: تەنیا بڵێ (لا اله الا الله) شەفاعەتت بۆ دەکەم، گوتی: ئەگەر لەبەر ئەوە نەبوایە کە ئافرەتانی قورەیش گاڵتەم پێ بکەن و بڵێن: ئەبو

طاب لە مردن ترساوە دڵی تۆم بەوە خۆش دەكرد! وەك (مسلم) گێڕاویەتەوە بەڵام ئەبو طالب و خزمەكانی وەك خزمایەتی هەتا مرد دیفاعی لە پێغەمبەر كرد.

بەڵێ لە قۆناغی مەككەدا شمشێرەكانی بەنی هاشم (سیوف بنی هاشم) پارێزگاری یان لە (محمد) ﷺ و ڕێبازەكەی دەكرد بە پاڵنەری تیرەگەریی هەرچەندە كافریش بوون، تەنانەت لە كاتی دەنگ لێبڕین (مقاطعة) و دەركرانی پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵانیشی دا بۆ شیوەكانی ئەبو طالب (بنو هاشم) بە كافر و مسوڵمانەوە لەگەڵیان چوون! كەواتە پێغەمبەری خوا ﷺ سوودی لەو عادەتە نەفامییەش وەرگرت بۆ كاری ئیسلامیی خۆی!!

3- پاشان پێغەمبەر ﷺ كە دەچێ بۆ مەدینە لەگەڵ جوولەكە (یهود)كان دادەنیشێ و بانگیان دەكات كە وەرن با شتێك پێكەوە بنووسین كە چۆن ئەم وڵاتە بەڕێوە بەرین! ئیدی كۆمەڵێك خاڵیان بۆ دەنووسێ و لەسەری پێكدێن و ئیمزای لەسەر دەكەن، جا ئایا ئەوە مانای وابووە كە پێغەمبەر ﷺ دانی هێنابێت بە ڕاستی دینی جوولەكەدا؟! نەخێر بەڵكو مەسەلە ئەوە بووە كە بەرژەوەندی یەك هەبووە بۆ مسوڵمانانیش و بۆ ئەوانیش باش بووە ئەویش ئەوە بووە كە چۆن پارێزگاری لە مەدینە بكەن و لەسەر ئەو بەرژەوەندی یە كە شتێكی هاوبەشە پێكهاتوون .

4- وە لە صوڵحی حودەیبییە دا كە تیرەی (بنوبكر) پاڵیان دایە لای قوڕەیش و لەگەڵیان بوون بە هاوپەیمان (متحالف) تیرەی (خُزاعة)ش هاتنە نێو پەیمانی پێغەمبەر ﷺ و وای پەیمان لەگەڵ بەستن كە هەركەسێك هێرشی كردەسەر (خُزاعة) – كە هەتا ئەو كاتە تیرەیەكی هاوبەش بۆ خوا دانەر(مشرك) بوون – ئەوە پێویستە پێغەمبەر ﷺ و مسوڵمانان دیفاعیان لێبكەن شەڕیان لەسەر بكەن، وەك چۆن قوڕەیش دیفاع لە (بنوبكر) دەكات ، هەروەها فەتحی مەككەش بەو هۆیەوە بوو كە قوڕەیش

هاتن (بنوبكر)يان هان دا چوون بيست (20) كەسيان لە تيرەى (خزاعە) كوشت، پێغەمبەريش ﷺ ئەو پەيمان شكاندنەى كردە بەڵگەو پاساوى ئازادكردنى مەككە.

كەواتە: پێغەمبەر ﷺ لەگەڵ تيرەيەكى كافر و موشريك پەيمانى بەستوە كە ديفاعيان لێ بكات بۆچى؟ تاكو ئەوانيش ديفاعى لێ بكەن!

كەواتە: هەم وەك ئەسڵە شەرعى يەكەو هەم وەك سيرەى پێغەمبەريش ﷺ لە بوارى هەڵسوكەوت (تعامل)دا دەستمان كراوەيە، تەنيا دەبێ تەماشاى ئەوە بكرێ كە ئايا ئەو كارە بەرژەوەندىي زياترە بۆ ئيسلام و مسوڵمانان ياخود زەرەرو زيان!

ئنجا براو خوشكەكانم! ئێمە زۆرجار گير ناخۆين لە نێوان چەند شتێكى باشدا تاكو باشترينيان هەڵبژێرين، بەڵكو ئێمە لەم چەرخ و ڕۆژگارەدا زۆرجار گير دەخۆين لە نێوان چەند شتێكى خراپدا و دەبێ ورد بينەوەو كۆشش (اجتهاد) بكەين داخۆ كامە لەو شتە خراپ و نەويستراوانە زيان و خراپەى كەمترە، بە ناچارى ئەويان هەڵدەبژێرين!! زانايانيش هەموو لەسەر ئەوە يەك دەنگن كاتێك ئينسان لە نێوان دوو شتى خراپ يان زياتردا گير دەخوات پێويستە كاميان خراپەو زيانەكەى كەمترە ئەويان هەڵبژێرێ وەك بنچينەيەكى شەرعيى گوتوويانە،(اختيار اهون الشرين وأخف الضررين و أدنى المفسدتين).

خاڵى سێيەم : پێداويستى يەكانى كارى ئيسلاميى :

خوشك و برا بەڕێزەكانم! خوا يارىێ لەم خاڵى سێيەمەدا پێداويستى يەكانى كارى ئيسلاميى و ئەو هۆكارانەى پەكى لەسەريان كەوتوە دەخەينە ڕوو، بەڵام دەرفەتى زۆرمان نيە بۆيە بە كورتى و گوشراوى بۆتان دەخەمە ڕوو:

یەکەم : یەکەمین شت ئەوەیە کە لە نێوان خۆمان و خوادا ئاگامان لە ئیمان و تەقوا بێت :

بەڵێ ئێمە کاری ئیسلامییمان و هەموو جم و جوڵێکمان بریتی یە لە مامەڵەو هەڵسوکەوت لەگەڵ خوادا (تبارك و تعالی) من ئێستا لێرە ئەم قسانە دەکەم وەك چۆن دوو ڕکات نوێژ دەکەم بۆ خوای پەروەردگار، بەخوا دەبێ ئەم قسانەشم بۆ خواو لەبەر خوابێ ئنجا پاداشتی هەیە، وە وەك چۆن لە نوێژەکەمدا دەگونجێ ڕیابازی بکەم لەمەشدا هەر دەگونجێ بیکەم!

ئێمە کاری ئیسلامییمان بریتییە لە هەڵس و کەوت (تعامل) لەگەڵ خوا، جا لە نێوان خۆمان و خوادا دەبێ ئاگامان لە ئیمان و تەقوا بێت، چونکە خوای بەخشندە سەرپەرشتی کردن (ولایة)ی خۆی، وە دۆستایەتی (ولایة) ی خۆی ئیسبات کردوە بۆ کەسانێك کە ئیمان و تەقوایان هەیە، وەك فەرموویەتی: ﴿أَلاَ إِنَّ أَوْلِيَاءَ اللّهِ لاَ خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلاَ هُمْ يَحْزَنُونَ، الَّذِينَ آمَنُوا وَكَانُوا يَتَّقُونَ﴾ (یونس 62،63) کەواتە با ئاگامان لە ئیمان و تەقوامان بێت.

بڕوا (ایمان)یش حەقیقەتێکە لە دڵدا جێگیر دەبێ و بە عەقڵ دەرك دەکرێ و بە زمان دەردەبڕدرێ و دانی پێدا دەهێنرێ و بە ئەندامەکانیش جێبەجێ دەکرێ، پارێزکاریی (تقوی) ش ئەوەیە کە ئینسان خۆی بپارێزێ لە هەرشتێك کە خوا پێی ناخۆشە، خواش سبحانە و تعالی بە گشتی دوو شتی پێ ناخۆشن : پێی ناخۆشە کە قەدەغە کراوەکانی بشکێنی، وە پێی ناخۆشە واجبەکانی بچوێنی!

ئەوەش هەمووی لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە بە پەروەردگاریتی خوا ڕازی بین، وە بە نێردراویتی محمد ﷺ ڕازی بین، وە بە بەرنامەیەتیی

ئیسلام ڕازی بین، خوا جل شأنه تاکە پەرستراو و پەروەردگارمـــان بـێ، محمد ﷺ ڕابەر و پێشەوامانەو ڕەوانەکراوی خوایە ، ئیسلامیش بەرنامەی ژیانمانە! وەك پێغەمبەر دەفەرموێ (ذاق طعم الایمـان من رضي بـالله رباً و بالاسـلام دینا و بمحمـد نبیاً و رسولاً) رواه مسلم .

واتـە: هەرکەسـێك بـە پـەروەردگاریّتی خـوا و بەرنامـەیّتی ئیسـلام و پێغەمبەریّتی و ڕەوانە کراویّتی (محمد) ﷺ رازی بووبێ تام و چێژی ئیمانی چێشـتوە.

دووەم : لە نێوان خۆماندا برایەتی و دۆستایەتی بپارێزین :

دیـارە هـەرکات پەیوەنـدی نێـوان خۆمـان و خوامـان چـاك کـرد، پەیوەندیی نێوان خۆمان چاك دەبێت ! وەك خوا – جل شأنه – دەفەرموێ ﴿ فَاتَّقُوا اللّهَ وَأَصْلِحُوا ذَاتَ بَيْنِكُمْ ﴾ (الأنفال –1).

واتە: تەقوای خوا بکەن و پەیوەندی نێوانتان چاك بکەن.

برایان ، خوشکان! دڵنیا بن هەر درز و ناتـەواوی(خلـل) یەك لـە برایەتیماندا هەبێت، لە خوشکایەتی ئافرەتاندا هەبێت ، دەگەڕێتەوە بۆ ناتەواوی (خلل) لە ئیمان و تەقوا و پەیوەندیمان لەگەڵ خـوادا – جـل شأنه -!

مەجنوون (قیس العامري)ی ناودار لە شیعرێك دا دەڵێ:

مـررت بالديـار ديـار ليلى   فقبلت ذالجـدار وذالجـدار
وما حب الديار شغفن قلبي   ولكن حب من سكن الديار

مەجنوون دار و دیواری ئەو شوێنەی ماچ دەکرد کە لەیلای لـێ بووە، جـا دەڵـێ: خۆشەویسـتی دار و دیوارەکـان لـە دڵـم دا نـەبوو، بـەڵکو خۆشەویستی ئەو کەسەی کە لەو دارو دیوارانەدا نیشتەجێ بووە!

ئەگەر ئینسان بە ڕاستی خوای خۆش بوێ پێویستە هەموو دروستكراو (مخلوق)ەكانی خوای خۆش بوێن لەو لایەنەوە كە پەیوەندیان بە خواوە هەیە و دروستكراوی خوان! ئەدی چۆن دەبێ دۆستەكانی خوای خۆش نەوێن؟!

خۆ هەر كەسێك مسوڵمان بێت تۆزێك ئیمان و تەقوای هەر هەیە و بە ئەندازەی ئەو ئیمان و تەقوایەش دۆستایەتی هەیە لەگەڵ خوادا وەك خوا- عز وجل فەرموویەتی: ﴿إِنْ أَوْلِيَاؤُهُ إِلاَّ الْمُتَّقُونَ﴾ (الانفال -34)، ﴿والله ولي المؤمنين﴾(آل عمران -68)، ﴿ اللَّهُ وَلِيُّ الَّذِينَ آمَنُوا ﴾ (البقرة - 257)، جا من ڕەجا و تەكلیفی برایانەتان لێ دەكەم با ئەگەر دەمانەوێ پەیوەندیی نێوان خۆمان چاكتر بێ، مسوڵمانانە تر و باشتر و شەرعی یانە تر بێ، با پەیوەندیمان لەگەڵ خوا مەحكەم تررو باشتر بێ، وە با ئەوەش بكەین بە نیشانە ئەگەر ئیمانەكەت ڕێگای پێدای غەیبەتی برایەكەت وخوشكەكەت بكەی، نەك هەر لە چوار چێوەی كۆمەڵی ئیسلامیی دا بەڵكو لە بازنەی ئوممەتدا زەم و غەیبەتی ئەهلی ئیمان بكەی، یان بە شكستی دڵخۆش بی، بزانە كە ناتەواویی و كەم وكووڕیی ئیمانت هەیە!

زۆرجار ئێمە دەڵێین: ئەدی بۆچی فلان مسوڵمانە ئاواو ئاوامان پێ دەڵێ و غەیبەتمان دەكات و بیروباوەڕی ئاوا خراپە بەرامبەرمان! جا كاكە خۆ ئێمە پێشبڕكێ لەگەڵ یەكدی دا ناكەین لە مەیدانی خراپەكاریدا!! بەڵكو خوای باڵادەست دەفەرموێ لە مەیدانی چاكە و خوا پەرستیدا كە هۆی چوونە بەهەشتە پێشبڕكێ لەگەڵ یەكدیدا بكەن: ﴿وَفِي ذَلِكَ فَلْيَتَنَافَسْ الْمُتَنَافِسُونَ﴾ (المطففين -26) نەك لە گوناح و خراپەكاری دا، ئەو گوناح دەكات تۆش بیكەی! دیارە برایەتی و دۆستایەتی لە نێو خۆماندا و یەكدی خۆشویستن كۆمەڵێك بەرهەم و میوەو پەرێزو شوێنەواری هەن،

بەلای کەمەوە ئەوەیە کە پێغەمبەر دەفەرموێ: (المسلم من سلم المسلمون من لسانە و یدە) رواە مسلم واتە: (مسوڵمان ئەو کەسەیە کە مسوڵمانان لە دەست و لە زمانی سەلامەت بن)، ئنجا نەك هەر دەبێ سەلامەت بن، بەڵکو دەبێ لێشت بەهرەمەند بن، بە زمان باسی چاکەیان بکەی و مەدحیان بکەی، بە دڵ خۆشت بوێن، دیفاعیان لێ بکەی، دوعایان بۆ بکەی! ئەوانە پێداویستی یەکانی کاری ئیسلامیین، ئەگەر دەمانەوێ کاری ئیسلامیی مان بەرەکەتدار و بەرهەم دار بێت و خوامان لەگەڵدا بێ با پەیوەندی مان لەگەڵ خوا چاك بکەین بە ئیمان و تەقوا، پەیوەندیمان لەگەڵ یەکتر چاك بکەین بە برایەتیو دۆستایەتی ودڵسۆزی و یەکتر خۆشویستن.

سێیەم: تێڕوانینمان بۆ ژیانی دونیا:

ئنجا لە ژیانماندا هەمیشە ئەوەمان لە پێش چاو بێت کە ئەم ژیانە دونیاییە جێی تێدا تاقی کردنەوەیە و جێی تێدا حەسانەوە و پشوودان نیە، جێی تێدا نیشتەجێ بوون نیە، بەڵکو پردی بەسەردا ڕەت بوونە! با هەرگیز ئەو ڕاستی یەمان لە بیر نەچێ، جارجار هاوەڵان کە دەیانگوت: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ تۆزێك پشوو بدە، تۆزێك خواردنێکی نایاب بخۆ، وە هەروەها ... دەیفەرموو: (ما أنا في الدنیا الا کراکب استظل تحت الشجرة ثم راح و ترکها)رواە مسلم.

واتە: من لە دونیادا وەك ڕێبوارێك وام لە سێبەری درەختێك دا پشوویەك دەدات و دواتر بەجێی دێڵێت.

پێغەمبەر ﷺ ئاوا بووا! بۆیە هاوەڵە بەڕێزەکانی لەوەوە فێری دونیا بەکەم گرتن و فێر قوربانی دان بوون، لە (صحیح البخاري) هاتوە کە ڕۆژێك (عمر) خوا لێی ڕازی بێ دەڵێ: چووم بۆ ماڵی پێغەمبەر ﷺ

تەماشام کرد لەتکە نانێکی جۆ لەسەر ڕەفتەی ماڵەکەیان بوو هیچی دیکە نا، پێغەمبەریش ﷺ لەسەر حەسیرێك ڕاکشابوو کە شوێنی لە کەلەکەی موبارەکی کردبوو، دەڵێ منیش بە گریانەوە گوتم ئەی پێغەمبەری خوا فارس و ڕۆم هەموو لە ناز و نیعمەت دان و کافریشن، تۆش پێغەمبەری خوای ﷺ بەڵام ئاوا بەم شێوەیەی! دەڵێ پێغەمبەری خواش ﷺ کە پاڵی دابۆوە، هەستا دانیشت و تووڕە بوو فەرمووی: (او في شك انت يا ابن الخطاب ...) ئایا تۆ لە گوماندای ئەی کوڕی خەططاب؟ ئەدی نازانی خوا دنیای بۆ ئەوان داناوەو دوارۆژیش بۆ ئێمەیە کە بۆ هەمیشە لە بەهەشتی پڕ نازو نیعمەت دا دەبین؟! دنیا چیە! تاکو خوا پێغەمبەری خۆی تێدا بەهرەمەند بکات بە خۆشی و ئارەزووەکانی!

پێغەمبەری خوا ﷺ دەیزانی دونیا بایی چەندە، بە چاوی دوا ڕۆژ تەماشای دنیای دەکرد بۆیە ئەوەندە لە لای گچکە بووە وەك خوا فەرموویەتی: ﴿ فَمَا مَتَاعُ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا فِي الآخِرَةِ إِلاّ قَلِيلٌ﴾ (التوبة -38)

خوشکان، برایان! سوێند بە خوا مسوڵمانان کە تووشی هەڵە دەبن بە زۆری بەهۆی دنیاو خۆشیەکانی وکەمەکانیەوەیەتی، وەك لە (أثر)[17] یك دا هاتوە کە قسـەیەکی زۆر بە نرخە، گوتراوە: (حب الدنيا رأس كل خطيئة) واتە: خۆشویستنی دونیا سەری هەموو گوناح و تاوانێکە، ئێمە بە زۆری وایە کە تووشی هەڵە و لادان دێین چ دەرحەق بە یەکتر و چ لە ژیانی گشتیماندا، بە هۆی خۆشویستنی دونیاوەیە، کەواتە با ئاگامان لێ بێت و ژیانی دنیا چۆنە هەروای ببینین! دونیا هۆڵی تاقیکردنەوە و هەڵسەنگاندنە، کەواتە با ژیانی دونیا وەك خۆی ببینین و دوارۆژیش وەك

(17) (أثـر) چەمکێکی گشتی هەیەو هەرکام لە فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ و قسەی هاوەڵان و ئەوانەی دوای ئەوانیش دەگرێتەوە .

خۆی، خوای بەرز و مەزنیش بە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ﴿ فَإِذَا فَرَغْتَ فَانصَبْ ، وَإِلَى رَبِّكَ فَارْغَبْ ﴾ (الانشراح –7،8)

واتە : هەرکات لە کارێك بوویەوەو تەواوت کرد بۆ ئیسلام ، دەست بە کارێکی دیکە بکە و خۆی تێدا ماندوو بکە و با ڕەغبەتت تەنها بۆ لای خواو پاداشتی بێت .

چوارەم : لە ئیش و کارماندا دەبێ ڕاوێژ بناغەی نەگۆڕ بێ:

بەڵێ ئیشوکارمان دەبێ بە ڕاوێژ (شُورَی) بێ، چونکە خوای کاربەجێ ئیشو کاری مسوڵمانانی بەوە وەسف کردوە کە بە ڕاوێژ دەبێت، دەفەرموێ: ﴿وَأَمْرُهُمْ شُورَى بَيْنَهُمْ﴾ (الشوری –38)، دیارە بەدیلی ڕاوێژیش لە هەموو ئاستەکاندا هەر لە کەسێ یەکەمەوە تا ئەندام شانەیەك بریتییە لە خۆسەپاندن و دیکتاتۆریی، کاری خۆسەپاندنیش بێ بەرەکەت و بێبەرهەم و ئاماجە لە دونیاو قیامەتدا، پێغەمبەران(علیهم السلام) هەموویان هاتوون دژی دیکتاتۆری و خۆسەپاندن و دژی طاغووت و ملهوڕەکان خەباتیان کردوە، ئەو دیکتاتۆر و طاغوتانەی کە ویستوویانە قسەو بڕیار هەر هی ئەوان بێت و لەسەر وان قۆرخ بکرێ! بۆ وێنە فیرعەون خوای دادگەر لێی دەگێڕێتەوە کە گوتوویەتی: ﴿ مَا أُرِيكُمْ إِلاَّ مَا أَرَى وَمَا أَهْدِيكُمْ إِلاَّ سَبِيلَ الرَّشَادِ﴾ (غافر –29) .

واتە: هەر ئەوەتان پێ دەڵێم کە بۆخۆم بە چاکی دەزانم، ئەوەی منیش دەیڵێم هەمووی هەر چاکە ، ئائەوە قسەی فیرعەونانەیە!

ئەدی قسەی مسوڵمانانە چی یە؟ ئەوەیە کە شافیعی ڕەحمەتی خوای لەسەربێ گوتوویەتی: (رأيي صواب يحتمل الخطأ رأي غيري خطأ يحتمل الصواب).

واته: ڕای خۆم پێ ڕاستە بەڵام ڕێی تێدەچێ هەڵە بێ، وە ڕای بەرامبەرەکەم پێ هەڵەیە و ڕێشی تێدەچێ ڕاست بێ!

ئینسان ئەگەر بەو شێوەیە بیری کردەوە گوێ بۆ هەموو کەس دەگرێ ، خوای زاناو تواناش ئەهلی ئیمانی بەوە وەسف کردوە: ﴿ الَّذِينَ يَسْتَمِعُونَ الْقَوْلَ فَيَتَّبِعُونَ أَحْسَنَهُ أُوْلَئِكَ الَّذِينَ هَدَاهُمْ اللَّهُ وَأُوْلَئِكَ هُمْ أُوْلُوا الأَلْبَابِ﴾(الزمر -18)

واتە: ئەوانەی گوێ بۆ هەموو قسەیەك دەگرن بەڵام باشەکەی هەڵدەبژێرن، ئا ئەوانەن کە خوا هیدایەتی داون و هەر ئەوانەن خاوەنی عەقڵن.

کەوابێ: ئەوەی وانەبێ نە خوا هیدایەتی داوەو نە خاوەنی عەقڵیشە! هەرکەسێك بڵێ پێویستم بە ڕاو بۆچوونی کەس نیە ئەوە چاوی لە دیکتاتۆری و خۆسەپاندنە لە هەموو ئاستەکاندا، چونکە هەیە پێی خۆشە سەرووی خۆی پرسی پێ بکات بەڵام پرس بە خوار خۆی ناکات! پێی خۆشە بۆ سەرەوەی خۆی دیموکراسی بێ بەڵام بۆ خوار خۆی دیکتاتۆری بێ!! مەبەست لێرەدا لە دیموکراسی ڕاوێژ پێکردن و پرس پێکردنە ، نەك چەمکە ڕۆژئاواییەکەی.

کەواتە با ئیش و کارمان بە ڕاوێژ بێ و لە ڕاوێژیش نەترسین! ئێستا ئێمە لەم کۆنگرەیەدا با هیچ لەوە نەترسین کە خوشکێك یان برایەك ڕەخنەیەك دەگرێ، پێشنیارێکی هەیە شتێکی باشمان نیشان دەدات کە ڕەنگە هیچمان عەقڵمان پێی نەشکێ، سەیر نیە! پێغەمبەری خوا ﷺ کە هەردەم لە خواوە وەحی بۆ هاتوە لە جەنگی بەدردا (الحباب بن المنذر) پێی دەڵێ: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ تۆ لەم شوێنە بارگەو بنەت خستوە و لێرە سوپاکەمان جێگیر بووە، ئایا ئەوە (وحي)ی خوایەو بۆمان نیە قسەی لەسەر بکەین و لێی لابدەین (أم هي الحرب و الرأى و المكيدة) یاخود ئەوە جەنگەو بار لێ دێتنەوە تەکتیکی جەنگی یە و

بۆخۆت وات پێ چاکە؟! ئەویش دەفەرموێ : (بل هي الحرب و الرأي و المكيدة)بەڵکو جەنگ و بۆچوون و بار لێدیتنەوە و تەکتیکی جەنگیە ، ئەویش دەڵێ: کەواتە ئێرە چاك نیە با بیگوێزینەوە بۆ ئەو شوێنەی دیکە!

تەماشا بکەن، ئەوە دوو شتی لێ دەخوێندرێتەوە:

یەکەم: پێغەمبەر ﷺ هاوەڵە بەڕێزەکانی خۆی فێر کردوە قسە بکەن، ڕاو بۆچوونیان هەبێت با پێچەوانەی ڕاوبۆ چوونی ئەویش بێت! چونکە هەر خوای پەروەردگار پێویستی بە پرس و ڕای کەس نیە پێغەمبەران (عليهم السلام) لە هەموو کەس عاقڵتر بوون، پێغەمبەریشمان ﷺ لە هەموویان عاقڵتر و لێزانتر بووە و(رحمة للعالمين) بووە، بەڵام ڕاوێژی لە هەموو کەس زیاتر بووە!

دووەم : ئەوە بوو پێغەمبەر بە قسەشی کرد و بارگە و بنەیان بۆ شوێنێکی دیکەی گونجاو گواستەوە و خوای پەروەردگاریش سەری خستن و جەنگەکەیان بردەوە.

کەواتە با ئێمە مەسەلەی ڕاوێژ(شورى)زۆر بە گرنگ وەربگرین، خەڵك باسی دیموکراسی دەکات، هەناوی دیموکراسی و ئەوەی کە چاك و بە کەڵکە لە دیموکراسی‌دا لە شوورای ئێمەدا هەیە، مەسەلەی دەستاو دەست پێکردنی دەسەڵاتی سیاسی بە ئاشتی یانە ، مەسەلەی هەڵبژاردن وەك کە پێغەمبەر ﷺ بە هەردووك تیرەی (أوس) و (خزرج) ی فەرموو پاش ئەوەی مسوڵمان بوون و بەیعەتیان پێدا (أخرجوا الـيَّ نقبائكم) واتە: مشوور خۆرەکانم لە نێو خۆتاندا بۆ هەڵبژێرن و دیاری یان بکەن وەك لە سیرەی (ابن هاشم) دا هاتوە، هەروەها هەر چوار خەلیفە ڕاشیدەکان ئەبوبەکر و عومەرو عوسمان و عەلی (خوا لێیان ڕازی بێ) بە هەڵبژاردن بوون بە خەلیفەی مسوڵمانان، بەڵێ ئەبوبەکر پێشنیاری عومەری کرد بۆ خەلیفایەتی دوای خۆی، بەڵام ئەگەر مسوڵمانان

بەیعەت و پەیمانیان پێ نەدابایە نەدەبوو بە خەلیفە، زانایان لەسەر ئەوە یەکدەنگن، ئەوانی دیکەش زۆر ڕوونە کە مسوڵمانان بەڕاوێژی نێوخۆیان هەڵیان بژاردوون.

دیارە هەر بۆیەش مسوڵمانان ئەوەندە ڕێزیان گرتوون و لە خزمەتیاندا بوون، بۆیەش پێیان دەگوترێ خەلیفە سەر ڕاستەکان (الخلفاء الراشدون) چونکە مسوڵمانان خۆیان بە ڕاوێژ هەڵیان بژاردوون، بەڵام لە دوای ئەوان خۆسەپاندن بووە بە وەسیلەو شێوازی گەیشتنە کورسی حوکمڕانیی هەر لە (معاوية) وە تا دوایی خوا عەفووی بکات! لەوێ وە ئەو پرس و ڕاوێژ(شورى)ە لە بار براو پاشان سەری کێشا بۆ ئەوەی خەلیفەیەك وەسیەت بکات بۆ ئەوەی دوو یان سێ کوڕی خۆی لە دوای خۆی ببنە خەلیفە! بۆ وێنە(عبدالملك بن مروان) یان (هارون الرشيد)!!

کەواتە هەڵبژاردنی کاربەدەستان لە لایەن خەڵکەوە قەزیەیەکی ئیسلامییە پێغەمبەر ﷺ وای کردوە خەلیفە سەر ڕاستەکان وایان کردوە، بەڵام ئەوانی دوای وان لایان داوە بۆیە مسوڵمانانیش تووشی ئەو هەموو نەهامەتیی و دەردەسەری یانە بوون!

ئنجا مەسەلەی ڕەخنەگرتن لە دەسەڵات لە ئیسلامدا، کێ بە ئەندازەی پێغەمبەر ﷺ و خەلیفە ڕاشیدەکان بواری داوە بە خەڵك ڕەخنە بگرن و قسە بکەن و تێبینی خۆیان بخەنە ڕوو؟! با ئێمە بزانین ئەوەی ئەمڕۆ بە ناوی دیموکراسییەوە بانگەشەی بۆ دەکرێ بە چاکتر لەوەش لە شووڕای خۆمان دا هەیە، فەلسەفە وجەوهەری دیموکراسیش کە بریتییە لەوەی دیاری کردنی حەڵاڵ و حەرام دەداتە دەست خەڵك، ئیسلام ئەوەی (حسم) کردوە و بڕاندوویەتیەوە کە تەنیا مافی خوایەو تەنیا خوا حاکم و فەرمانڕەوایە ﴿ إِنْ الْحُكْمُ إِلاَّ لِلَّهِ﴾ (يوسف -40)، ئیسلام مسوڵمانانی لە کۆڵ ئەو کێشەیە کردۆتەوە چونکە شەریعەتێك هەیە و حەڵاڵ و حەڕامی تێدا دیاری کراون، وە بەدەر لەو حەڵاڵ و حەڕامەی دیاری کراوە لە قورئان

و سوننەت دا مسوڵمانان دەستیان کراوەیــە کــە بــە پــرس و ڕاوێــژ لــە سنووری شەرع دا چۆنیان پێ باشە ئاوا بکەن!

پێنجەم : لەگەڵ کۆمەڵگادا :

پەروەردەکردنی کۆمەڵێکی پێشەنگ و بنیاتنانی بنکەی جەماوەریی:
برایان، خوشکان! ئێمە دوو شتمان پێویستن بۆ ئەوەی بتوانین لە ئاییندەدا کۆمەڵگاکەمان بگۆڕین و دەوڵەتی ئیسلامیی دابمەزرێنین خوا پشتیوان بێت، هەر چەندە وەك پێشتر گوتمان ئێمە هەر کارێکی ئیسلامیی کــە دەیکــەین ئامانجێکی شەرعی یەو دەیهێنینە دی، بەڵام، ئامانجی کۆتایی ئەوەیە کە ئێمە خەڵکی ئەم وڵاتەی خۆمان (کوردستان و عێـراق) بکــەین بــە کۆمــەڵگاو دەوڵەتێکی ئیسلامیی! چونکە دینی خوا بۆیە هاتوە حاکم و باڵا دەست بێت و نەهاتوە بندەست و مەحکووم بێت، دینی خوا بە کەمتر لە حاکمیەت ڕازی نابێت، بەڵام بێگومان حاکمیــەتی ئیســلام لــە میانــەی ئیرادەی میللــەتی مسوڵماندا پیادە دەبێت و بە هێز بە سەریاندا فەرز ناکرێت، بــەڵکو دەبــێ خۆیان هەوڵی بۆ بدەن و داوای بکەن! ئەگەرنا خوای زاڵ و کاربەجێ دینی بۆ ئەوە ناردوە کە حاکم بێت وەك فەرموویەتی: ﴿هُوَ الَّذِي أَرْسَلَ رَسُولَهُ بِالْهُدَى وَدِينِ الْحَقِّ لِيُظْهِرَهُ عَلَى الدِّينِ كُلِّهِ وَكَفَى بِاللَّهِ شَهِيدًا﴾ (الفتح –28) جا ئێمە بۆ حاکمیەتی دینی خوا لە وڵاتی خۆماندا پێویستیمان بە دوو شت هەیە:

<u>یەکەم:</u> بنکەی جەماوەریی، پێویستە بنکەی جەماوەریی دروســت بکــەین، دەبێ خەڵکێك هەبێ ، وەك چۆن پێغەمبەر ﷺ پێش ئەوەی کۆچ بکات بۆ (یثرب) خەڵکی ئەو شارە هەستان نوێنەرەکانیان چوون بۆ خزمەتی پێغەمبەر ﷺ و پــەیمانی یەکــەم و دووەمــی عەقەبــەیان لەگــەڵ دا بەست، پەیمانیان پێدا و گوتیان: ئەی محمد ﷺ وەرە تۆ ســەرۆك و بــرا گەورەی ئێمە بەو شەریعەتی خوامان بەسەردا پیادە بکە، ئنجا کۆچــی

کرد بۆ ئەوێ!! ئێمەش دەبێ بنکـە و پێگەیـەکی جـەماوەری ئـاوا بـۆ خۆمان دروست بکەین کە بۆ خۆیان نوێنەرانی مسوڵمانی خۆیان دیاری بکەن ئەوانەی کە دەیانەوێ شەریعەتی خوا پیادە بکەن.

دووەم : دەبێ خۆشمان پێبگەیەنین، خۆمان و کەسانێك پێبگەیەنین کـە لـە ئاستی کار هەڵسوڕاندنی ئیسلامیی دابن، ئەگەر نا جاری وایە میللەت هەمووی مسوڵمانە، بەڵام ئەگەر خەڵکێکت نەبێ لـە ئاسـتی بـەرزی ئیسلامدا مشوور بخوات وکار هەڵسوڕێنێ و نەزانێ چۆن سەرکردایەتی و وەزیرایەتی و ئیدارەی کاروبار بکات و نـەزانێ چـۆن پارێزگـاو شـارو شارۆچکە و گوندەکان بەڕێوە ببات، ناگونجێ وڵات و خەڵك بە شێوەیەکی شەرعی یانەی شایستە بەڕێوە بچێ هەرچەندە خەڵك هەمووی مسوڵمان بێ و حاکمیەتی ئیسلامی بوێت!

بۆیە کوردەواری خۆمان دەڵێن (ئیشکەرت بەرێ مشور خۆرت نـەمرێ) خەڵك زۆریان دەتوانن ئیش بکەن ، بەڵام کەمیان دەتوانن مشوور بخۆن، ئێمە ئیشمان هەر بەوەندە پێك نایەت خەڵك مسـوڵمان بـێ و ئیسـلامی بوێـت، بەڵکو دەبێ کەسانێکیش پێ بگەیەنین کـە بتـوانن لـە ئاسـتی ئیسـلامدا مشوور بخۆن ئیدارەی وڵات بکەن و دوایی ئیسلام پێیانەوە ناشـیرین نـەبێ و مسـوڵمانان لەسـەریان قـەرزدا نەبنـەوە نەبنـە پەڵەیـەکی ڕەش بەسـەر ئیسلامەوە!

ئەوەش بەوە دەکرێ کە ئەو جۆرە کەسانە هەم کەسانێکی بەهێز (قوي) بن و هەم ئەمیندار و پاك (أمين) یش بن، وەك خوا فەرموویەتی: ﴿ إِنَّ خَيْرَ مَنْ اسْتَأْجَرْتَ الْقَوِيُّ الأَمِينُ﴾ (القصص -26)، بەهێز(قوي) بن واتە چـاك لـە ئیشەکەیان بزانن، جا هەرئیشە قووەت و توانای بواری خۆی دەوێـت، ئیشـی سەربازی کابرا دەبێ ئیشی سەربازی باش بزانێ، وەهەروەها ئیشی ڕاگەیاندن و یاسایی و دارایی و ئابووری و ..... هتد ، هەریەکە پێویستە لەو کارەی پێـی

دەسپێردرێ تێیدا بە توانا و کارامــە و پســپۆڕ بێـت، جگـە لـەوەش دەبـێ ئەمیندار (أمین) بن و ناپاك (خائن) نەبن .

جا هەر کاتێك کەســانێکی کارامــەو ئەمینــدار (قــوی و أمــین) مــان پەروەردە کردن کە لە ئاستی کاری ئیسلامیی دابوون و بنکەیەکی جەماوەری واش دروستکرا کە ئامادەیی ئەوەیان تێدا بێ و بلـێـن : ڕازی نـابین غـەیری ئیسلام حوکمڕانیمان بەسەردا بکات، ئەو کاتە بێگومان زەمینە دەڕەخسێ بۆ تێدا ڕاگەیاندنی کیان و دەولـەتی ئیسـلامیی، ئـەو دەولـەت و حکومەتـە ئیسلامیی یەی کە هەموو خەلك بە مسولمان و غەیرە مسولمانەوە لە ژێـر سایەی دا بەهرەمەند دەبن، بەلکو گیانـدار و ئـاژەل و دارو درەختـیش لێـی بەهرەمەند دەبن، چونکە مافی هەموویان پـارێزراوە، جگـە لـەوەش خێـر و بەرەکـەتی ئاسمـان و زەوی بەســەر ولاتـدا دەبـارێ ، وەك خـوای بەخشـندە دەفەرموێ: ﴿ وَلَوْ أَنَّ أَهْلَ الْقُرَى آمَنُوا وَاتَّقَوْا لَفَتَحْنَـا عَلَـيْهِمْ بَرَكَـاتٍ مِـنْ السَّمَاءِ وَالأَرْضِ وَلَكِنْ كَذَّبُوا فَأَخَذْنَاهُمْ بِمَا كَانُوا يَكْسِبُونَ﴾ (الاعراف –96).

خوای پەروەردگار یارمەتیمان بدات و پشتمان بگرێ کە لە نێو خۆماندا و پێکەوەش براو تەباو دۆست و پشتیوانی یەکتر بین و یەکتریمان خۆش بوێ و بە خۆشی یەکتر دلخۆش بین و بە ناخۆشی یەکتر پەرێشان و دلتەنگ بین و لەگەل خەلدا سنگ فراوان و ڕووخۆش و زمان شیرین و لێزان بـین و لەگـەل دینـی خوای پەروەردگاردا دەستگرتوو بین بە پڕنسیبەکان (مبادئ) ی شەرعەوە و لە بواری شێواز و چۆنیەتی کاردا عەقلمان گەورەو کراوە بێت و واقع بین بین، خوا بە لوتف و کەرەمی خۆی کۆمەلی ئیسلامیی مان بۆ بکاتە وەسـیلەیەك بـە هۆکارێك کە ئەم میللەتە مسولمانەمان لـە کوردسـتان و عێراقـدا لـەژێر سایەی دینی خوادا بەختەوەری دونیا بێت و سـەرفراز و ڕوو سـووری دوا ڕۆژ بێت.

آمین

وصلى الله على محمد وعلى اله وصحبه أجمعين

والحمد لله رب العالمين

وتاری پێش كۆتایی پێهێنانی كۆنگره

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمدلله والصلاة والسلام على رســـول الله محمـــــد والـــــه المهتديـــن بهـــداه الى يوم اللقاء .

براو خوشكانى بەڕێزم! بە پێویستی دەزانم كە لە دوا دوای كارەكانی ئەم كۆنگرەی یەكەمی (كۆمــەڵی ئیســلامیی) مانـدا ئامــاژە بكــەم بەچـەند مەسەلەیەك، كـە هەنـدێكیان داواو پێشـنیاری ئامـادە بـووانی بـەڕێزن و هەندێكیشیان هەڵقولاوی بیروبۆچوونی خۆمن، وە هەندێكیان دەچنە قاڵبـــی ئەوەی كە هەندێك ڕاستی بیر خۆمان بێنینیەوە و هەندێكیشیان دەچنە قاڵبی ئامۆژگاری و ڕێنمایی كردنەوە و هەندێكی دیكەشیان دەچنە قاڵبی خســتنە ڕووی وەفاو ئەمەگ و پێزانینەوە، وە من بە پوختی و گوشراوی دەیانخەمە ڕوو:

یەكەم : شەهیدانی سەربەرزمان – خوای بەخشەر پلەیان بەرز و بەرزتر بكاتەوە – وە بنەماڵەو كەس و كاری سەربەرزو بەڕێزیان:

بــە پێویســتی دەزانم كــە وەك وەفــاو پێزانینێــك بــۆ شــەهیدانمان هەركەسەمان لە ئاست خۆیەوە چ وەك هەوڵێكی تاكی ،چ وەك حیزب لە میانــە(خلال)ی ئۆرگانــەكانی (كۆمــەڵی ئیســلامیی) ئاگامــان لــە بنەماڵــەو كــەس وكــاری شــەهیدەكانمان بێــت، بــە تایبــەتی منــداڵ و كۆرپەكانیان وە بە گشتی دایك و باب و خێزانیــان، خـزم و نزیكانیــان! چونكە لە ڕاستی دا وەفامان بۆ شەهیدەكانمان ئەوەیە كە لەگەڵ بنەماڵەو كەس و كاریان چاك بین، بەتایبــەت وەك ئامــاژەم پێكــرد ئاگامــان لــە منداڵــەكانیان بێــت، ئــەویش بــەوە كــە چــۆن بۆمــان دەكــرێ ئــەو جگەرگۆشانەی ئەو شەهیدە سەربەرزانەمان وابن ئەو ڕێگا بەرز و پیرۆزە بگرن كە بابیان گیانی خۆی تێیدا بەخت كردوە، دیسان ئەوەش وەك گوتم

هەرکەسێکمان لەبەرخۆیەوە هەڵوێستی تاکی هەبێت و وەك حیزبیش لە ڕێی ئۆرگانە پەیوەندی دارەکانەوە کەمتەرخەمی نەکرێت!

هەر لێرەوە ئاماژە دەکەم بە مامۆستا عبداللە ی قصریێ و چوار هاوەڵەکەی کە ئێمە لەم دوایی یەدا لەگەڵ یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دانیشتنمان کرد، ئەو مەسەلەیە بە صوڵح کۆتایی پێ هێنرا، لەبەر ئەوە کە لە شەرع دا کەسێك ئەگەر بە ئەنقەست(عمد)یش کەسێکت لێ بکوژێ — دیارە (یەکێتی) هەمیشە هەر داکۆکی یان لەسەر ئەوە کردوە کە هەڵە (خطأ) بووە! بەڵام ئەگە ئێمە قەناعەتمان وابێ بە ئەنقەستیش بووە — شەرع سێ ڕێی داناون: کوشتنەوە ئەگەر ئیسپات بێ کە ئەنقەستە، خوێن وەرگرتن، عەفووکردن واتە هەرکام لەم سێ یانە بکرێ لە چوغزی شەرع دایەو دەکەوێتە سەر ئەوە کە میراتگر(وارث)ی ئەو کوژراو(مقتول)ە چۆن بە بەرژەوەندیی دەزانێ، ئێمە وەك (کۆمەڵی ئیسلامیی)و کەس و کاریشیان وامان بە مەسڵەحەت زانی ئەو مەسەلەیە بە هەڵواسراوی نەمێنێتەوە بۆیە صوڵحمان کرد! دیارە هەم هی مامۆستا عبداللە ی قصریێ و هەم هی چوار هاوەڵەکانی، خوای پەروەردگار بە شەهیدی وەرگرتبن و پلەو پایەیان بەرز و بەرزتر بکاتەوە .

دووەم : برایانی پێشمەرگە و موجاهید:

هەروەها بە پێویستی دەزانم کە لێرەوە ڕێز و تەقدیر و سوپاسی شایستە بۆ برایانی پێشمەرگەو موجاهیدمان بە گشتی و بە تایبەت دێرینەکانیان بخەمە ڕوو، چونکە بێگومان ئەم واقیعەی ئێستای کارو کاروانی ئیسلامیی مان کە لە (کۆمەڵی ئیسلامیی) دا بەرجەستە بووە بە پلەی یەکەم پەرێز و بەرهەمی خەبات و هیجرەت و جیهاد و فیداکاریی ئەوانە، خوا بە کەرەم و بەخششی بێ سنووری خۆی

کردوکۆشی ڕابردوویانی بە چاکترین شێوە قبووڵ فەرمووبێ و ڕاوەستاویی (إستقامة)و پشوو درێژیی و بەردەوامیشیان بۆ ئێستاو داهاتوو پێ ببەخشێ و هەمیشە خۆیان ئاسا ئامادەو دەست لەسەر سینگ بن بۆ جێبەجێکردنی هەر ئەرك و کارێکی ئیسلامیی کە لە لایەن قیادەیانەوە پێیان دەسپێردرێ .

سێیەم : ڕێکخستنەکانمان :

دیسان بە پێویستی دەزانم پڕ بە دڵ سوپاس و ڕێز و تەقدیر بۆ کادیرانی دڵسۆزو خۆڕاگرو بە مشووری ڕێکخستنمان بخەمە ڕوو بە تایبەت ئەوانەیان کە لە قۆناغو هەل ومەرجە سەخت و دژوارەکان دا کۆڵنەدەرانە و بوێرانە سەرگەرمی کاروچالاکی خۆیان بوون.

ئاشکراشە کە ڕێکخستنەکانمان ڕەگ و ڕیشە و بناغەی کارو بوونمانن خوا بەرەکەت و هێز و پێزی زیاتر و چاکتر بخاتە کاروباری دڵسۆزانی ڕێکخستنەوەو بە چاکترین شێوە پاداشتیان بداتەوە.

چوارەم : دەربارەی زیندانی یەکانمان:

لە ڕاستی دا کێشەی برا زیندانی یەکانمان گرفت و گرێیەکی گەورەیە لەسەر دڵمان، بە تایبەت ئەوانەمان کە لە دەڤەری لای پارتی گیراون ! بۆ ئەوەی هەموو لایەکیشیان بزانن من بۆ خۆم بە شەخسی تا ئێستا دوو جار داوام لە کاك (مسعود بارزانی) کردوە، جارێکیش لە مەکتەبی سیاسی یان، برایانی دیکەشمان لە هەولێر بە تایبەتی (مامۆستا حسن بابکر) وەك بەرپرسی مەڵبەند جار لە دوای جار داوایان لەو بەرپرسانەی پارتی کردووە کە

چاویان پێیان دەکەوێ، وە هەروەها لە پەرلـەمانیش هەمیشـە برایانمـان لەگەڵ کەسانی پەیوەندی دار باسیان کـردوە وە باسـیش دەکـەین بـەڵام حەیفێ تا ئێستا هیچمان لێیان چنگ نەکەوتوە! دیارە جگە لەو شتانەش کە باس کران هەر هەنگاوێکی دیکە بە پێویست بزانرێ دەیگرینەبەر لە پێناو ڕزگار بوونی ئەو برایانەمان، کە ئێمە دڵنیاین بـە زوڵـم گـیراون، چونکە ئێستا نە دادگایی کردنیـان دیـارە، نـە تۆمەتـەکانیان لەسـەر ئیسپات کراوە ! هەوڵدانیش بۆ ڕزگار بوونیان بـە ئـەرکێکی شـەرعیی سەرشانی خۆمانی دەزانـین، وە تـا ئێسـتاش ئـەوەی لەدەسـتمان هـاتوە کردوومانە .

پێنجەم: سەبارەت بە مووچەی نوێنـەرانمان لـە ئەنجومـەنی نیشـتیمانی عێراق و پەرلەمانی کوردستان و ئەنجومەنی پارێزگاکان:

ئەوەش بە پێویستی دەزانم ئاماژەی پێ بدەم، چونکە جـار جـار بـەر گوێمان دەکەوێ و باس لـە مـووچـەی ئـەو ئەندامانـەمان دەکـرێ، وەك ئاگادارن ئێمە(2)[18] نوێنەرمان لە ئەنجوومەنی ئیشتیمانی عێـراق و (6) نوێنەرمان لە پەرلەمانی کوردستان و(4) نوێەرمان لە ئەنجومەنی پارێزگاکان دا هەن، هەموو نوێنەرانمان ئەو مووچەو یارمەتی یـەی کـە وەری دەگرن تا ئێستا مێناویانە بۆ دەستەی کارگێڕی و مەکتەبی سیاسی، ئیدی ئەویش بە بڕیاری سەرکردایەتی چـەندەی بـە پێویسـت و گونجـاو زانیبێ گێڕاویەتەوە، چەندەشی بە شایسـتە زانیبـێ تەسـلیمی خۆیـانی کردۆتەوە، نەك یەکسەر ئەو نوێنەرانە بیخەنە گیرفانی خۆیانەوە!

(18) خولی پێشوو وابوو بەڵام ئێستا بەس (تەنها) نوێنەرێکمان هەیە .

ئەوەندەی منیش ئاگادارم ئەو براو خوشکە نوێنەرانەمان لەو شوێنانەی کە لێی هەن بە پێی توانای خۆیان و بەپێی ئەو هەل و مەرجەش کە بۆیان ڕەخساوە قسەی حەقیان کردوە و ڕۆڵی خۆیان بینیوە، ئومێدیش دەکەین لەمەودوا هەل و مەرجیان بۆ لەبارتر بێ (ان شاء الله) ڕۆڵی خۆیان زۆرتر و چاکتر ببینن.

وەجێی خۆیەتی ئاماژە بەوەش بدەم کە بەڕاستی نوێنەرانمان لە بەغدا کاریگەریی باشیان بووە لەسەر هەندێك بڕگەو بڕیار لە کاتی نووسینەوەی ڕەشنووسی دەستووردا، هەروەها لە پەرلەمانی کوردستانیش دیسان نوێنەرانمان لە لیژنە پەیوەندی دارەکان قسەی حەقیان کردووەو ڕۆڵیان هەبووە، کە یەکێك لە هەڵوێستەکان ئەوەبوو ئێمە وەك (کۆمەڵی ئیسلامیی و یەکگرتووی ئیسلامیی) ناڕەزایی نامەیەکمان تەسلیمی سەرۆکایەتی پەرلەمان کرد– لەبەر ئەوەی لە ڕەشنووسی دەستووری کوردستاندا باسی ئیسلام نەکراوەو باسی ئەوە نەکراوە کە شەریعەتی ئیسلام بناغەی یاسا دانانە– گوتوومانە ئەوەی لە دەستووری عێراقدا سەبارەت بە ئیسلام هاتوە لانی کەم ئەوەندەش لە دەستووری کوردستاندا نەبێ ، ئێمە دەنگی پێ نادەین.

شەشەم: بەشداریی کردن لە (لیستی هاوپەیمانی کوردستان) :

دیارە ئێمە بڕیارمان داو ئەوە بوو هەر لەم کۆنگرەیەشدا بە ئیجابی دەنگی لەسەر دراو پەسند کرا کە ئێمەش لەو لیستە دا بەشداریی دەکەین، بە درێژی باسمان کرد کە لە ڕووی شەرعی یەوە ئەو مەسەلەیە لە جۆری مامەڵەو هەڵسوکەوتەکانە، سەبارەت بە (باب المعاملات) یش (ابن القيم الجوزية) ڕەحمەتی خوای لێ بێ لە کتێبی (اعلام الموقعين) لە

(ابن عقيل)ەوە نەقڵ دەکات – زانایانی دیکەش باسیان کردوە – دەڵێ لە بواری هەڵسوکەوتەکان (معاملات)دا تەماشای قازانج (مصلحة) و زەرەر (مفسدە) دەکرێ! وە دەڵێ: لەو بوارەشدا شەرعیی بوون ئەوە نیە کە دەق (نص)ێکی شەرعیی لەسەر بێ، بەڵکو شەرعیی بوون ئەوەیە کە پێچەوانەی دەقێکی شەرعیی نەبێ و قازانج (مصلحة)یشی تێدا بێت !

واتە مەرج نیە بۆ شەرعیی بوونی مەسەلەیەك لە بواری هەڵسوکەوت دا حەتمەن ئایەت و فەرموودەی لەسەر بهێنرێتەوە، بەڵکو گرنگ ئەوەیە پێچەوانەی ئایەت و فەرموودەیەك نەبێ و قازانج و بەرژەوەندی یەك دەستەبەر بکات! کەواتە لە ڕووە شەرعییەکەیەوە ئێمە بە شتێکی ئیجابی و ڕەوای ڕوون و ئاشکرای دەبینین.

دەمێنێتەوە لە ڕووی واقیعەوە، لەو ڕووەشەوە ئێمە کۆمەڵێك پاساو و بەڵگەمان هەبووە کە بەشداری کردنمان پێ (أهون)تر بووە، چونکە ئێمە ویستمان لیستێکی ئیسلامیی هەبێت، بەڵام ئەوەمان بۆ نەڕەخسا، ئەوە بوو برایانی (یەکگرتوو) بۆیان نەکونجا لەگەڵماندا لیستێکی ئیسلامیی پێك بهێنین! ئیدی ئێمە ئەوەمان بە گونجاوتر زانی کە لەو لیستە کوردستانی یەدا بین نەك بە تەنیا دابەزین، لەبەر ئەوە من لێرەوە ڕایدەگەیەنم هەرکەسێك خۆی بە ئەندام و لایەنگری کۆمەڵی ئیسلامیی دەزانێ پێویستە بیستن و فەرمانبەریی (سمع و طاعة) ی هەبێ بۆ سەرکردایەتی خۆی! دیارە ئەو سەرکردایەتی یە پەیمانی داوە بە لیستی هاوپەیمانی کوردستانی کە لە بەرانبەردا ئەندامێکی مسۆگەر و ئەندامێکی یەدەگ (احتیاط)مان بۆ دانراوە، لەبەر ئەوە پێویستە دەنگ بەو لیستە بدرێ، مانای وایە ئەو کەسەی دەنگی بەو لیستە نەدا گوێ ڕایەڵی و فەرمانبەریی بۆ قیادەی خۆی نەبووە و بێ بەڵێنیش کراوە لەگەڵ

لایەنی بەرانبـــەردا، کە بێگومـــان هەرکــــــام لـەو دووانـەش هەڵـەو ناشەرعیی یە!

سەبارەت بە برایانی (یەکگرتووی ئیسـلامیی)ش، ئەوەنـدەتان پـێ دەڵێم کە ئێمە ئەوانیش و هەر مسوڵمانێکی دیکە بە برای دینی خۆمانی دەزانین، وە بە خۆشیی خۆشحاڵین و بە ناخۆشیی ناخۆشحاڵین، بەڵام پێمان وایە کە ئێمە زیاتر دەستپێشخەری برایەتی و تەبایی و بەدەمەوە چوونمان لەگەڵ ئەواندا کردوە ئومێدم وایە کە ئەوانیش وەڵامی ئیجابی یانـەیان هەبێت بۆ ئەو هەموو دەستپێشخەری یانەی ئێمە، بـەڵام مـن جـارێکی دیکە لێرەوە ڕایدەگەیەنم کە بەڕاستی لە هیچ کەس لە ئەندامانی خۆمان قبوڵ ناکەین دەم بە خراپە بکاتەوە بەرانبەر بە برایانی (یـەکگرتوو)، وە بەرانبەر بە هەر مسوڵمانێکی دیکەش، چونکە بێگومان ئێمە ئەوە لـە خۆمان ناوەشێنینەوە کە زەم و غەیبەتی برای مسوڵمانی خۆمان بکـەین ﴿أَيُحِبُّ أَحَدُكُمْ أَنْ يَأْكُلَ لَحْمَ أَخِيـهِ مَيْتًـا فَكَرِهْتُمُـوهُ﴾ (الحجـرات -12)، هەڵبەتە نابێ ئەوەش بکرێتە پاساو کـە بگـوترێ کـاتی خـۆی برایـانی (یەکگرتووی ئیسلامیی) یان فلان ئەنـدامیان ئێمـەی بـە فـلان شـتە تۆمەتبار کرد، یان لەسەر تەلەفزیۆن وا گـوترا، یـان بانگەشـەیان دژی ئێمە کرد یان، یان... هتد.

چونکە خوای بەخشەر دەربارەی هەڵسوکەوت لەگـەڵ خەڵکیـدا بـە گشتی دەفەرموێ: ﴿ ادْفَعْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ ﴾ (فصلت -34)

واتە: بە چاکترین (قسە و هەڵوێسـت) خراپەی بەرانبەر وەڵام بدەنەوە، ئنجا چ جای لەگەڵ خەڵکی مسوڵماندا! کەواتە نابێ ئەوە بکرێتە پاساو وە نابێ پێشبڕکێی خراپە کردن لەگەڵ خەڵکیدا بکـەین، بـەڵکو دەبـێ ئەگەر خەڵك خراپەی کرد ئێمە چاکە بکەین، بێگومـان ئـەو کەسـەش دەبیاتەوە لە دنیاو دوارۆژدا کە چاوی لە چاکەکەری یە، خوای بەخشندەش دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ اللَّهَ لاَ يُضِيعُ أَجْرَ الْمُحْسِنِينَ ﴾ (التوبة -120)

واته : بێگومان خوا پاداشتی چاکەکاران زایە ناکات .

حەوتەم : سەبارەت بە کار و چالاکیمان لە هەندەران:

بەڕاستی ئێمە ئیش وکاری دەرەوەمان لاوازە! بێگومان خەڵکی دڵسۆزمان زۆرە لەوێ، بەڵام تا ئێستا نەمانتوانیوە وەك پێویست وزو و تواناکانی ئەو براو خوشکانەمان یەك بخەین و بخەینە گەڕ کە لە وڵاتانی دەرەوەن، وە سەربارەش دەتوانین زۆر کەسی دیکە بکەین بە ئەندام و لایەنگری (کۆمەڵی ئیسلامیی).

بۆیە من پێم وایە دەبێ هەوڵی زیاتر بدەین و مشووری چاکتر بخۆین، هەرکەسە لە ئاست خۆیەوە وەك هەوڵی تاکی، چونکە هەرکەسە خزم و کەس و دۆست و ناسیاوی هەیە، وە هەم وەك هەوڵی حیزبیش لە ڕێی ئۆرگانە پەیوەندی دارەکانەوە کاری بە بڕشت بکەین، تاکو بتوانین بە پشتیوانی خوا کارو چالاکی یەکانمان لە هەندەران چڕتر بکەینەوە و پێگەیەکی بەهێز بۆ کۆمەڵی ئیسلامیی لە دەرەوەی وڵات بنیات بنێین و چاکتر و زیاتربەو خەڵکە مسوڵمانەمان ڕابگەیەنین کە بە هەر هۆیەکەوە بووە چوونەتە ئەو وڵاتانە .

هەشتەم : سەبارەت بە دەڤەری بادینان:

بێگومان ئێمە وەك کۆمەڵی ئیسلامیی بوونمان لە دەڤەری بادینان لاوازە، لەگەڵ ئەوەشدا کە بادینان زەمینەیەکی باش وگونجاوی هەیە بۆ تێدا ئەنجامدانی کاری ئیسلامیی، خەڵکەکەی زۆر لە فیترەتی دینداری یەوە نیزیکن، پێویستە ئاوڕێکی بە پەلەی لێ بدەینەوە و ڕێکخستنەکانمان توند و تۆڵتر بکەینەوە هەوڵی کردنەوەی بنکەو بارەگا بدەین لەو دەڤەرەدا کە بێگومان ناوچەیەکی گرنگ و ستراتیژی هەرێمی کوردستانە .

نۆیـەم : شاری کەرکوك

وەك هەندێك لە برایانی ئەو شارەشمان ئاماژەیان پێکرد، بـە ڕاسـتی کەرکووك عێراقێکی بچووکە، هەموو پێکهاتەکانی عێراقی لـێ دەژی ئەوەش وا پێویســـت دەکات کە ئێمـە زیـاتر جـێ پێـی خۆمـانی تێـدا بکەینەوەو مشووری چاکتری لێ بخۆین و باشتر بە دەمیەوە بچین و توانـاو وزەی ماددی و مەعنەوی زیاتری بۆ تەرخان بکەین.

دەیـەم : هەڵەبجە و هەورامان و شارەزوور لەگەڵ پشـــدەر :

بە پێویستی دەزانم لێرەوە وەك وەفا وەك ئەمەگێك سوپاسی خـەڵکی ئیسلام پەروەری هەڵەبجەو هەورامان و شارەزوور بە گشتی بکـەین، کـە چەند ساڵیك بوو ئەم کاروانە ئیسلامیی یە لە باوەشی پڕ هەست و سۆزی خەڵکی ئەو ناوچەو دەڤەرانەدا حەوابۆوە، بێگومان ئەو خەڵکە لە پەنای ئێمە دا زۆر تووشی ئێش و ژان و ناڕەحەتی کران بە ناحەق، بێ بەش کران لە زۆر شت لە زۆر خزمەتگوزاری! بەڕاستی پێویستە بـەردەوام دوعـای خێریـان بـۆ بکـەین و چـاکەکانی ئـەوانمان لـە بـیر نەچـێ وە لـە لێقەومانەکانیشماندا ئەو خەڵکە هەر خاوەن هەڵوێسـتی شـەرعییانەو مەردانە بوون، من هیچ کاتێك لە بیرم ناچێ کە خەڵکی ئەو شوێنانە لە پێشوازی هاتنەوەشم دوای ڕزگار بوونم لە زیندانی زاڵمانەی ئەمریکا هەم بۆ ناوچەی (چیمەن) و هەم بۆ شارۆچـکەی (سـیروان) زۆر بـە گـەرم و گوڕی بەشداری یان کرد، دیارە پێشوازی یەکەیان لە ئێمە هـاودەنگی و هاوسۆزی و دڵسۆزی بوو بۆ ئیسلام بۆیە ئێمەش پڕ بە دڵ مەمنوونیانین!
هەروەها خەڵکی دەڤەری (پشدەر)یش کە لە کۆچبار و گواستنەوەی بنکەو بارەگاو هێزەکانمان دا زۆر بە دڵسۆزی و پەرۆشـەوە باوەشـیان بـۆ کردینەوە خەڵکمان کە ئاوارەی لای ئەوان بوو هیچ هەستیان نەکرد کە لە

ماڵێکی بێگانەدان، بۆیە زۆر سوپاسی خەڵکی ناوچەی پشدەریش دەکەین خوا پاداشتیان بداتەوە کە بێگومان هەر ئەوەش لــە عــادەت و نــەریتی جوامێرانەو سەخاوەتمەندانەیان چاوەڕوان دەکرا.

یازدەیەم : دام و دەزگا حکوومیەکان :

دیسان وەك وەفا بە پێویستی دەزانم سوپاسی هەموو ئەو دام و دەزگا حکوومی یانە بکەین کە لە بەستنی ئەم کۆنگرەیەماندا هاوکــاری یــان کردین، زۆریان لێ مەمنوونین، برادەرانی پۆلیس بە هەموو جۆرەکانیەوە، برادەرانی ئاســایش، وە زۆر سوپاســی حکومــەتی هــەرێمی کوردســتان ئیدارەی سلێمانی دەکەین، دیارە ئەوەش یەکەم هەڵوێستی ئیجــابی یــان نەبووە و لە بواری دیکەشدا ئەو هاوکاری و دەستبار بۆگرتنانەیان هەیە، بێگومانیش هەرکەسێك زیاتر هەوڵ بدات چاکە بکات و ئیجابی تر بێت پێش هەموو شتێك بۆ خۆی قازانج دەکات زیاتر لەو کەسەی کە قازانجی پێ گەیاندوە وەك چۆن سەلبی بوون و خراپــەش پــێش خــەڵك زیــان بــە خاوەنی دەگەیەنێ!

دوازدەیەم : لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرەو ســەرجەم لیژنــەکان و ئامــادە بووان :

هەروەها وەك وەفایەك زۆر سوپاسی برایانی لیژنەی باڵای ئامادەکاری کۆنگرە دەکەم، وە سوپاسی هەموو لیژنەکانی دیکەش دەکــەم، لیژنــەی خزمەتگوزاری، لیژنەی ئاسایش، لیژنەی چاودێری، لیژنەی تەندروســتی خوا پاداشتی هەموو لایەکیان بداتەوە.

دیسان سوپاسی هەموو ئامادە بووانی بەڕێز دەکــەم کــە هێمنانــەو جوامێرانە مامەڵەیان کرد و هاوکار بوون، دیارە هەر ئەوەش لە کادیرانی دیندار و ئیسلامیی چاوەڕێ دەکرێت.

کۆتایی قسەکانیشم بەم چەند ئامۆژگاری یە دێنم بە خێرایی:

یەکەم : ئێمە ئەم کۆنگرەمان لە کۆتایی دایە، بە ڕاستی من یەکەباریێ خۆم بـەم کۆنگرەیـەمان دڵخۆشـم! پێشـم وایـە کـە ئـەم کۆنگرەیـەمان وەرچەرخانێکی زۆر ئیجابی لە مێژووی کۆمەڵی ئیسـلامیی دا دروسـت دەکات، واتە وەرچەرخانێك بۆ بەرەو پێش چوون و گەشەکردنی زیـاتر، وە بۆ زیاتر پێ چەسپاندن لە واقیعی کوردستان و عێراقیشدا!!

جا کە ئێمە لە دوا دوای کار و بەرنامەکانی کۆنگرەکەمان دایـن، لە هەموو لایەکمان داوا دەکەم ئەو بڕیارانەی داومانن، ئەو ڕاسپاردانەی پەسند کراون، هەموو لایەکمان پێیانەوە پابەند بین، ئـەوەش تـەنیا بـە بەندە یان بە برایانی تازە هەڵبژێردراو ناکرێت! بەڵکو بە هەموو لایـەك دەکرێت، بەڵکو دەبێ هـەموو لایـەکمان هەریەکـە لـە ئاسـت خۆیـەوە دەستبار بگرێ، چونکە وەك لە سەرەتای قسەکانم ئاماژەم پێکر ، جاری وا هەیە ئەندامێکی حیزب لە سەرکردایەتیش دا نیـە بـەڵام دەتوانـێ لـە ئەندامی سـەرکردایەتی زیـاتر دەور ببـینێ، کـەلێنی گـەورەتر بگـرێ، مەسەلە ئەوەیە چەندە خۆت ماندوو دەکەی و چەندە دڵسۆزی و چەندە بە شەرعییانەو دڵسۆزانە کارەکانت دەکەی، جا با ئێمە ئەو بڕیارانـەی کـە داومانن، ئەو نەخشانەی کەکێشاومانن، هەمووومان هاوکار و دەستبارگری یەکتر بین، بۆ ئەوەی کە پراکتیزە (تطبیق)یان بکەین.

دووەم : ئامۆژگارییەکی دیکەم پێشێ بۆ خۆم ئنجا بۆ هەموو لایەك ئەوەیـە کە ئەگەر دەمانەوێ ئیسلام لە کوردستاندا لە دڵی خەڵکدا، لە بەرچاوی خەڵك گەورەو شیرین بێ، بەرز و بەڕێز بێ، با لە دڵ و دەروونی خۆمانـدا ئیمان وئیسلام گەورە بکەین، تەقوا زۆر بکەین! بە ئەندازەی ئـەوەی کـە ئیسلام لـە دڵ و دەروونـی ئێمـە دا گـەورە دەبـێ، لـە واقیعـی ژیـانی

میللەتەکەشماندا گەورە دەبێت!! پێغەمبەری خوا ﷺ هاوەڵێك (صحابی)ی بەڕێزی خۆی دەنارد بۆ شوێنێك، ئەو هاوەڵە بەڕێزە بەس بوو بۆ ئەوەی وەرچەرخانێك، گۆڕانکارییەك لە ژیانی ئەو خەڵکەدا بەرەو ئیمان و دینداری بەرەو هەموو خەسڵەت و ڕەوشتێکی بەرز و پەسند پەیدا بکات! چونکە هەرکام لە هاوەڵە بەڕێزەکان قورئانێکی زیندوو بوون !

یان وەك شاعیری گەورەی کورد (مەحوی) دەڵێ :[19] کەسێك کە دەچوو بۆ کۆڕو مەجلیسی پێغەمبەر ﷺ وای دەزانی پێغەمبەرستانە! چونکە هەموویان عەقیدەو ئیمانی پێغەمبەر ﷺ و عیبادەتی پێغەمبەر ﷺ و ئەو ئاکار و ڕەوشتە بەرز و پەسندانەی پێغەمبەریان ﷺ لە خۆیاندا بەرجەستە کردبوو!

هەر بۆیە هەرکامێك لە قوتابی و شاگردەکانی پێغەمبەر ﷺ لە قەدەرخۆی وەك پێغەمبەر ﷺ دەیتوانی ئیمان و ئیسلام و تەقواو ڕەوشتو دادگەریی و هەموو شتێکی باش فێری ئەو خەڵکە بکات کە لە نێویاندا دەژیا و نیشتەجێ دەبوو، بە شێوەیەك شوێنێکی وەك شام (معاذ بن جبل)ی بەس بوو، میسر یەکێکی دیکە یەمەن یەکێکی دیکە، وە هەروەها عێراق و هەر شوێنێکی دیکەش.

کەواتە با ئێمەش– خوا بۆمان بکات– دڵ و دەروونی خۆمان بە ئیمان و ئیسلام و تەقوا ئاوەدان بکەینەوە، خۆمان زیاتر نوورانی بکەین بۆ ئەوەی نووری ئیمان پەخش بکەین (انشاء الله) لە وڵات و مەملەکەتی خۆماندا.

---

(19) شیعرەکەی ئەوەیە :

بە نوری عەکسی پێغەمبەر ئەوەندە مونعەکیس بوو بوون

غەریبی تازە هاتوو دەیگووت : ئەم پێغەمبەرستانە !

ئنجا پێویستە ئەوەش بڵێین: بەڕاستی هەرکەسێك مەوقیعی حەساستر بێت- دیارە مەبەستم برایانی سەرکردایەتی تازەیە- دەبێ لە ڕووی ئیمانی و ڕووحی و تەقواوە لە ئاستێکی بەرزتردابێت!! هەروەك چۆن لە ڕووی ڕۆشنبیریو فیکرییەوە دەبێ ئاستێکی بەرزتری هەبێت، هەروەها دەبێ لە ڕووی ئیداریی و سیاسییەوە هۆشیاریی زیاتری هەبێت، وە دەبێ لە ڕووی ئاکار و ڕەوشتی بەرز و پەسندەوە لە خەڵکی دیکە زیاتر ڕازاوەو درەوشاوە بێت! چونکە بە ناوی گەورە گەورە نابین، بەڵکو بە نێوەڕۆکی گەورە، گەورە دەبین، خوای پەروەردگار بە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ:

﴿وَإِنَّكَ لَعَلى خُلُقٍ عَظِيمٍ﴾ (القلم -4)

دیارە ئەو ئاکار و ڕەوشتە بەرزەی پێغەمبەر ﷺ بەرهەمی ئیمانێکی بەرزو گەورەو تەقواو عیبادەتێکی بەرز و گەورە بووە، کەواتە ئێمەش با بە پشتیوانی خوا هەوڵدەین ئیمانێکی گەورە، تەقوایەکی گەورە مان هەبێ تا ڕەوشت و ئاکارێکی بەرز و پەسندیشمان هەبێت.

<u>سێیەم</u> : سەبارەت بە نێو خەڵك و جەماوەریش ئاکامان لە ڕاگەیاندن بێت، من لێرەوە دەبێ پڕ بە دڵ سوپاسی هەموو کەناڵەکانی ڕاگەیاندنمان بکەم، ڕۆژنامەی کۆمەڵ، تەلەفزیۆنەکان، ڕادیۆکان، تیپە هونەرییەکان بە هەموو جۆر و شێوەکانیەوە چونکە ئێستا زمانی گۆیای ئێمە، دەنگ و ڕەنگی ئێمە لە ڕاستی دا ئەو ڕاگەیاندنەیە، بۆیە دەبێ ئێمە گرنگی و بایەخی زیاتری پێبدەین، چ نێوەڕۆکی ڕاگەیاندن، چ شێوازەکانی، چ ئامرازەکانی، چ کەسەکانی، پێویستە خولی تایبەت بەو بوارە بکەینەوە، هەوڵبدەین ئیمکانیەتی زیاتر و ئامێری چاکتر و پێشکەوتووتر پەیدا بکەین، وە دەبێ نێوەڕۆك (محتوی)ی ڕاگەیاندنمان پەیامدار (رسالی)انەتر بێت و تەنیا بریتی نەبێت لە کات پڕکردنەوە و سۆز (عاطفة) بزواندن! دەبێ ئێمە شانۆگەریی و سروودەکانیشمان هەموو شتێکمان هەر ئامانجدار (هادف) بێت، وا بێت کە خەڵك لە خوا نزیك بخاتەوە، خەڵك لە

هەموو شتێكی باش نزیك بخاتەو، خەڵك لە چوارچێوەی شەریعەتی خوای پەروەردگار گەورە بكات و گەشەی پێ بدات و بەختەوەر بكات.

چوارەم : لە ڕووی كۆمەڵایەتیشەوە، پێویستە گرنگی زیاتر بدەین بە چوونە نێو هەموو چینەكانی خەڵك و جەماوەر، خەڵكی، شار، لادێ، عەشایر، خوێندەوار، هەروەها زانایانی ئیسلام ئەهلی طەریقەت وە بە تایبەت چینی گەنج و تازە پێگەیشتوو بە هەردووك ڕەگەزەوە.

پێویستە ئیش لەسەر هەموو چین و توێژەكان بكرێت و لەگەڵیان تێكەڵ بین، چونكە ئێمە دڵسۆزی هەموو لایەكین و خۆشمان دەوێن و بە خۆشییەكانیان دڵخۆشین، بە ناخۆشی یەكانیان دڵگرانین، بەختەوەریمان بۆیان دەوێ ئەگەر ئاوا بمان ناسن بێگومان ئەو خەڵكە دەبنە دۆست و لایەنگر و دەستبارگری ئێمە! هەڵبەتە ئێمە خۆمان پێ چاك نیە، بەڵام دەڵێین بەرنامەكەمان چاكە.

زۆر كەس كە بە ئێمە نامۆ و نائاشنایە لەوانەیە لەبەر ئەوە بێ كە بە هەڵە ئێمەی بۆ وێنا كرابێت، بۆیەش لێمان نزیك ناكەوێتەوە، بۆیە با زیاتر بچینە نێو خەڵك بەو شێوەیە كە شایستەی ئیسلام و مسوڵمانەتی یە وەك چۆن پێغەمبەر ﷺ بە ڕەوشتی بەرز و ئاكار و ڕەفتاری پەسند و شیرین خەڵكی كافری مسوڵمان دەكرد، ئێمەش با ڕێ و شوێن و ڕەفتاری ئەو بگرینە بەر بۆ تێكەڵ بوونمان لەگەڵ كۆمەڵگا و دەوروبەرمان، چونكە مەخابن جاری وایە مسوڵمانی ناحاڵی خەریكە مسوڵمانیش لە دین وەردەگێرێ نەك كافر مسوڵمان بكات! ئەوەش بە هۆی هەندێك ڕەوشتی ناشیرین و نەگونجاوو هەندێك قسەی ڕەق وطەبیعەتی نابەجێ !

پێغەمبەری خوا ﷺ كابرا هاتوە بیكوژێ و (اغتیال) ی بكات، یەكێكی وەك عومەیری كوڕی وەهەب پێغەمبەر ﷺ بانگی كرد فەرمووی عومەیر بۆچی هاتووی؟ گوتی: هەروا بۆ سەردانی هەندێك خزمان هاتوم، بەڵام خوا بە پێغەمبەری ﷺ ڕاگەیاندوە كە عومەیر هاتوە بیكوژێ! ئنجا

پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ئەدی ئەو شمشێرە چیە؟ ئەویش گوتی: جا ئەگەر ئەو شمشێرە خێری پێوە بوایە لە جەنگی بەدر سوودی پێمان دەگەیاند!! ئەویش دەفەرمویێ: عومەیر وەرە پێش و نزیك ببەوە، ئەویش نزیك دەکەوێتەوە ئنجا پێی دەڵـێ: عومەیر ئەدی لە سێبەری کەعبە (صفوان بن أمیة) بانگــــی نەکردی و گوتی: ئەگەر کەسێك بچێ (محمد)م ﷺ بۆ بکوژێ لە تۆڵەی کوژراوەکانی جەنگی بەدردا، تۆش گوتت: لەبەر ماڵ و خێزانم و قەرزی زۆرم لەسەرە دەنا دەچووم، ئەویش گوتی قەرزەکانت بۆ دەدەمەوە ماڵ و خێزانت بەخێو دەکەم بچۆ بیکوژە، ئایا لە سێبەری کەعبــــەدا ئەو قەول و بڕیارەتـــان پێکــــەوە نەدا؟! عومەیریش یەکسەر مسوڵمان دەبێ و شایەتمان دێنێ، دەڵێ: سوێند بە خوا تۆ ڕەوانە کراوی خوای و خوا تۆی ئاگادار کردۆتەوە، پێغەمبەریش ﷺ دەستی بەسینەدا دێنێ و دەڵێ خوایە دڵی پاك بکەوە، پاشان عومەیر دەڵێ: سوێند بەو کەسەی نەفسی‌منی بەدەستە پێش ئەوەی (محمد) ﷺ وەك دۆستێکی گیانی بە گیانی ئەو قسانەم هێندە بە ئارامی و بە نەرمی لەگەڵدا بکات هیچ کەس نەبوو لەسەر زەوی بەقەدەر (محمد) ﷺ ڕقم لێی هەڵستێ، لە کەلێنیش دابووم تا دەرفەتم بۆ بڕەخسێ و بیکوژم بە شمشێرەکەم! بەڵام دوایی بەو شێوەیە بینیم و دواندمی، کەس نەبوو لەسەر زەوی بە ئەندازەی (محمد) ﷺ خۆشم بوێت[20]!!

دەبا ئێمەش ئاوا بە ئەخلاقی پێغەمبەرانەوە بەو ڕەوشت و ڕەفتارە بەرز و پەسندەوە کە ئیسلام فێرمان دەکات لەگەڵ هەموو چین و توێژەکانی خەڵك و کۆمەڵگادا تێکەڵ و ئاوێتە بین، نەك لەبەر ئەوەی کـە خـەڵك بـە چـاکمان بزانێ! بەڵکو لەبەر ئەوەی کە ئەگەر وانەبین خوا لێمـان ڕازی نابـێ چـونکە

---

(20) وەك لە (سیرة ابن هاشم)دا هاتووە .

دیمەنێکی ناشرین لە ئیسلام دەخەینە بەرچاوی خەڵك، ئاخر خەڵك چاومان لێدەکات بۆ ئەوەی ئیسلامان تێدا ببینێ بۆیە هەر هەڵسوکەوت و ڕەوشتێکمان تێدا ببینێ، هەر وتار و قسەیەکمان لێ ببیستێ کە پێچەوانەی ئیسلام بێ، خەڵك لە ئیسلام، لە شەریعەت و بەرنامەی خوا دەکەوێتە گومان و ئێمەش بەو هۆیەوە تاوانباری لای خوا دەبین.

لە کۆتاییش دا دەڵێم :

خوشکان، برایان! بەڕاستی من زۆرگەشبینم و زۆریش دڵخۆشم! چونکە ئێوە کە ئێستا لێرەن تەنیا بەشێك و ژمارەیەکن لە ئەندامان و مشوورخۆرانی کۆمەڵی ئیسلامیی و هاوڕێنەی دیکەشتان زۆرن، بەڵام ئەگەر هەر ئێوەش بن، هەر ئەو براو خوشکانەش بن کە ئامادەی کۆنگرەن مادام بەراستی لێ بنەوین، بەڕاستی ئێمە بەسین بۆ ئەوەی میللەتی مسوڵمانی خۆمان (انشاء الله) بەو شێوەیە لێبکەین کە خوا لێی ڕازی بێ و بەختەوەری دونیا و سەرفرازی دوارۆژ بێ.

من هەموو لایەکیش دڵنیا دەکەمەوە کە (انشاء الله) ئێمە سەرەنجامی چاکی دونیاشمان هەیە و سەرەنجامی چاکی قیامەتیشمان مسۆگەرە، براو خوشکەکەنم! ، ئینسان کە زۆر جار بیر دەکاتەوە ئەو خوا بەرز و مەزنە (جل شأنه) کە ڕێگای پێداوین بیپەرستین و لێی بپاڕێینەوە و بەندایەتی بۆ بکەین، هەر ئەوە بۆخۆی گەورەترین نیعمەتە و گەورەترین بەخشش و شانازی یە کە خوا ڕێ بە ئێمە بدات بیپەرستین! پاشاو دەسەڵاتدارەکان دەبێ خەڵك بە چەندین واسیطە و دوای هەوڵ و ماندوو بوونێکی زۆر ئنجا دەتوانێ بچێتە

خزمەتیان کە ڕەنگە بە دەستی بەتاڵ و خاڵیش بگەڕێتەوە و هیچیشیان لێیان دەست نەکەوێ!

خوای گەورەو بەدیهێنەر لە شەو و ڕۆژێکدا پێنج جار هەر لەسەری فەرز کردووین کە بڕۆینە خزمەتی! جگە لەوەی بەشێوەی سوننەت (تطوع) چەندە دەتوانین بۆمان هەیە لە خزمەتی دابین، خوا چەند بەخشندەیە!

جا با ئێمە خۆمان بە بەختەوەر و خۆشحاڵ بزانین کە لەسەر ڕێی پێغەمبەرین ، کە ئیماندار و خواپەرستین ، کە (انشاء الله) سەرەنجامی قیامەتمان مسۆگەرە، وە خوا یاریێ لە خزمەتی پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) ڕاستان و شەهیدان و صاڵحاندا بە دیداری خوای پەروەردگار شاد دەبین، دیارە ئەم دنیایەش خوا (جل شأنه) بە جێی تاقیکردنەوەی داناوە، ئنجا تەنیا بەوەش لە تاقیکردنەوەی خوا دەردەچین کە لەسەر ڕێبازی پێغەمبەری خوا ﷺ بین، سوێند بە خوا هەرکەسێك لە ژیانی دنیادا لەسەر ڕێبازی خوا و پێغەمبەر ﷺ بڕوا مسۆگەر لە قیامەتیش لە خزمەتی پێغەمبەر ﷺ دادەبێ و لە حەوزی ئەویش ئاو دەخواتەوە ولە ژێر ئاڵای ئەویش دا حەشر دەکرێ، وە لەگەڵ ئەویشدا دەچێتە بەهەشتە ڕازاوەو نەبڕاوەکانی خوای پەروەردگار وە بە پێچەوانەش بە پێچەوانەوەیە.

خوای بە بەزەیی سەرەنجامی هەموو لایەکمان خێر بکات، خوایە بە لوتف و بەزەیی و بەخشندەیی خۆت هیدایەتی زیاتر و چاکترمان بدەی، لە دین و شەریعەتی خۆت دا شارەزاترمان بکەی، لە دینداری ماندا واقیع بینتر و بەچاو ڕوونترمان بکەی، خوایە برایەتی و خۆشەویستی و یەکڕیزی و تەبایی مان لە نێو زیاتر بکەی، خوایە بە کەرەم و لوتفی خۆت لەگەڵ ئەو میللەتە مسوڵمانەی خۆمان خۆشەویستی و تەبایی مان زیاتر بکەی، خوایە ئێمە بۆ خۆمان لای تۆ چۆنین ئاوا حەقیقەتمان بەو خەڵك و میللەتەی خۆمان

بناسێنی، خوایه یارمەتیمان بدەی کە هەر شتێك قازانجی دونیا و قیامـەتی ئەو خەڵك و میللەتەی تێدایە بەو شێوەیە بڵێین و بەو شێوەیە بکەین، خوایە وامان لێ بکەی کە لە ئاستی بەرزی دینـی تـۆدا بـین، لـە ئاسـتی بـەرزی پێغەمبەری کۆتایی تۆدا بین. آمین

وصلى الله على محمد وعلى آله وصحبه أجمعين

والحمد لله رب العالمين

سبحانك اللهم وبحمدك اشهد الا اله الا انت استغفرك وأتوب اليك

نێـوەڕۆك

لاپەڕە	بابـــەت